ESC
ERBIL STEEL COMPANY
ئێمە دواڕۆژتان بنیات دەنێین
info@erbilsteel.com
www.erbilsteel.com

bareaz
COMPANY

## تاتلیسەس تائێستا 1 دۆلاری نەداوە



**رووداو- هەولێر**

د.روشدی سەعید، خاوەنی کۆمپانیاکانی عادل موتەحیدە رەتیکردەوە کە ئەو کەسێکی بێ بەڵێن بێ و دەڵێت "خەڵک دەڵێت هیچ لە بەڵێنەکانم جێبەجێ ناکەم، بەڵام من کە وتم ماست رەشە، یانی رەشەو قسەکەم جێبەجێدەکەم". کۆمپانیای عادل موتەحیدە، بەرنامەیەکی خێرخوازی لە کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس پێشکەشدەکرد بەناوی (تاتلیسەس بۆ تۆیە)، بەڵام د.روشدی رەتیکردەوە کە ئیبراهیم تاتلیسەس بەشداری ئەو بەرنامە خێرخوازییەی کردبێ و گوتی "من کە ئیبراهیم تاتلیسەسم هێنایە کوردستان، خەڵک وایزانی ئیبراهیم کاری خێرخوازی دەکات لە کوردستان، حەزدەکەم ئەوە زۆر راشکاوانە بڵێم کە تائێستا ئیبراهیم تاتلیسەس 1 دۆلاریشی خەرجنەکردووە،ئەوەش بە بەڵگەوە باسدەکەم، من خۆم قبووڵ ناکەم کابرایەکی غەریب بێت هاوکاری خەڵکی من بکات لەو کوردستانە، بۆ ئێمە پیاو نین؟".

2

ژمارە (138)
یەکشەممە 2010/11/14
23ی گەلاڕێزان 2710
(750) دینار
چاپی کوردستان
Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
www.rudaw.net

بەتۆمەتی بڵاوکرانەوەی "وێنەی پێغەمبەر و سووکایەتیکردن بەئیسلام" لەرۆژنامەکەیدا

# داواکاری گشتی داوای دادگاییکردنی مەلا بەختیار دەکات

**رووداو- هەولێر**

بە تۆمەتی "سوکایەتیکردن بە ئیسلام" لە بابەتێکدا و " بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی پێغەمبەر"، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و دەستەی داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان داوای دادگاییکردنی مەلا بەختیار، سەرنووسەری رۆژنامەی (چاودێر) و سەروەر پێنجوێنی نووسەری بابەتەکە دەکەن.

لە ژمارە (25)ی رۆژی2010/10/4ی پاشکۆی (روانگەو رەخنە)ی رۆژنامەی (چاودێر)دا، وتارێک بەناونیشانی (چیرۆکی ئیسرا و میعراجی ئیسلامی لەنێوان قورئان و گێڕانەوە ئیسلامییەکان و ئەفسانەی کۆندا) کە لەلایەن سەروەر پێنجوێنی نووسراوە، بڵاوکراوەتەوە. ئەو وتارە رووداوی ئیسرا و میعراج بە"خەیاڵی" ناودەبات. لەسەر ئەوە یەکێتی زانایان بە نووسراوی ژمارە 257 لە 2010/10/12 داوای لە داواکاری گشتی کردووە رێکاری یاسایی دژی ئەو رۆژنامەیە بگرێتەبەر. لەبەر ئەوەی وەک لە نووسراوەکەی یەکێتی زانایانی ئایینی و لە نووسراوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتی ئاماژەی پێدراوەتەوە "وێنەیەکی پێغەمبەر (د.خ) بەشێوەی کاریکاتێر لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکە کێشراوە، کە ئەوەش پێچەوانەی برگەی 2 و 3ی مادەی 9ی یاسای رۆژنامەگەرییە".

جەعفەر گوانی، بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی لەوبارەوە گوتی "ئەو وتارەی چاودێر دایبەزاندووە، جگە لەوەی زۆر شتی ناڕاستی تێدایە، هاتووە وەک رۆژنامەیەک کە لە جەرگەی کوردستان دەردەچێت کاریکاتێری پێغەمبەر بڵاودەکاتەوە، لەکاتێکدا دەزانێ ئەو کاریکاتێرانەی پێغەمبەر (د.خ) پێشتر لە رۆژنامە دانیمارکییەکە بڵاوکرانەوە چەند کاریگەری خراپیان لێکەوتەوە، ئەو کاریکارتێرەی چاودێر جگە لە ئیهانەکردنی ئیسلام و پیرۆزییەکان و رانەگرتنی شعووری خەڵکی موسڵمان هیچیتر نییە".

سەروەر پێنجوێنی، نووسەر لە بواری ئیسلامناسی، قسەکانی یەکێتی زانایان و داواکاری گشتی رەتدەکاتەوە کە سووکایەتی بە ئیسلام کردبێ و، لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "سووکایەتیم بە ئیسلام و بە پێغەمبەر نەکردووە، من تەنها توێژینەوەی زانستیی رەخنەیی دەکەم". پێنجوێنی کە بەکالۆریۆسی لە خوێندنی ئیسلامی هەیە و خاوەنی 15 کتێبە، دەڵێت "ئیسرا و میعراج چیرۆکێکی خەیاڵییە و چەندین زانای ئیسلامیش باسیان لێوەکردووە، گوایە پێغەمبەر تەنها بە رۆح چووەتە ئاسمان". پێنجوێنی پێیوایە ئەو وێنەیەی لەگەڵ نووسینەکەی دانراوە بووەتە هۆی دروستکردنی ئەو هەستیارییە بەرامبەر وتارەکەی. گوتیشی "ئەو وێنەیە تەمەنی 500 ساڵێک دەبێت و وێنەکێشێکی موسڵمان کێشاویەتی و پێشتریش بڵاوکراوەتەوە".

هەر لەوبارەوە، بەهمەن تاهیر، سەرپەرشتیاری (روانگەو رەخنە)ی رۆژنامەی (چاودێر) دەڵێت "ئەو وێنەیە کاریکاتێر نییە، چونکە کاریکاتێر دیارەو بنەماکانیشی روونن، ئەو وێنەیە تەمەنی 500 ساڵە و لە زەخرەفەی ئیسلامیدا هەیەو پێشتر بڵاوکراوەتەوە".

لەبارەی نێوەرۆکی وتارەکەش گوتی "ئێمە تەشهیرمان بە هیچ کەس و ئاینێک نەکردووە، بەڵکو ئەوە یەکێتی زانایانە لەرێگەی مامۆستا جەعفەر گوانییەوە تەشهیر بە ئێمە دەکات کاتێک بە نووسەرەکە دەڵێت عەفوت فەرموو". لەبارەی سکاڵاکەشەوە گوتی "باکمان نییە و ئامادەی دادگاش دەبین".

سەرپەرشتیاری (روانگەو رەخنە) گومان لە سکاڵاکە دەکات و بە"سیاسی" ناو دەبات. دەشڵێت "ئەمە جوڵاندنێکی سیاسییە و خەڵکی دەرەوەی یەکێتی زانایانی لە پشتە".

عەبدوڵڵا سەلام، وتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت هۆی تۆمارکردنی ئەو سکاڵایە لەسەر رۆژنامەکە گوتی لەبەرئەوەیە کە ئەو وتارەو وێنەیە" بۆمان دەرکەوت هەستی موسڵمانان بریندار دەکا و سووکایەتییە بە باوەڕی موسڵمانان و مادەی 9ی یاسای رۆژنامەگەری بەسەردا دەچەسپێ، وەک داواکاری گشتیی سکاڵامان لەسەر تۆماکردووەو رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی کراوە، چونکە رۆژنامەکە لەوێ دەردەچێ".

کێشانی وێنەی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ئیسلام کە لای بەشێکی سوننە و هەندێ وڵاتی موسڵمان بە حەرام دادەنرێ، لە هەندێ مەزهەبی دیکە دا، بۆ نموونە لای شیعەکان حەرام نییە و بڵاوکردنەوەیان بە سووکایەتیکردن بە ئیسلام دانانرێ، هەر بۆیەش جگە لەوێنەی ئیمام عەلی، وێنەی پێغەمبەریش دەفرۆشرێ.

یەکێتی زانایانی ئاینی هەر لەکاردانەوەی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی پێیوایە سووکایەتی بەئیسلام دەکەن، سکاڵایەکی دیکەشی لەسەر رۆژنامەی (هاوڵاتی) تۆمارکردو، بە بەیاننامەیەکیش بەتووندی رەخنەی لە بەدران ئەحمەد حەبیب بەرپرسی دەزگای ئاراس گرت لەسەر بڵاوکردنەوەی وتارێک دوای هێرشکردنە سەر کڵێسای سەیدە نەجات لە بەغدا بەناونیشانی (ئیسلام ریسوامان دەکات).

کەمال رەئوف سەرنووسەری (هاوڵاتی) بەتووندی رەخنەی لە یەکێتی زانایان گرت و گوتی "ئەوان نە نوێنەری خوان و نە پێغەمبەر تاوەکو بەناوی ئەوانەوە داوای قەرەبوو بکەن، کە لە داواکەیاندا داوای 500 ملیۆن دینار قەرەبوو دەکەن".

هەروەها د.عەرەفات کەرەم مستەفا، ئەمینداری گشتی کۆربەندی هزری ئیسلامی رەخنە لە هەڵوێستەکانی یەکێتی زانایان دەگرێت و پێیوایە دەبێ دووربکەونەوە لە ئیدانەکردن "بەداخەوە ئەمرۆ هەرکەسێک شتێک بنووسێ لەسەر ئیسلام، سبەینێ یەکێتی زانایان مانشێتێکی گەورەی لەسەر دەنووسێ، دەبێ رەخنەبگرن، نەک تەوبیخ و ئیدانەکردن بگرنە بەر".

4

# سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاردەدات لەراگەیاندنەوە هێرش نەکاتە سەر گۆڕان

"ژمارەیەکی زۆر کادیر گەڕاونەتەوەو من خۆم پێشوازیم لە 200 مامۆستا کرد کە لەگەڵ گۆڕان بوون و گەڕانەوە ناو یەکێتی"



بڵێسە جەبار فەرمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی



عەتا سەراوی، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی

**رووداو- سلێمانی**

بڵێسە جەبار فەرمان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی رەتیکردەوە کە لەنێوان سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕاندا هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک هەبێت و گوتی "لەنێو سەرکردایەتی بڕیاردراوە بەهیچ شێوەیەک لەمیدیاو راگەیاندنەوە هێرش نەکرێتە سەر گۆڕان". هاوکات ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە گۆڕان پاشەکشەی زۆری کردووەو گوتی "لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا ئەوە دەردەکەوێت".

عەتا سەراوی، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، لەبارەی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی حیزبەکەی سەبارەت بە بزووتنەوەی گۆڕان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە ئەو ئاگای لەو بڕیارە نییە، هاوکات گوتیشی "ئێمە نەک گۆڕان هەر حیزب و هێزێک هێرشمان نەکاتە سەر هێرشی ناکەینە سەر، لە هەموو کۆبوونەوەکانیشدا پێمانگوتراوە دەستپێشخەری هیچ هێرشێک نەبین".

عەتا سەراوی هەر لەدرێژەی ئەو قسانەدا گوتی "ئێمە وەک دوژمن سەیریان ناکەین، ئەوان کۆمەڵێک برادەرن رۆیشتوون و بزووتنەوەیەکیان دروستکردووە و وەک لیستێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین".

سەراوی لەگەڵ ئاماژەکردن بەو دەنگە زۆرەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە ناوچەی سلێمانی بەدەستی هێنا، دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە گۆڕان "پاشەکشەی زۆری کردووە". گوتیشی "ئەو جەماوەرەی یەکێتی کە زویر ببوون، بەشێکی زۆریان ئاشت بوونەتەوە، بۆیە چاوەڕواندەکەین لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هێزی یەکێتی دەربکەوێت". هەروەها گوتی " ئەوەندەی من ئاگاداربم لەشاری سلێمانی و لە قەڵادزە و رانیە و لە شارەزوور و لە گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر خەڵک و کادیر گەڕاونەتەوە ناو یەکێتی".

ئەو کە رۆژی 2010/11/11 ئەو قسانەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی "خۆم دوێنێ پێشوازیم لە زیاتر لە 200 مامۆستای سنووری گەرمیان و شارەزوور کرد کە لەگەڵ گۆڕان بوون و گوتیان ئێمە یەکێتی بەماڵ و حیزبی خۆمان دەزانین و دەگەڕێینەوە".

بەڵام عوسمان بانیمارانی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو قسانەی رەتکردەوەو لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "نەمانبیستووە نەفەرێک چووبێتەوە لای یەکێتی، لەوەتەی ئەوان قسەدەکەن دەڵێن گۆڕان دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی، خۆ ئەگەر بەو قسانەی ئەوان بێت ئێستا دەبوو گۆڕان تەواو ببووایە، نازانم ئەو کەسانە کێن بوونەتەوە یەکێتی، ئەگەر هەن فەرموو با ناوێک بڵێن".

بانیمارانی هەروەها گوتی "بۆ جەماوەری دەنگدەر نازانم هەندێک کەس بچنە ئەوێ و بڵێن ئێمە پێشتر دەنگمان بەگۆڕان داوە و ئێستا هاتووینەتەوە بۆ ناو یەکێتی، رەنگە خەڵکێکی وا هەبن، بەڵام وەک ناو یان هەڵسوڕاوێکی ئێمە یەک کەس نییە گەڕابێتەوە لای یەکێتی".

9



## 8%ی هاووڵاتیانی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون

**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو ئامارانەی لەسەنتەرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی شەکرە دەست (رووداو) کەوتوون، ئەمساڵ نزیکەی 20 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون. وەزارەتی تەندروستیش دەڵێ 8%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نەخۆشی شەکرەیان هەیە.

بەگوێرەی راپۆرتی وەزارەتی تەندروستیی عێراق، ساڵی 2008 نزیکەی 10.4%ی هاووڵاتیانی عێراق ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 25-65 ساڵدایە، نەخۆشی شەکرەیان هەبووە. لە کوردستانیش مەزندە دەکرێ 8%ی دانیشتووان نەخۆشی شەکرەیان هەبێ.

د.خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، رێژەی تووشبووانی بە نەخۆشی شەکرە وەک ئەوەی کە پسپۆڕانی بواری تەندروستی باسیدەکەن پشتڕاستکردەوەو گوتی "بەپێی ئەو ئامارەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بڵاویکردووەتەوە رێژەی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە لەعێراق بەکوردستانەوە 10%یە، واتە دەتوانین بڵێین ئێستا رێژەکە لە هەرێمی کوردستان لەسەرووی 8%ەوەیە".

لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی سێ بنکەی هەن بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە، کە لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆکن. پسپۆڕانی بواری تەندروستیش ئاماژە بەوە دەدەن رێژەکە رۆژ بە رۆژ لە بەرزبوونەوەدایە.

بنکەی سەنتەری شەکرەی لەیلا قاسم، دوو ساڵە لە هەولێر کراوەتەوە. دکتۆر دلێر ئەنوەر، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئاشکرایکرد کە بەپێی ئاماری ئەوان تەنیا ئەمساڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر 9 هەزار کەس ناویان تۆمارکراوە کە تووشی نەخۆشییەکە بوون. ناوبراو گوتیشی "بەپێی بەدواداچوونەکانم دەتوانم بڵێم 8%ی هاووڵاتیانی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون، رۆژانەش زیاتر لە 15 کەس تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن لە هەولێر". هەروەها بەپێی ریزبەندییەکی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، نەخۆشی شەکرە دوای گوشاری خوێن و شێرپەنجە ، سێیەمین نەخۆشییە لەوانەی دەبێتە هۆی مردنی زۆرترین کەس لە کوردستان.

هەروەها بەپێی زانیاری شەهلە حەسەن، سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە "لانیکەم لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان 250 منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە هەن".

8

سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ (رووداو):

# بەرێکەوت بوومە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی

**رووداو- هەولێر**


سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی رایگەیاند کە ئەولەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو پۆستەی وەرگرتووەو گوتیشی "کە کاک مەسعود رایسپاردم بۆ ئەم کارە، زۆر جەختی لەوەکردەوە کە دەبێت راپۆرتەکانمان سەربەخۆ بن". هەروەها گوتیشی کە ئەو بەئەنجامی کارەکەی لەهەرێمی کوردستان گەشبینە بەمەرجێک سەربەخۆیی دەزگاکە پارێزراو بێت.

هادی محەممەد کەریم رەحمانی کە هاوینی رابردوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەک تاکە کاندید بۆ سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی پەسەندکراو رۆژی 2010/11/1 لەبەردەم پەرلەمان بەزمانی عەرەبی سوێندی یاسایی خوارد، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) گوتی کە بەرێکەوت ئەو پۆستەی وەرگرت پاش ئەوەی بەسەردانێکی ئاسایی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد "پێش نزیکەی 6 مانگ حەزمکرد سەردانێکی کاک مەسعود بکەم و چاوم پێیبکەوێ، بەڵام بۆ من شتێکی لەناکاو بوو کە گوتی دەمەوێ لێرە بمێنیەوەو نەچیەوە کەنەدا. کە کاک مەسعودیش داوای شتێکی ئاوات لێبکات ناتوانی هیچ بڵێی. گوتم بەسەرچاو".

گوتیشی کە سەرۆکی هەرێم زۆر جەختی لەوە کردووەتەوە دەبێت راپۆرتەکانیان سەربەخۆبن و هەرئەوەش هۆی گەشبینییەتی بەسەرکەوتنی کارەکەی "من لەقسەکانیەوە ئەو ئەنجامگیریەم کرد. ئەو کە بڵێت دەمەوێ سەربەخۆ بیت، مانای وایە نایەوێ بکەومە ژێر گوشاری کەس".

هادی محەممەد لەدایکبووی 1941ی بەغدایەو کوڕی خێزانێکی فەیلی ناحیەی زەرباتیەی سەر بەقەزای بەدرەیە لە پارێزگای کوت. کۆلێژی بازرگانی لەزانکۆی بەغدا خوێندووە. لەنێوەڕاستی ساڵانی شەستەکانەوە چووەتە بەریتانیاو لەوێ لەپەیمانگای ژمێریارانی یاسایی خوێندوویەتی کە بەباڵاترین پەیمانگای جیهان دادەنرێ لەبواری وردبینیی دارایی و بەرزترین بڕوانامە لەو پیشەیەدا دەداتە دەرچووانی. لەسەرەتای حەفتاکانیشەوە لەبەریتانیا، ئێران و دواتریش کەنەدا کاری ژمێریاری یاسایی کردووەو نزیکەی 40 ساڵ ئەزموونی کارکردنی لەو بوارەدا هەیە.

هادی محەممەد بەپێچەوانەی کاری دیوانی پێشووی چاودێریی دارایی لەسلێمانی کە زۆرجاران راپۆرتەکانی دەگەیشتنە دەست میدیا. پێیوایە لەم کارەدا ئەگەر برێک لەنهێنی نەبێت سەربەخۆیی نامێنێ و گوتی "کاری ئەم دیوانە ئەوەیە چاودێری حکومەت بکات و راپۆرتەکانی خۆی بداتە پەرلەمان کە دەزگایەکە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات. ئەوە شتێکی راست نییە راپۆرتی خۆت بۆ رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندن بنێری". بەبڕوای ئەو "ئەوە دەچێتە قاڵبی ناوزڕاندن کە پێش ئەوەی راپۆرتەکە بدەیتە پەرلەمان و پەرلەمان پاش لێکۆڵینەوە بەرەورووی دادگای بکاتەوە، زانیارییەکان ئاشکرا بکەی. ئەوە کاری دیوانی چاودێری نییە، کاری دادگایە. تۆ ناتوانی لەیەک کاتدا دادوەر بیت و حوکمەکەش جێبەجێ بکەیت و داواکاری گشتیش بیت".



3

# بەرپرسانی کورد لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی نەوت و دارایی هاوڕا نین

**رووداو- بەغدا**

پەرلەمانتارانی کورد لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی نەوت و دارایی هاوڕانین و، نەجیب عەبدوڵڵا سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووش لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ " دوای ئەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار درایەوە بۆ کورد، مەحاڵە وەزارەتی دەرەوەمان بدەنەوە، بۆیە لە وەزارەتی نەوت و دارایی یەکێکمان دەوێت".

نەجیب عەبدوڵڵا، کە لە هەمانکاتدا ئەندامی شاندی دانوستاندنکارە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە (رووداو)ی راگەیاند " ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و سەرکردەی پارت و لایەنەکان بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پۆست و وەزارەتانەی کە کورد دەیەوێ وەریانبگرێ".

دکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق، پێوایە کورد داوای وەزارەتی دارایی بکات باشترە لە وەزارەتی نەوت "وەزارەتی دارایی فراوانترە و پێویستە داوای ئەو بکات". بەڵام محەممەد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری کوردی، لەبارەی ئەو دوو وەزارەتە سیادییە دەڵێ "نەوت و دارایی گفتوگۆی ناوخۆیی لەسەر دەکرێ و هەڵدەسەنگێندرێ تاوەکو بزانین کامیان باشترە بۆ خزمەتکردنی ئەزموونەکەمان، بەڵام بەبڕوای من پێداگیری لەسەر نەوت بکەین باشترە". هۆی ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر وەزارەتی نەوت بەدەست کوردەوەبێت "یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبارەی نەوت و غازەوە". سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووش دەڵێ " زیاتر پێداگیریمان لەسەر وەزارەتی نەوتە، بەڵام ئەوە لەکۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەدا یەکلایی دەکرێتەوە".

هوشیار زێباری، کە وەک سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە موسڵ ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، لە هەڤپەیڤینێکیدا کە دوو هەفتە پێشتر بڵاوکرایەوە، گوتی " نەک لەبەرئەوەی کە من وەزیری دەرەوەم، بەڵام ئەو وەزارەتە بۆ کورد زۆر گرنگە، هەرچەندە زەحمەتیشە کورد چ وەزارەتێکی ویست بتوانێ وەریبگرێ".

# ڕاپۆرت



## ئەیاد عەللاوی: بەشداری لە حکومەتدا ناکەم

ڕووداو- CNN

ئەیاد عەللاوی، سـەرۆکی لیسـتی عێراقییە، ڕۆژی 2010/11/13 لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی CNN ی ئەمریکی، ڕێککەوتنە سیاسی دابەشکردنی پۆستەکانی بە "مردوو" وەسفکرد و ڕایگەیاند کە خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لیستەکەی بەشداری حکومەت ناکەن"پێمانوایە چەمکی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ئێستا مردووە و کۆتایی هاتووە". عەللاوی گوتیشی سەرقاڵی بیرکردنەوەیە لە دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرلەمانی بەهێز "من بەشداری لەم شانۆگەریەدا ناکەم. ئەمە دیکتاتۆرییەتێکی نوێیە لە عێراقدا ڕوودەدات". جابر ئەلجابری، ئەندامی لیستی عێراقییە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند کە "عێراقییە نیازی نییە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی بکات و ئەمەش بڕیاری سەرکردایەتی عێراقییەیە".

## بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو) دا:

# نابێ چوار ساڵی داهاتوو وەک چوار ساڵی ڕابردوو بێت

نامۆ عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بارزانی ڕایگەیاند نابێ چوار سـاڵی داهاتوو وەک چوار سـاڵی ڕابردوو بـن، وەک ئاماژەیەک بـۆ جێبەجێنەکردنی مادەی 140 و بوونی چەند کێشەیەکی دیکە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەنێوان هەولێر و بەغدادا.

پێکهێنانـی حکومەتـی نوێـی عێـراق لە کۆبوونـەوەی 2010/11/11ی پەرلەمانی عێراق دا ڕوون بـووەوە، دوای ئـەوەی لیسـتەکان بە دەستپێشخەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی دەوڵەتی عێراق.

داواکانـی لایەنی کوردی، کە لـە 19 خاڵدا کۆکراونەتەوە بۆ شێوەی حکومەت و چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەماوەی دووساڵدا یەکێکە لە گرنگترین ئەو خاڵانە لەلای خەڵکی کوردسـتان . بارزانی گوتی مالیکی بە داواکانی لایەنی کوردی ڕازیبووە.

سـاڵی 2005یش نوری مالیکی لە کارنامەی حکومەتـدا لەسـەر داوای لایەنـی کـوردی جێبەجێکردنی مادەی 140ی لەبەردەم پەرلەماندا وەک بەشێکی کارەکانی بۆ چوار ساڵ خستەڕوو، بەڵام مادەکـە جێبەجێنەبوو. مالیکی لەوبارەوە لەسـەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردسـتان، کە لە سلێمانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا کۆبووەوە گوتی ، ئەوان وەک حکومەت ئەرکی خۆیان بەجێگەیاند، بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار دەبێ سنووری ئیداری پارێزگاکان ڕاستبکاتەوە، کە کاتی خۆی لەلایەن مەجلیسـی قیـادەی سـەورەی حیزبی بەعس گۆڕدراون. بەڵام سـەرۆکایەتی کۆمار بەتایبەتی لەبەر دژایەتی تارق هاشـمی جێگری سـەرۆک کۆمـاری ئـەوکات و یەکێک لەسـەرکردەکانی ئێسـتای عێراقییە نەیتوانی ئەوە بکات. هاشمی ئەوجارەش پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتەوە جێگری سـەرۆک کۆمار. ئەوەش پرسیار دەخاتەوە سەر ئەوەی ئایا ئەمجارەش وەک چوار ساڵی ڕابردوو نابێت.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێداگیرییەوە، لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا،



بارزانی گوتی گوشارەکان هەندێ جار بێزاریان دەکردین

(فۆتۆ : ڕووداو)

دەڵێت "چوار ساڵی داهاتوو نابێ وەک چوار ساڵی ڕابردوو بێت". بارزانی، کە دەستپێشخەرییەکەی بووە هۆی ئەوەی بەبەستبونی پرۆسەی سیاسی عێراق کۆتایی بێت، ئێوارەی ڕۆژی 2010/11/12 لەپرێس کۆنفرانسێکدا لەکاتی گەڕانەوەی لە بەغدا گوتی کورد ئێسـتا نەک هەر لە بەغدا بەڵکو لە دونیا و ناوچەکەشـدا خاوەن سـەنگی تایبەتی خۆیەتی.

بارزانی لە هەڤپەیڤینێکـدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز)ی ئەمریکیدا، بەهەمان شێوە دەڵێت "گومانی تێدا نییە کە چوار ساڵی ڕابردوو ئەزموونێکی دەوڵەمەند بوو بۆ هەریەکە لە سەرۆک وەزیـران مالیکی، حیزبی دەعوە، لایەنی کوردی و هەموو لایەنێکی دیکەی بەشـداری پرۆسەکە". هەروەها گوتیشی "دەبێ ئێمە زەمینەی هاوبەش و خاڵی هاوبەش لەنێوان خۆماندا بدۆزینەوە تاوەکو پێکەوە لەسەریان کاربکەین".

بەڵام پەیامنێرەکەی تایمز خێـرا لە بارزانی دەپرسێت :چی وات لێدەکات متمانەت بە خۆت هەبێـت کە مالیکی وانەی لـە ئەزمونی ڕابردوو وەرگرتووە؟

بارزانـی وەڵام دەداتـەوە: "ژمارەیـەک هـۆکار: گفتوگۆکانمان لەگەڵیـدا، وەرەقە 19 خاڵییەکەمان، پرۆگـرام و ئەجێندای حکومەت، یاسـاکانی پەرلەمـان، کارکردنـی پەرلەمان، بنەماکانی شەراکەت، باڵانسی حوکمڕانی. هەموو ئەمانە دڵنیامان دەکەن کە پرۆسەکە بە دروستی دەڕوات".

تاوەکـو ڕۆژی چوارشـەممە و ڕاگەیاندنـی ڕێککەوتنەکە، بەتـەواوی ڕوون نەبوو کە لایەنی کوردی پاڵپشـتی لە کام کاندید دەکات تاوەکو حکومەت پێکبێنێ عەللاوی یان مالیکی . بەڵام هەفتەیەک پێشـتر نوێنەرانی لیستی عێراقییە بەسـەرکردایەتی ئەیـاد عەلـلاوی سـەردانی کوردسـتانیان کرد، بـەڵام وادیاربوو کە بە 19 خاڵەکەی لایەنی کوردی ڕازینەبوون.

ڕوون نییـە کە ئایا مالیکـی تاچەند توانای جێبەجێکردنـی داواکانی کـوردی هەیە لەگەڵ هەبوونی گرووپێکی بەهێز و دژی وەک عێراقییە لـە پەرلەمان و تەنانەت لـە حکومەتیش وەک چاوەڕواندەکـرێ. تەنانـەت ڕوونیـش نییە کە ئایا لەم مانگـەدا مالیکی دەتوانێ سـوننە و کورد ڕازیبکات لە سـەر دابەشـکردنی وەزارەتە سیادییەکان و پۆستە گرنگەکانی دیکەی دەوڵەت. گرووپی سـەدریش یەکێک دەبێت لە گرفتەکان، کـە ئەمریکییەکان هۆشـداری توونديان داوەتە لایەنی عێراقی کە نابێ پۆسـتەکانی ئاسایش و هەواڵگرییان بکەوێتە دەست ئەوان.

بەڵام ئەوەی ڕوون بێـت ئەوەیە کە ململانێ سیاسییەکانی لایەنە جیاوازەکانی عێراق دوای ئەم مانگە لە پێکهێنانی حکومەت، ئەرکەکەی کۆتایی ساڵی داهاتوو قورستر دەبێ، لەکاتێکدا هێزەکانی ئەمریکا بڕیارە بەتەواوی عێراق بەجێبێڵن.

بارزانـی گوتی لـە عێراقدا هێشـتا "خەڵک هەیە حاقدن. دووژمنی کوردن... وەک هاووڵاتی پلە دوو سـەیری کورد دەکەن و دەیانەوێ کورد هەمیشە بۆیاخچی بێت".

بەڵام وەرگرتنەوەی پۆسـتی سەرۆک کۆمار لەلایەن کوردەوە، بەڕای بارزانی، سەرکەوتن بوو بۆ کورد بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا کەوا بیریان دەکردەوە و کوردیان بە موستەحەق دانەدەنا بۆ ئەو پۆستە، جگە لەو گوشارە زۆرە دەرەکیانەش کە بۆ دەسـتبەرداربوون لەو پۆسـتە لەسەریان هەبـوون و وەک بارزانـی گوتـی هەندێکجار دەگەیشتە ڕادەی "بێزارکردن".

## هادی محەممەد ڕەحمانی، سەرۆکی نوێی دیوانی چاودێریی دارایی:

# شتێکی هەڵەیە دیوانی چاودێریی دارایی ڕاپۆرتەکانی بداتە ڕاگەیاندن




ڕووداو- هەولێر

پاش پتر لە 40 ساڵ ئەزموون و کارکردن لەبواری ژمێریاری و وردبینـی لە بەریتانیا، ئێران و کەنەدا، هادی محەممەد ڕەحمانـی خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ دەستبەکاربوون وەک سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان پاش هەڵوەشاندنەوەی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی پێشوو لە هەولێر و سـلێمانی و، پەسەندکرانی یاسای دیوانەکە لەلایەن پەرلەمانەوە.

ڕەحمانی کـە هاوینی ڕابردوو لەلایەن پەرلەمانی کوردسـتانەوە وەک تاکـە کاندید بۆ ئەم پۆسـتە پەسەندکرا، ڕۆژی 2010/11/1 لەبەردەم پەرلەمان بەزمانی عەرەبی سـوێندی یاسـایی خوارد. هادی محەممەد لەوباوەڕەدا نییە زمان ببێتە کۆسـپ لە ڕێگەی کارەکەیدا " من عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی زۆر بەباشی دەزانم. لەکوردیش شێوەزارەکەمان فەیلی دەزانم، دڵنیام بە ماوەیەکی کەم دەتوانم ڕاپۆرتەکانی خۆم بەکوردی بە شـێوەزاری سـۆرانی بنووسـم. ئینجـا زاراوەکانی وردبینی دارایـیـش هەموویان بە ئینگلیزین".

هادی محەممەد خۆی لەبەردەم ئەرکێکی سەختدا دەبینێتـەوە کە پێشـتر ئەزموونی نەکـردووە لە کوردستاندا، هەرچەندە خۆی دەڵێت "ئەگەر بتوانی لە ئێران کاربکەی واتە دەتوانی لەهەموو وڵاتێکی ئەم دونیایە کاربکەی"، ئەویش بەهۆی سیستەمی ئیداری و زۆری گەندەڵی لەوێ. بەڵام ڕەحمانی لە هەرێمێکی سـەر بە وڵاتێک دەسـت دەداتە کاری وردبینی و چاودێریی دارایی کە لەریزبەندی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا تەنیا لە ئەفغانستان، سۆماڵ و میانمار باشترە لەڕووی ڕادەی گەندەڵی تێیدا.

### لەسەربازیدا گیرا

هادی محەممەد ڕەحمانی، لەدایکبووی سـاڵی 1941ی بەغدایەو کوڕی خێزانێکی فەیلیی ناحیەی زەرباتیەی سـەر بەقەزای بەدرەیـە لە پارێزگای کوت کە هاوسـنوورە لەگەڵ ئێـران، و زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە تاوەکو پێش ڕاگواستنی زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە کوردانی فەیلی پێکدەهات. ڕەحمانی بەپێکەنینێکـی مانادارەوە دەڵێت "ئێستا ناوچەکەی ئێمە پێیدەگوترێ ناوچەی جێی ناکۆکی".

ئەو لەبەغدا خوێندوویەتی و هەر لەوێش کۆلێژی بازرگانی لەساڵی 1962 تەواو کردووە. خێزانی هادی محەممەد وەک بەشێکی زۆر لە خێزانە فەیلییەکان توند بەکوردایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردەوە گرێدراون. د. جەعفەر محەممەد کەریمی برای یەکێکە لەدامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی 1946 و یەکەمین سکرتێری ئەو حیزبەش بوو کە سـاڵی 1948 ڕەگەزنامەی عێراقی لێسەندرایەوە، بەناچاری لە ئێـران دەژیا " لەوێش گرتیان و زۆر ئەشـکەنجەیاندا"، تاوەکو ساڵی 2000 کە کۆچی دوایی کـرد، هەر لەتاران مایەوە. هەروەها حەبیب محەممەد کەریم (ئەبو ئاراس) کە ئەویش ساڵانێکی زۆر لەکاتی شۆڕشی ئەیلول دا سکرتێری پارتی بوو. کە ئێستا ماوەو لە کوردستان دەژیت.

هـادی محەممـەد دوای ڕووخاندنـی ڕژێمـی پاشـایەتی و ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماریی لە 14ی تەممووزی 1958، کاتێک لە قۆناخی یەکەمی زانکۆ بووە لە ڕۆژنامەی (خەبات) کاری کردووە، چونکە وەک خۆی دەڵێ ئەوکات خۆشنووسێکی زۆر باش بوو. هەروەها دەڵێت "بەهۆی ڕۆژنامەی خەباتەوە زۆرکەسم لەوانە ناسی کە لەخەبات دەیاننووسی و دواتر بوونە سەرکردە، لەوانەش مام جەلال. هەموو شەوێک پێکەوەبووین، حەبیبی برام و مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد کە سەروتارەکانی دەنووسی".

سـاڵی 1962 لەگەڵ حەبیب محەممەد کەریمی بـرای بـەرەو ناسـریە دوور دەخرێنـەوە. هادی محەممەد بەهۆی هاتنی کاتی سەربازییەکەی دەبێتە سەرباز و پلەی ئەفسـەر وەردەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە حوزەیرانی 1963 کە تەنیا 10 ڕۆژ بوو ببووە ئەفسـەر، لەهەڵمەتێکدا بۆ دەستگیرکردنی ئەفسـەرانی کوردی نێو سوپا لەگەڵ نزیکەی 50 ئەفسەری دیکەی کورد دەخرێتە زیندانەوە. 9 مانگ لەزیندان دەمێنێتەوەو هەر کە ئازاد دەکرێ عێراق بەجێدەهێڵێ.

### وەرگرتنی بەرزترین بڕوانامەی وردبینی دارایی لە جیهاندا

دوای ئەوە هادی محەممەد ڕوودەکاتە بەریتانیا و لە پەیمانگای ژمێریارانی یاسـایی دەخوێنن، کە بنکە سـەرەکییەکەی لە لەندەنە و لەساڵی 1880 دامەزراوەو ئێسـتا لەجیهاندا 134 هەزار ئەندامی هەیـەو بە باڵاتریـن پەیمانگای جیهـان دادەنرێ لەبـواری وردبینـی داراییدا و بەرزتریـن بڕوانامە لەوپیشەیەدا دەدەاتە دەرچووانی. هاوکات دەبێتە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا و بەشدارێکی چالاک دەبێ لە لقی بەریتانیا و چالاکییەکانی کۆمەڵەکەدا لە وڵاتانی دیکە.

پاش بەدەسـتهێنانی بڕوانامەی Chartered Accountant لەو پەیمانگایە کە بەرزترین بڕوانامەی جیهانییە لەبواری ژمێریاریی یاسـایی "دوای ئەوە ئیدی هیچ شـتێک نییە بیخوێنی لەوبوارەدا". ئەو دەڵێ لەوکاتدا چەند کەسێکی عەرەبی عێراقیش لەو پەیمانگایە دەیانخوێند " بەڵام پێمواپە دەرچووانی عێراقـی لـەو پەیمانگایە زۆرنیـن. هەروەها هیچ کوردیشم ئەوکات لەو پەیمانگایە نەبینین و کەس ناناسم دوای من لەوێ دەرچووبێ".

هادی محەممـەد، دوای ئـەوەی ماوەیەکیش دوای تەواوکردنـی خوێندن هەر بەردەوام دەبێ لە چالاکی لەگـەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران، دوای ئەوە لە چالاکی سیاسـی دادەبڕێ " کە چوومە ئێران، لـەوێ چاودێرییەکـی زۆر توندمان لەسـەربوو، بەتایبەتیش کە د. جەعفەری برام کەسێکی ناسراو بوو، لەوێش گرتیان و ئەشکەنجەی زۆریاندا. بەڵام پاش هەرەسـی شۆڕشی ئەیلول کە کوردێکی زۆر هاتنە کەرەجی نزیک تـاران پەیوەندیم لەگەڵیان پەیداکرد، بەتایبەتیـش کاک ئیدریس بارزانی کە زۆرتر دەمبینی و هەروەها کاک مەسعود".

### ناکرێ حکومەت خۆی وردبینی لە حیساباتەکانیدا بکات

سـەرەتای سـاڵانی حەفتاکان دامەزراوەیەکی ژمێریاری لەبەریتانیا گرێبەستی لەگەڵ دەکەن کە بچێتە تاران و لەوێ کاریان بۆ بکات و دەچێ. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979، نووسینگەیەکی ژمێریاری تایبەت بەخۆی دەکاتەوە لەئێران. بەڵام دواتر حکومەتی ئێران خۆی نووسینگەی وردبینی دادەمەزرێنێ کە ئەوە بـەلای هادی محەممەدەوە شتێکی هەڵەیە " بەرپرسـەکەت ناهێڵێ ڕاپۆرتی سەربەخۆ بنووسی، بەڵام ئەوان وایانکرد". هەروەها دەڵێ "لێـرە لە هەرێمی کوردسـتانیش تا پێش ئەوەی ئەم دیوانی چاودێرییە دابمەزرێ هەروابوو. ئەوە هەڵەیە، چونکـە حکومەت ناتوانێ و ناکرێ بەخۆی وردبینیی حساباتی خۆی بکات".

هادی محەممەد، پـاش ماوەیەک هەر لە ئێران لەگـەڵ دامەزراوەیەکی جیهانی بۆ کاری ژمێریاری دەسـتبەکار دەبێت بەناوی (Pricewaterhouse Coopers -PWC) کـە ئەوە دووسـاڵە هەمان دامەزراوە گرێبەسـتی لەگـەڵ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان هەیە بۆ کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی شـەفافیەت و نەهێشـتنی گەندەڵـی و، بۆ ئەو مەبەستە ئۆفیسێکیان لەنێو ئەنجوومەنی وەزیران کردووەتەوە کە نسار تاڵەبانی ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی دەکات.

### ڕێکەوتێکی سەیر لە کوردستان

هادی محەممەد هەتا 2005 لەئێران دەمێنێتەوە و پاشان دەچێتە کەنەدا و ئۆفیسێکی ژمێریاری و باجی تایبەت بەخۆی لەوێ دادەمەزرێنێ.

هادی محەممەد دەستنیشـانکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بە "ڕێکەوتێکی سـەیر" ناودەبـات و بـاس لـەوەدەکات کە ئەو لەسـەردانێکی ئاساییدا بۆ هەرێمی کوردستان، سـەردانی مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتانی کـردووە "پێش نزیکـەی 6 مانگ حەزمکرد سـەردانێکی کاک مەسعود بکەم و چاوم پێیبکەوێ، بەڵام بۆ من شـتێکی لەناکاو بوو کە گوتی دەمەوێ لێرە بمێنیـەوەو نەچیەوە کەنەدا. کە کاک مەسـعودیش داوای شتێکی ئاوات لێبکات ناتوانی هیچ بڵێی. گوتم بەسەرچاو".

هادی محەممەد کە لەساڵی 2004یش سەردانی هەرێمی کوردسـتانی کردووە، دەڵێ زۆر پێیخۆش بووە لە کوردستان کارێک بکات و ئەوەی دەیزانێ لە کوردستان بەکاربێنێ.

لەسەردەمی هەردوو ئیدارەی پێشووی هەولێرو سـلێمانیدا، دوو دیوانەکـەی چاودێریی دارایی تا ڕادەیەکی زۆر بەدوو شێوازی جیاواز کاریان دەکرد، لەکاتێکدا ئـەوەی هەولێر زۆر بەبێدەنگی و نهێنی کاری دەکـرد، ڕاپۆرتەکانـی دیوانـی چاودێریی دارایی لەسـلێمانی زۆرجاران دەگەیشـتنە دەست میدیا. هادی محەممـەد پێیوایە لەوجۆرە کارانەدا ئەگەر بڕێک لەنهێنی نەبێت سەربەخۆیی نامێنێ ، چونکە پارانەوەو داوای چاو لێ پۆشین و ناوزڕاندن دێتەکایەوە. دەشـڵێت "کاری ئەم دیوانە ئەوەیە چاودێری حکومەت بکات و ڕاپۆرتەکانی خۆی بداتە پەرلەمان کە دەزگایەکە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات. ئەوە شتێکی ڕاست نییە ڕاپۆرتی خۆت بۆ ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیانـدن بنێری". بەبڕوای ئەو "ئەوە دەچێتە قاڵبی ناوزڕاندن کە پێش ئەوەی ڕاپۆرتەکە بدەیتـە پەرلەمان و پەرلەمان پـاش لێکۆڵینەوە بەرەورووی دادگای بکاتەوە، زانیارییەکان ئاشـکرا بکـەی. ئەوە کاری دیوانـی چاودێری نییە، کاری دادگایـە. تۆ ناتوانی لەیەک کاتـدا دادوەر بیت و حوکمەکەش جێبەجێ بکەیت و داواکاری گشتیش بیت".

### پێویستییان بە ژمێریار و وردبینە

بەپێی ئەو یاسـایەی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری دارایی هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و حکومەت بەگشـتی نییە وەک پەیوەنـدی ئۆرگانی ، تەنیا کارکردنی لەسـەر حکومەتە کە ئەویش چاودێری و وردبینییە لە حیساباتیدا. هادی محەممەد دەڵێ ئەو تائێسـتا بەفەرمی کاری وەرنەگرتووە و دەڵێ "سەرۆکی حکومەت د. بەرهەم ساڵح هەفتەی ڕابردوو تەلەفۆنێکی بۆ کردم و گوتـی دەیەوێ ماڵئاوایی لە دیوانی چاودێری دارایی پێشـووی سـلێمانی بـکات. بانگی کردم کە بچم بۆ سـلێمانی، منیش داوای لێبووردنـم کـرد و گوتم هێشـتا بەفەرمی دەسـت بەکار نەبووم و ئەرکەکەی خۆم بەفەرمی وەرنەگرتووە. ڕاستییەکەی ئەم فەرمانگەیەی ئێمە سەر بە پەرلەمانە نەک حکومەت بەپێی ئەم یاسا نوێیە. گوتم مادام من هێشتا بەشێوەیەکی یاسایی دەسـتبەکارنەبووم ناتوانم بێـم دیوانی چاودێریی دارایی ئەوێ وەربگرم، واتە نیوەی کارەکە وەرگرم و نیوەی هەولێر بمێنێ. جگە لەوەش کاری من لەگەڵ پەرلەمانەو ڕاپۆرتەکانی خۆم دەدەمە ئەوان".

هـادی محەممەد، دەڵێ ئەوان پێویسـتیان بە کەسـانی پسـپۆڕە بەتایبەتی ژمێریارانی یاسایی ، بەتایبەتـی ئەگەر لەدەرەوە بەپێـی پرۆگرام و سیسـتەمی پێشـکەوتوو خوێندبێتیان و کاریان کردبێ " دیوانی چاودێریی دارایی نوێ پێویسـتی بە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و 6 بەڕێوەبەرایەتی وردبینی هەیـە. هەریەک لـەو بەڕێوەبەرایەتیانە پێویستی بەژمێریارێکی یاسـایی هەیە. بەڕاستی دەمەوێ ئەو کەسانە ببینم".

### "بارزانی داوای ڕاپۆرتی سەربەخۆی لێکردم"

وێـڕای پێگەی خراپ و ئابرووبـەری عێراق لە ڕیزبەنـدی وڵاتە شـەفافەکانی جیهاندا بەگوێرەی ڕێکخراوی شـەفافیەتی نێودەوڵەتـی، هەرچەندە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە وڵاتی ژمارە 3ی گەندەڵ لە جیهاندا. هادی محەممەد دەڵێ " ئەوەی تایبەت بێت بەهەرێمی کوردسـتان زۆر گەشبینم، هۆیەکەش ئەوەیە، من کە کاک مەسعود ڕایسپاردم بۆ ئـەم کارە، زۆر جەختی لەوەکردەوە کە دەبێت ڕاپۆرتەکانمان سـەربەخۆ بن. ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکی دژی گەندەڵییە. خۆی گەندەڵی لەسەرەوە دێت. لەعێـراق حیزبـە باڵادەسـتەکان خۆیان سـەرچاوەی گەندەڵین، بەڵام لێرە کە سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان دەڵێت شـتێکی سەربەخۆم دەوێت کەس دەسـتی تێوەرنـەدات، ئیدی بۆچی گەشبین نەبین".

هەروەها دەڵێ ئەوگەیشتووەتە ئەوئەنجامگیرییە لە قسەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کە ڕێگە نادات هیچ گوشارێکی لێبکرێ و سـەربەخۆیی کارکردنـی دەپارێزرێ " من لەقسـەکانیەوە ئەو ئەنجامگیرییەم کرد. ئەو کە بڵێت دەمەوێ سەربەخۆ بیـت، مانای وایـە نایەوێ بکەومە ژێر گوشـاری کەس".

هادی محەممەد ئەوەی پێ بنچینەیەکی دروستە کە پەیوەندی چاودێـری دارایی لەگەڵ پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە" لەکاری وردبینیدا سەربەخۆیی مەسـەلەیەکی بنەڕەتییە. ئەگەر ئەو سەربەخۆییە پارێزراو بێت من گەشبینم".




## کوردستانی

**بێشکچی دادگای تورکیای دادگایی کرد**

**ڕووداو-ئەنقەرە**
کۆمەڵناس و زانای تورک ئیسماعیل بێشکچی کە ماوەیەکە لەسەر بڵاوکردنەوەی وتارێک بەناونیشانی ( کورد و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین) بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ پارەچەکردنی تورکیا و پشتیوانیکردنی PKK دراوەتە دادگا، لە دانیشتنی ڕۆژی 2010/11/12دا دادوەر پێیگوت تۆ بە بەکارهێنانی پیتی (ق) کە لەلایەن PKKەوە بۆ وشەی قەندیل بەکاردەهێنرێ ئەلفەبای تورکیت شێواندووەو پشتیوانیت لە PKK کردووە. بەڵام بێشکچی لە دادگاییکردنەکەدا بەشێوەیەکی زانستی وەڵامیدایەوەو گوتیشی"207 دەوڵەت ئەمڕۆ لە جیهاندا هەن، کە هەندێکیان ژمارەی دانیشتووانیان تەنیا 30 کەسە، بەڵام گەلی کوردی 40 ملیۆنی بێ دەوڵەتە". گوتیشی هەر گۆڕینێکی دەستوور بەبێ دانانن بە کورد و وڵاتەکەی کارێکی ناتەواوە.

## باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە سەر زمانی کوردی

# کوردی لە سیاسەتەوە تاوەکو خەیار فرۆشتن



دانانی ناو و نرخی سەوزەو میوە بە کوردی لە شاری نسێبین (فۆتۆ : DIHA)

**ڕووداو-ئامەد**

دوای ئــەوەی دادگای ئامەد بــەردەوام بوو لە ڕەتکردنــەوەی بەرگریکــردن لەلایەن 153 گیراو و پارێزەرەکانیــان بە زمانی کوردی، کە ئەو دادگاییکردنە لەلایــەن کوردانی باکوورەوە بــە "دادگای ســەدەی 21" ناونراوەو لە مانگی رابردووەوە دەستی پێکراوە، هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ زمانی کــوردی فراوانتربــوون. بڕیارەکەش لەلایــەن ناوەندە جەماوەری و سیاســی و 95 شــارەوانی باکــووری کوردســتانەوە بڕیاری لەسەردراوە.

### دادگا سووکایەتی بە زمانی کوردی کرد "ئەو زمانەی دەگوترێ گوایە کوردییە"

دادگای ژمارە 6ی ســزا قورسەکان لە ئامەد (دیاربەکــر) ڕۆژی 2010/11/8دا لەکاتــی دادگاییکردنی سەرۆک شــارەوانی و ئەندامانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP دەستەواژەیەکی تازەی بۆ زمانــی کوردی بەکارهێنا کە ئەویش ئەوەبوو "ئەو زمانەی دەگوترێ گوایە کوردییە"، پێشتریش دەســتەواژەی "ئەو زمانەی نازانرێ چییە" بەکاردەهێنرا. لەو دانیشتنەشــدا مافی بەرگریکــردن بەزمانــی کوردی بــە گیراوان و پارێزەرانیان نەدرا. کاتێک ســەلما ئیرماک کە یەکێکە لــە گیراوەکان و لــە دادگادا بەزمانی کــوردی گوتی " ئەزێ ب کــوردی پارێزنامەیا خۆ بخوینــم"، لەلایەن ســەرۆکایەتی دادگاوە دەنگی مایکرۆفۆنەکەی بڕدرا و مایکرۆفۆنەکەی لەدەست دەرهێندرا. ئینجا دادوەر پێیگوت " تۆ زمانی دادگا تێناگەی بە زمانێک قسەدەکەی کە دەڵێی گوایە کوردییە". لەسەر ئەوە پارێزەرەکان ڕەخنەیان لە دادوەر گرت، ئینجا دادوەر گوتی " ئەگەر بە زمانی تورکی پاراستنەکەتان پێشکەش بکەن مایکرۆفۆنەکەتان دەدەمێ ئەگەر نا هیچ". بەمشــێوەیە دانیشــتنەکە تاوەکو 11ی مانگ دواخراو.

لەو دانیشتنەشداکێشەی زمان دووبارەبووەوە، کە دادگا ناوی گیراوەکانی دەخوێندەوە هەریەک لەوانە بە کوردی دەیانگوت " ل ڤرم". هەروەها جێگری ســەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP ی داخراو کامەران یوکســەک بە دادگای گوت "دخوازم پاراســتننامەیا خوە ب کوردی بخوینم". دادوەریش پێیگوت "بڵێن بە زمانێک بەرگری لە خۆمان دەکەین دەگوترێ کوردییە"، گیراوەکانیش وەڵامیان دایەوە "ناوی زمانی ئێمە کوردییە". ئینجا دادوەر بانگی کردن ئایا کەس هەیە بە تورکی بەرگری لە خۆی بکات، هیچکام لە گیراوەکان وەڵامیان نەدایەوە.

ئــەو هەڵوێســتەی دادگا بەرامبــەر زمانی کوردی بە توندی لەلایەن BDP شــەرمەزارکرا و، ســەلاحەدین دەمیرتاشی ســەرۆکی BDP ڕایگەیانــد لەمــەودوا هەمــوو کار و چالاکیان بەکوردی دەبێت.

تەنانەت ئەو هەڵوێستە بووە مایەی ڕەخنە لێگرتنی جێگری ئەردۆغانیش. حوسێن چەلیک جێگری سەرۆکی پارتی داد و گەشپێدان AKP ی دەســەڵاتدار، ڕایگەیاند " کوردی زمانی بە ملیۆنان هاووڵاتی تورکیایە، شــەرمە بە زمانی نەناســراو ناوبنــرێ". هەروەهــا چەلیک، کە کوردێکــی خەڵکی شــاری (وان)ە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ تەلەڤزیۆنی کەناڵ-a ی تورکی گوتی " دەکــرێ دادگا بڵێ داواکردنی بەرگری لەخۆخۆکردن لەلایــەن تۆمەتبارانەوە بەزمانی کــوردی تەحریــزە و ڕەتکردنــەوەی داوای دادگایە، بەڵام ناونانی زمانی کوردی بەوشێوەیە قەبوڵ نییە و پێچەوانەی سیاسەتی کرانەوەی دەوڵەتە".

لە کۆبوونەوەیەکی گشــتیدا کــە لەڕۆژانی 4و2010/11/5 لە ئامــەد بەڕێوەچوو و تێیدا پەرلەمانتــاران و ســەرۆکی شــارەوانییەکانی BDPبەشــداربوون، بڕیــاردرا زیاتــر کار بە زمانــی کوردی بکرێ. لــەو کۆبوونەوەیەدا کە هەردوو هاوســەرۆکی BDP گولتان کیشاناک و ســەلاحەدین دەمیرتاش لە دووەم ڕۆژدا تێیدا بەشداربوون دوای گەڕانەوەیان لەسەردانی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەردوو هاوسەرۆکی کۆما کۆمەڵگەی دیموکراتی KCD ئایسەل توگلوک و ئەحمەد تورک بەشدارییان کــرد، بڕیاردرا بەمەبەســتی پێشخســتن و باڵادەســتکردنی زمانــی زکماکی لــە هەموو شــوێنێک، زمانی کوردی لەهەموو شــوێنێک بەکاربهێنرێ و قسەی پێ بکرێت و داوا لەBDP و KCD کــرا ئەوانیــش لەکاری سیاســی و ڕاگەیاندنیاندا ئەوە جێبەجێبکەن.

### ناوی سەوزە و میوە بەکوردی دابەشکرا

لەو چوارچێوەیەدا لقی ڕێکخراوی KURDÎ-DER لە شــاری نسێبینی ســەر بە مێردین، بۆ ئەوەی کوردی لە هەمــوو بوارەکانی ژیاندا بەکاربهێنرێ، دەســتیانکرد بە نووسینی ناوی میوەو سەوزەکان لەسەر پارچە کارتۆنی بچووک و بەسەر دوکاندارانی نسێبین دا دابەشیانکردن، دووکاندارەکانیش ئیتر نرخەکانیان لەسەر ئەو ناوە کوردییانە نووسی. عەبدوڵڵا ئالپەر سەرۆکی لقی KURDÎ-DER گوتی ئەو سیاسەتانەی کە تاکو ئێستا سەبارەت بە زمانی کوردی پەیڕەو دەکرێــن ئیتر دەبێ کوتایی بێــن "بەتایبەتی پێویســتە زمانی کڕین و فرۆشــتنی شار بە کوردی بێت". سەرۆکی شارەوانی نسێبین عایشە گوکانیش ڕایگەیاند"لەو وڵاتەدا سەرۆک کۆمار و ســەرۆک وەزیرانیش بە کوردی قسەیان کرد و تەلەڤزیۆنێکــی 24 کاژێرییان دامەزراند کە بە کوردی بەرنامەکانی بڵاودەکاتەوە، کەچی کاتێک کورد بە زمانی خۆی قسە دەکات، وەک تاوان تەماشا دەکرێ".

### والی ئامەد : کوردی دژی دەستوورە

شــارەوانی ئامەد بە بڕیارێکی گشــتیی ئەنجوومەنی شــارەوانی و خەڵکی گوندەکان ناوی کــوردی گوندەکانی لەســەر تابلۆکانی گوند و شارۆچکەکان نووســی. ئەنجوومەنی گشتی شارەوانی ئامەد بەسەرۆکایەتی عوسمان بایدەمیر ســەرۆک شــارەوانی ئامەد کە سەر بەBDP یە لە کۆبوونــەوەی 2010/10/7 بە تێکــڕای دەنگ، بڕیاریدا ئیتــر لەمەودوا ناوی کوردی گوندەکان بە کوردی لەســەر تابلۆکان بنووسێ لەتەک ناوە تورکییەکانیاندا. پاشان بڕیارەکە بۆ مستەفا تۆپراک والی ئامەد نێردرا، بــەڵام والــی بڕیارەکەی ڕەتکــردەوەو گوتی "بڕیارەکە دژی دەســتوورە". توپراک هەروەها گوتی بەهۆی ئەوەی کە ســەرۆک شــارەوانی ئامەد، دوو مانگ لەمەوبەر ناوی 91ی گوندی بە تورکی و کوردی لەسەر تابلۆکان نووسیوە، لەلایەن دادگاوە سزادراوە.

والی ئامەد لە لێدوانێکی پڕلە سووکایەتیکردن بە زمانی کوردی گوتی "وڵاتی تورکیا یەک وڵاتە و پارچە پارچە ناکرێ و زمانی وڵاتی تورکیا تورکییە و هیچ کاتێک ناگۆڕدرێ، چونکە ئەمە دژی ئەخلاقە و شەرمە".



# سەدان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کیمیا باراندا لە شاری هەڵەبجە بوون

## کوردێکی ڕۆژهەڵاتی : بەکێشانی جگەرەو بەتانی تەڕ رزگارمان بوو

**ئازاد کوردی**
**تایبەت بە ڕووداو**

ســەدان هاووڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، لەوشارەدابوون، بەڵام بە زیانی کەم دەربــاز بوون، ڕزگاربووێکی کــوردی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان دەڵێ "بە دووکەڵی جگەرەو بەتانی تەڕ رزگارمان بوو".

لەکاتــی کیمیابارانــی هەڵەبجــە لەلایــەن فڕۆکەکانی سووپای عێراق لە 1988/3/16دا، کە بووە هۆی گیان لەدەســتدانی زیاتر لە 5 هەزار هاووڵاتی و بریندابوونی هەزارانی دیکە. لەکاتی کیمیابارانەکەدا سەتان هاووڵاتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشمەرگە، کەمئەندام و بەساڵاچوو و ژن و منداڵی کادیر و پێشــمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردســتانی ئێران بوون، لە شــاری هەڵەبجە و دەوروبەری بوون، کە بەشــێکیان لەگــەڵ خەڵکی هەڵەبجە چوونە ئێران، هەروەها لەوکاتدا نزیکەی 1000 پێشمەرگەی ئەو حیزبەش لەگەمارۆی هێزەکانی ئێران ڕزگاریان بوو.

ئــەو خێزانانە کــە ژمارەیان زیاتــر لە 100 خێزان دەبوو، لــە دەوروبەری بنکەکانی حیزبی دیموکرات لەســەر ســنوورەکان دەژیان، بەڵام بەهۆی جموجۆڵی سەربازی ئێران، چەند ڕۆژ بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ پاراستنی گیانیان دێنە ناو شاری هەڵەبجە. ڕۆژی ڕووداوەکەش هەموویان پەرتەوازە دەبن و گرووپ گرووپ لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە بەمەبەستی ڕزگارکردنی گیانی خۆیان بەرەو سنوور هەڵدێن و لەئاکامدا خۆیان لەئێران دەبیننەوە.

گولێ جەلالی، کە ژنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەگەڵ چوار منداڵەکەی لەکاتی کیمیابارانەکە لە هەڵەبجــە بووە، ئێســتاش نازانێ چۆن لەو کارەســاتە ڕزگار بوو. گولێ گوتی بنکەکانمان لەســەر ســنوور بوون، بەردەوام لەژێر مەترسی هێرشــی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووین



"حیزبــی دیموکرات دەیزانی کە حکومەتی ئێران جموجۆڵی سەربازی زۆرەو هێرشێکی بەرفراوانی بەدەستەوەیە، بۆیە بڕیاریاندا بچینە نێو هەڵەبجە ڕۆژی بەر لەکیمیابارانەکە بەرەو شاری هەڵەبجە بەرێکەوتین. هیچ ڕێگا و بانێک نەبوو، بەسەدان چەرمەسەری، بەدبەختی، ترس و دڵەراوکێ شەو گەیشتینە هەڵەبجە".

هاوکات لەگەڵ ئەم کەســانە، نزیکەی 1000 پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن سوپای ئێرانەوە گەمــارۆ دەدرێن. ئەحمــەد ڕەحیمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات، کە ئــەوکات یەکێکبووە لە فەرماندەکانی ئەو هێزە، گوتی "سووپای ئێران گەمارۆی داین، ڕزگاربوونی ئێمە لەو گەمارۆیە و خێزانەکانمان لە هەڵەبجە شتێکی باوەڕپێنەکراو بوو".

ئەو هێزەی حیزبی دیموکرات تەنیا 5 کیلۆمەتر لە هەڵەبجە دوور بووە، ئەحمەد ڕەحیمی، دەڵێت "لەلایەن هێزەکانی ئێران گەمارۆدراین، ئێران چەک و جبەخانەیەکی زۆری هێنابوو دەیویست هێرش بکاتە ســەر کەرکووک". ڕەحیمی ئاشکرایکرد، چوار هێزی پێشــمەرگەی حیزبــی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بریتی بوون لە هێزی شاهۆ، هێزی زاگرۆس، هێــزی دووی ڕێبەندان و هێزی بەیان لەناوچەکانی نەوسوود، دەرەتفێ و شێخان دەکەونە بەر هێرش و گەمــارۆ دەدرێن "کاتێک هەستمان پێکرد بەتەواوی گەمارۆدراوین، هەموو شــت و کەرەستەکانمان جگە لە تفەنگەکانمان لەوێ جێهێشــت و لە ماوەی 3 تا چوار کاژێر هەمــوو هێزەکانمــان ڕزگار کــرد". لەدرێژەدا گوتــی "هێزەکانی کۆماری ئیســلامی بەتەواوی بەســەر ناوچەکەدا زاڵ بوون و پیلانی ئەوەیان هەبوو کــە هەموومان لەنێو بــەرن، فەرماندەی ئەو هێزە کەســێک بوو بەناوی (تارانی)، بەڵام گەمارۆیەکەمان شکاندو دەرباز بووین".

ئەحمەد ڕەحیمی، ئاماژەی بەوەشدا بەشێک لەپێشــمەرگەکان کە کەمئەندام، بەساڵاچوو زۆر کەسی دیکە لەخۆ دەگرت لە هەڵەبجە مابوونەوەو نەیانتوانی لەگەڵ ئەو هێزانەی پێشمەرگە بکەون، هەموویان لە هەڵەبجە بەدیلگیران و ڕەوانەی ئێران کران. بەقســەی ڕەحیمی، هەندێکیان ماوەیەکی زۆر لەزیندانەکاندا مانەوە، بەشێکشیان لە زیندانی (دیزل اباد) لە تاران و زیندانەکانی دیکە لەسێدارە دران، کە نزیکەی 30 کەس دەبوون.

ڕەحیمــی دەربازبوونی خۆیان بە "شــتێکی باوەڕپێنەکراو" وەســفکردو گوتی "لەو بارودۆخە دژوارەداو بەپێی ئەو کارەســاتە نامرۆڤانەیە کە دژی خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە کرا، ســەرەڕای ئەوە ســەدان ژن و منداڵی ئێمە لەناو شــاری هەڵەبجە بوون و ئێمەش گەمارۆ درابووین، بەڵام زیانێکی زۆرمان نەبوو، ئەمە تەنیا موعجیزەیەک بوو".

بەقسەی گولێ جەلالی، ئەو ڕۆژەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، هەموو خێزانە ڕۆژهەڵاتییەکان لەیەکتــر دابــڕان و بەناچــاری خۆیان وەک کوردی عێراق ناساند و لەگەڵ خەڵکەکە چوونە ئێــران. وەک گولێ ئامــاژەی پێدا هەندێک لە خێزانەکان بۆ ماوەی 4-5 ســاڵ لەوێ مانەوەو بەشــێکیان هەر نەگەڕانەوە و هەندێکشیان دوای ئاشکرا بوونیان دەستگیرکران "کە پێیان زانین و ئاشکرابوو خێزانی کادیر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتین، دەستگیر کراین و ڕەوانەی زیندان کراین". گولێ بە چوار منداڵەوە لەگەڵ چەند خێزانی دیکەی ڕۆژهەڵات، بەچاوی خۆی تەرمی سەدان ژن و منداڵی هەڵەبجەیی بینی کە بەهۆی کیمیابارانی بەعسەوە شەهید کرابوون. دەڵێ "زۆر زەحمەتە ئەوە لەبیر بکەم".

گولــێ، لــەم ڕێگایــەدا برایەکــی کــە پێشمەرگەیەکی کەمئەندام بووەو لەگەڵ خۆی بردبــووی بۆ ئێــران، بەهۆی ئــەوەی لەگەڵ چەند پێشــمەرگەی دیکە زوو ناسرایەوە، گیرا و دواتر بەهۆی ســەختی برینەکەی لە زیندان گیانی لەدەستدا. گولێ ئەم بیرەوەرییە تاڵەی بەگریانەوە بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە.


لەبــارەی زیانی گیانــی ئــەو کوردانەوی ڕۆژهــەڵات کــە زۆربەیان ژن و منــداڵ بوون، گولێ گوتی "چەنــد بۆمب لەنزیک ئێمە دران، بــەڵام لەبەرئەوەی لە بنکــەی حیزبدا جگەرە زۆر هەبــوون، پێیانگوتین جگەرە بکێشــن، چونکــە کاریگــەری گازە کیمیاوییەکان لەنێو دەبات. هەموومان بە ژن و منداڵەوە جگەرەمان دەکێشــا بۆ ئەوەی گازی کیمیایی نەچێتە ناو قورگمان، هەر ئەمەش زیندووی هێشــتینەوە، بەڵام گازەکە هــەر کاری تێکردین و دەموچاو و ســک و قاچی زۆربەی خەڵکەکە سووتابوو، ئێمە بەهۆی کێشــانی ئەو جگەرانە و بەتانی تەڕەوە نەمردین".

گولێ جەلالی باســی ژیانــی خۆیان دەکات لەکاتی چوونیان بۆ ئێران "بارودۆخی جەستەیی هەموومان خراپ بوو، ڕەوانەی (هەرســین)یان کردین، چەند کەسێکیشــمان ڕەوانەی تاران و ئیسفەهان و شارەکانی دیکە کران. لەهەرسین تاوەکــو بەیانی لەنێو مزگەوتێکدا بووین. دوای تیمارکردن، ڕەوانەی کەمپی ئاوارەکانیان کردین. لەترســی پاراســتنی گیانی منداڵــەکان ناوی هەموویانم گۆڕی. دەترساین ئاشکرا بین". گولێ جەلالی چوار منداڵەکــەی بەهۆی برایەکی کە خەڵکی ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دەدۆزێتەوە. دواتر کە ئاشکرا دەبن، لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دەخرێنە زیندانەوە "لــە زیندان زۆر ســووکایەتیان پێدەکردین، بەردەوام دەنگۆی کوشــتن و دەستگیرکردنی هاوسەرەکانمان و کەسانی دیکە لەنێو زیندان بڵاودەبــووەوە، دوای ماوەیەک لێپرســینەوە ئازادیان کردین و گەڕاینەوە نێو کەســوکاری خۆمان". گولێ دوای ئازادبوونی سەرەتا دەبووایە ڕۆژانە سەردانی ئیدارەی ئیتلاعات بکات، دواتر هەفتانە، پاشان مانگانە، هەروەها نەیانهێشتووە منداڵەکانی بخوێنن و ناسنامەیان نەداونەتێ، بۆیە گولێ بە هەر شێوەیەک بێ جارێکی دیکە دێتەوە باشــووری کوردستان و لە بنکەکانی حیزبی دیموکرات گیرسانەوە. بەڵام هەندێک لەو خێزانانە تائێستاش نەگەڕاوەتەوە.



## کاروباری سیاسی


**میر بەندەر هانیدام هێرشبکەمە سەر عێراق**



**ڕووداو-المختصر**

جۆرج دەبلیو بوش لە کتێبە نوێیەکەیدا کە یاداشتەکانی لەخۆ گرتووە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە سەرۆک و سەرکردەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی هانیاندا هێرش بکاتە سەر عێراق، لەو کتێبەیدا بۆش دەڵێت میر بەندەر کوڕی سوڵتان کە ماوەی 20 ساڵ باڵیۆزی سعودیە بوو لە ئەمریکا، داوای لێکرد بڕیاری جەنگ بدات، بوش دەڵێت "میر بەندەر هاتە نووسینگەکەم لە کۆشکی سپی و گوتی هاوپەیمانەکانی واشنتن بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەیان لە ئەمریکا لەبارەی عێراقەوە دەوێت".

## کۆتایی ئەلعێراقییە



**هیوا مەحمود عوسمان**

هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە، ئەلعێراقییە بەرە بەرە متمانەی هاوپەیمانەکانی، دووژمنەکانی و زلهێزی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی لەدەستدەدا، کە ئەوانە پشتیوانی ئەلعێراقییەیان دەکرد و پێیانوابوو یاریزانێکی گرنگە لەگۆڕینی عێراقی نوێدا.

چوونە دەرەوەکەی هەینی ڕابردوو گومانی زۆری هێنایە سەر توانای ئەلعێراقییە بەوەی ببێتە هاوبەشێکی سیاسی لەبار و شیاو بۆ کارکردن لەگەڵی. ئەو پاساوەی کە لە دووەم دانیشتنی پەرلەماندا هێنایانەوە، ئەوەی سەلماند کە لیستێکی نارێک و میزاجین. ئیستاش یەکێکیان ناوی لە دەرچوونەکە نا "لێک تێنەگەیشتن" و یەکێکی دیکەش ڕێککەوتنەکەیان بە "مردوو" وەسفکرد.

هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەی کە خۆیان ڕایانگەیاندبوو، سەلمێنرا کە ناتوانن ڕێگە لەپرۆسەکە بگرن و ئاشکراش بوو کە دەتوانرێ پرۆسەکە بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەگەر ئەوانی تێدا بێت یان تێدا نەبێت.

دوای ئەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان بەدەستهێنا و بە بەکارهێنانی پاساوی پەسەندکردنی ڕێککەوتنە سیاسییەکەی نێوان مالیکی وعەلاوی و بارزانی لەلایەن پەرلەمان و لابردنی بڕیاری ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان لەسەر هەندێ لە بەرپرسەکانیان، هەوڵیاندا پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران ڕابگرن، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی پۆستی زیاتر لەوەی کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون.

نەک تەنیا ئەوان نەیانتوانی پرۆسەکە ڕابگرن و زۆرینە بەدەستبێنن، ئەوان بوونە لایەنێکی لاوەکی لەدەستنیشانکردنی سەرۆک کۆمار. لەبەرئەوەش کاتێک ئەوان دووچاری یەکەم کێشە ببن، لەو چەندین کێشانەی کە چاوەڕوانیان دەکات، ئەوا دەبێ بە سەرۆک کۆمار بڵێن "سەرەڕای ئەوەی دەنگمان بۆ نەدای، بەڵام دەمانەوێ یارمەتیمان بدەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە!".

لێرەش، پشتیوانیکردنی تاڵەبانی بۆیان لەچاکی خۆی دەبێت، نەک لە ناچاری، چونکە بوونی بە سەرۆک کۆمار هیچ منەتێکی ئەوانی تێدا نەبوو.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەوان متمانەی هاوپەیمانێکی زۆر گرنگیان لەدەستدا کە ئەویش بارزانی بوو کە بەپێی بڕوای زۆربەی چاودێران، مەبەستی دەستپێشخەرییەکەی ئەو ئەوەبوو کە ئەوان لەنێو پرۆسە سیاسییەکە بمێننەوە و گارانتیان بۆ دابین بکەن.

بەڵام هەڵسوکەوتی ئەوان وا لەخەڵک دەکات کە دووجار بیر بکەنەوە لەوەی هیچ هەنگاوێک نەهاوێژن بۆ کارکردن لەگەڵیان. ئەوان سەلماندیان کە وەک بلۆک یەکگرتوو نین و وادیاریشە کە سەرکردایەتییەکی بەهێزیان نییە.

لە ساتی ڕاگەیاندنی سەرکەوتنیان پاش پێنج دەقیقە لەتەواوبوونی هەڵبژاردنەکان هەتاکو ئێستا، ئەوان پیشانیانداوە کە کارێکی زۆر زەحمەتە وەک بلۆکێکی یەکگرتوو پشتیان پێ ببەستیت و هەروەها وەکو بلۆکێکی ڕاستەقینە کار بکات کە بتوانێ گۆڕانکاری لەعێراقدا بکات.

هەر هەفتەیەک وتەبێژێکی نوێ بۆ لیستەکە دەستنیشان دەکرا و هەرجارەش قسەیەکی جیاوازی دەکرد لەوەی پێشتر. هەر سەرکردە و قسەیەکی جیاوازی لەسەرکردەیەکی دیکەی نێو بلۆکەکە دەکرد. هەتا ئێستا ئەوان نەیانتوانیوە گوتارێکی گونجاوی یەکگرتوو ڕابگەیێنن بەرامبەر بەداواکانیان و ڕوانگەیان بۆ داهاتوو. یەکێکیان دەڵێ ئەوان لەنێو پرۆسەکەن، هەندێکی دیکەش دەڵێن لەدەرەوەی پرۆسەکەن و ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتیش کۆتایی هاتووە.

تائێستا هەر گۆڕانکارییەک هاتبێتە پێشەوە، ئەلعێراقییە بەهەموو لایەکدا ڕویشتووە و چەندین هەلیان لەدەستدا بۆ بەدەستهێنانی وەزعێکی باشتر لەوەی کە ئەمڕۆ لەبەردەمیاندایە.

هەلەکانیش لەوە دەستیان پێکرد کاتێک ڕەتیانکردەوە کە دەسەڵات دابەش بکەن لەگەڵ مالیکی، یاخود ڕەتکردنەوەی پشتیوانیکردنی عادل عەبدولمەهدی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و دواتریش لەدەستدانی متمانەی بارزانی، لەکاتێکدا ئەو دەستپێشخەرییەکی بەمەبەستی هێنانی ئەوان بۆ نێو پرۆسەکە ئەنجامدابوو. لەکاتێکدا هەندێکیان ڕایانگەیاند کە پشتیوانی لەدەستپێشخەرییەکەی دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی عێراقی بۆ کێشەی پێکهێانی حکوومەت، بەڵام ئەوان زۆر پەرۆش بوون بۆ دەستپێشخەرییەکەی سعوودیە کە تەنانەت لەدژی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بوو.

لەگەڵ ئەوەی ستراتیژی ئەلعێراقییە کە بەدەستهێنانی هەموو شتێک بوو یاخود هیچ شتێک. پارچەبوونیان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز، پرسیاری جیدی دێنێتە ئاراوە دەربارەی بەردەوامبوونیان وەک بلۆک. لەکاتێکدا هەندێکیان ئامادەبوون لەدانیشتنی دووەمی پەرلەماندا، سەرۆکی لیستەکە لەعێراق دەڕۆیشت و دەچووە لەندەن و کۆتایی هێنانی ڕێککەوتننامەی دابەشکردنی دەسەڵاتی ڕاگەیاند و پێشبینی خراپبوونی باری ئاسایشیشی کرد.

hiwaosman@yahoo.com
twitter: hiwaosman
facebook: hiwa osman

# کۆمەڵ و یەکگرتوو مەرجەکانیان ناکەنە هەڕەشەی کشانەوە



## بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی: گۆڕان بۆ کشانەوە پرسی پێنەکردین

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بەچەند مەرجێک لەنێو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندان و هاوکات دەڵێن جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە ناکەنە هەڕەشەی کشانەوە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا.

نازم عەبدوڵلا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەڵێ "ئێمە و یەکگرتووی ئیسلامی، بەغدا و کوردستانمان بەیەکەوە نەبەستووەتەوە، کە ئەگەر مەرجەکانمان جێبەجێنەکرێن بکشێینەوە"، چونکە بەبڕوای ئەو دوو پارتە ئیسلامییە، مەسەلەی بەغدا مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بۆ کورد و ناکرێ بەپرسە نێوخۆییەکان ببەسترێتەوە.

نازم عەبدوڵلا، دەڵێ ئەوان ئەزموونێکی دوور و درێژیان لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەیە "لەبەرئەوە بە تەمای ئەوەنین مەرجەکانمان 100% جێبەجێ بکەن، ئەگەر ئێستا هیچیشمان پێنەدەن پاشەکشە ناکەین، بەڵام کە حکومەت پێکهێنرا، ئەوکات قسەی دیکەمان دەبێ و هەڵوێستمان دەبێ".

بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، بەرەیەکی سێ قۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیان لە پەرلەمانی کوردستان دروستکرد و ڕایانگەیاند کە بۆ هەر مەسەلەیەک پرس و ڕا بەیەک دەکەن، بەڵام لە کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، وەک ئەو دوو لایەنەی دیکە دەڵێن هیچ پرس و ڕایەکیان لەگەڵ نەکردن. نازم عەبدوڵلا دەڵێ "ئێمە لەسەرەتاوە وا ڕێککەوتبووین کە پرس و ڕا بەیەک بکەین، ئێمە گلەییمان لە بزووتنەوەی گۆڕان هەیە کە پێش ئەوەی بکشێنەوە ڕای ئێمەیان وەرنەگرت و هەر ئاگاشمان لەکشانەوەیان نەبوو تا ئەوکاتەی بڕیاریاندا، حسابیان بۆ ئەو ڕێککەوتنە نەکرد". محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیش دەڵێ "ڕەنگە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان پرس و ڕایان لەگەڵ ئێمە بکردایە خۆشتر و باشتربووایە".

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، کە خولی پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووەو ئێستاش ئەندامە لە شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا دەڵێ "یەکڕیزیمان زۆر پێویستە لەبەغدا، لەبەر هەندێک بەرژەوەندی حیزبی و تایبەتی، هەڕەشە لەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکان ناکەین".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەی مەرجەکانیشیانەوە بۆ بەشداربوون و بەردەوام بوون لە ئیئتیلافەکە گوتی "تەنیا یەک مەرجمان هەیە، لەگەڵ یەک ڕاست بین و بەیەکەوە شەفاف بین و ستەم لەیەکتری نەکەین".

لەسەرەتای دروستکردنی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی چەند خاڵ و داواکارییەکیان هەبوو بۆ بەشداربوون لەو ئیئتیلافەدا.

دارا محەممەد ئەمین ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ و ئەندامی شاندی دانوستاندنکار لەبارەی خاڵە دیارەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو گۆڕانەوە دەڵێ داوامانکرد "چاکسازی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بکرێت، لەبەغدا شەریک بین، داواکارییەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داوای هەموو لایەک بێت، کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەموو لایەکی تێدابێت، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بێت، ڕای ناوپەرلەمانی کوردستان ڕای یەکلایەنە نەبێت و هەموو شتەکان بەزۆرینە پەسەند نەکرێن، بودجەی حیزبەکان بەشێوەیەکی دروست دیاری بکرێ، نانبڕاو نەمێنێ".

کوێستان محەممەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان پێیوایە کشانەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کارناکاتە سەر ئەو هەماهەنگییەی سێ لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکە لەپەرلەمانی کوردستان هەیانە و دەڵێ "لە جاران پەیوەندیمان بەهێزترە"، کوێستان محەممەد گوتیشی "لەیاسای خۆنیشاندانەکاندا بەشێوەیەک هەماهەنگیمان هەبوو، کە خەڵک وایدەزانی یەک فراکسیۆنین".

## ئەنجوومەنی نیشتمانی لە 15 ئەندام پێکدێت

# کورد لەگەڵ بەرفراوانی دەسەڵاتی ئەو ئەنجوومەنە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندایە



عەللاوی و مالیکی لە دانیشتنی 2010/11/11 دا لە تەنیشت یەکەوە دژی یەکتر قسەیان دەکرد

(فۆتۆ : AFP)

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو-هەولێر**

دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، خاڵی دیاری ناکۆکییەکانی نێوان لیستەکەی عەللاوی و مالیکین، یەکەمیان لەگەڵ زۆرکردنی دەسەڵاتەکان و دووەمیشیان لەگەڵ کەمکردنیدایە. بۆچوونی کوردیش لەوبارەوە لە عەللاویەوە نزیکە.

ئەو ئەنجوومەنە نوێیە کە وا بڕیارە ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە، سەرۆکایەتی بکات، لە 15 ئەندام پێکدێت و بڕیارەکانیشی بە دەنگی 80%ی ئەندامانی یەکلایی دەکرێنەوە.

دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕەشبینیی خۆی نیشاندا لە گەیشتنی خێرای لایەنەکان بە ڕێککەوتننامەیەک بۆ دیاریکردنی دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، ناوبراو بۆ (ڕووداو) گوتی "دەبێ لەماوەی یەک مانگدا ئەو ئەنجوومەنە یاسای بۆ دەربچێت و کارەکانی ڕێکبخات و دەسەڵات و ئەرک و ئەندامان و سنووری کارەکانی و لێکۆڵینەوەکانی دیاری بکات، ئەمەش زەحمەتە لەماوەی یەک مانگدا، چونکە ناکۆکییەکی زۆر بەتایبەت لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییە و هاوپەیمانیی نیشتمانی هەیە و بەدیاریکراویش دەوڵەتی یاسا لەسەر دەسەڵاتەکانی".

عێراقییە دەیەوێ پێش پێکهێنانی حکومەت یاسای ئەو ئەنجوومەنە دەربچێ، دەوڵەتی یاساش نایەوێ دەسەڵاتەکانی بەشێوەیەک فراوان بن کە وەک ئەوان دەڵێن ببێتە هۆی ئەوەی دوو سەرۆک وەزیر لە عێراق دا هەبن.

دارا محەممەد ئەمین سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەو ئەنجوومەنە دەڵێ "ڕێککەوتووین کە ئەوئەنجوومەنە تەنها بڕیار لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازەکان بدات، واتە سیاسەتە ستراتیژییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی عێراق دەکێشێت". لەبارەی ئەندامەکانیشییەوە گوتی "ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، هەریەک لە سەرۆک کۆمار و هەردوو جێگرەکەی، سەرۆک وەزیران و هەردوو جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیرەکانی دارایی، نەوت، ناوخۆ، بەرگری و دەرەوە، ئەندام دەبن تێیدا". بەڵام بەپێی لێدوانێکی عەللاوی بۆ کەناڵی CNN ئەو دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن.

ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، پرۆژەیەکی سیاسییە حکومەتی عێراق لەساڵی 2003 دەنگی بۆدا، بەو پێیە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی پێدەدرێ. پێش کۆبوونەوەی 2010/11/11، هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نوری مالیکی، پاڵێوراوی هاوپەیمانیی نیشتمانی بۆ سەرۆکی حکومەت، ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە ڕێککەوتنێکیان ئیمزاکرد بۆ دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان بەو چەشنەی کە هەریەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران پشکی عێراقییە بێت، بەو پێیە هەریەک لە پۆستی سەرۆکایەتی کورد بۆ کورد و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ نوری مالیکی یەکلایی ببێتەوە.

جەمال بەتیخ، سەرکردە لە لیستی عێراقییە، دەڵێ لێژنەیەک لەنێوان لیستەکاندا پێکهاتووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی ئەو پرۆژەیەی لیستی عێراقییە لەبارەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان ئامادەیکردبوو. بەتیخ لە شاری بەغداوە بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "لێژنەیەک پێکهاتووە بۆ ئەوەی هەیکەل و پەیڕەوی ناوخۆ و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە دیاری بکات، ئەو پرۆژەشی کە عێراقییە پێشکەشیکردبوو لەبەردەستە بۆگفتوگۆ لەسەرکردنی"، بەتیخ کە بەگەشبینییەوە گوتی لەماوەی ئەو مانگەی دیاریکراوە "یاسای ئەنجوومەنەکە لەپەرلەمان دەردەکەین"، لە هەمانکاتدا ئەوەشی نەشاردەوە کە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنەکە "جێی ناکۆکین، بەتایبەت دەسەڵاتەکانی". هەڵوێستی عێراقییەشی لەو ڕووەوە وا نیشاندا کە نایەوێ "ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری بێت، بەرامبەرەکانمان ئەوەیان دەوێت، چونکە ئەوکات هیچ بەهایەکی نابێت"، لەگەڵ ئەوەشدا بەباشی زانی بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکە بە دەنگی 100%ی ئەندامەکانی پەسەندبکرێ نەک 80%، گوتیشی "بڕیارەکانی مولزەم دەبن بۆ هەموو بەرپرسانی دەوڵەت و وەزارەتەکان بەسەرۆک وەزیرانیشەوە".

بەپێی ئەو پرۆژە یاسایەی لیستی عێراقییە بۆ ئەنجوومەنەکە ئامادەیکردووە و دراوەتە مالیکیش، ئەنجوومەنەکە بەشێک دەبێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و جێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی دەگرێتەوە، ئەرکەکانیشی بریتین لە "دانان و پێشنیازکردنی سیاسەتە باڵاکانی دەوڵەت لەسەرجەم بوارەکان وچاودێریکردنی جێبەجێکردنیان، مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە جەوهەرییەکاندا لە سیاسەتی دەرەکی، سیاسەتی ئاسایش و بەرگری، ئابووری، کۆمەڵایەتی".

دارا محەممەد ئەمین ڕەتیکردەوە هیچ ڤیتۆیەک لە نێو ئەنجوومەنەکەدا هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان، جەختیشیکردەوە "ئەگەر هەر بڕیارێک متمانەی 80%ی ئەندامانی وەرگرت، ئەوا دەردەچێت و دەبێ هەمووان پێوەی پابەندبن"، هاوکات ئاماژەی بۆ ئەوەکرد مەسەلەکانی "هەمواركردنەوەی دەستوور، مەسەلەکانی نەوت و غاز، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئاسایشی نیشتمانی لەو ئەنجوومەنە یەکلایی دەکرێنەوە"، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی "کورد لەگەڵ ئەوەدایە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران وەربگیرێتەوە و بدرێتە ئەو ئەنجوومەنە".

عێراقییەش ڕایگەیاند کە باراک ئۆباماى سەرۆکی ئەمریکا بە عەللاوی ڕاگەیاندووە کە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجوومەنە زۆر فراوان دەبن، هەروەها گوتوویەتی "ئەیاد عەللاوی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان 100 ڕاوێژکاری دەبێت".

محەممەد سەعدون سەهیود، سەرکردە لە لیستی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) مەترسیی لیستەکەی و هاوپەیمانیی نیشتمانیی نیشاندا لەوەی ئەو ئەنجوومەنە بە "دەسەڵاتی بەرفراوانەوە" ببێتە هۆکارێک بۆ "پەراوێزخستنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و دەسەڵاتەکانی"، گوتیشی "نابێ ئەو ئەنجوومەنە دەسەڵاتەکانی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی وەزیران زیاتر بێت، چونکە بەوشێوەیە کێشە بۆ کۆی سیستەمی سیاسی لە عێراق دروستدەکات و کاری پەرلەمانیش دەشێوێنێ"، سەهیود نەشیشاردەوە کە "تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر هیچ وردەکارییەکی ئەو ئەنجوومەنە نییە، هەروەها ئێمە لەگەڵ ئەوەداین نەچێتە نێو وردەکارییەکانەوە، تەنها چاو بە مەسەلە ستراتیژییەکانی وڵاتدا بگێڕێ".

بەڵام دارا موحەمەد ئەمین، لە لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "دەسەڵاتی ئەنجوومەنەکە لە دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆماریش زیاتر دەبێت".



## پەرلەمانتارێکی گۆڕان : دەنگمان بە مام جەلال دا

**رووداو-بەغدا**

پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا رەتیدەکەنەوە کە ئەو 9 دەنگە سپییەی لەکاتی هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سەرۆکی کۆماری عێراق خرانە سندوقی دەنگدانەوە 8یان هی گۆڕان بووبن. ئاڵا تاڵەبانی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "هەموو ئەندامانی گۆڕان دەنگیان بە مام جەلال داوە"، گوتیشی پێش دەنگدان ئەو هەڵوێستەیان بە مام راگەیاندبوو. هەروەها د.محەممەد کیانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان پشتڕاستیکردەوە کە دەنگیان داوەتە مام جەلال و بە (رووداو)ی گوت " ئێمە بۆیە لە هۆڵی پەرلەمان ماینەوە تاوەکو وەکو یەکێتی و پارتی نەکەوینە مەوقیعەوە، کە کاتی خۆی پارتی و یەکێتی تێیکەوتن، کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوخۆیی پشتیان بە دووژمنی دەرەکی بەستووە".

# دەست لەکارکێشانەوەی حاکم رزگار لە دانیشتنی پەرلەماندا بڕیاری لەسەر دەدرێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

لەدوای پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی، حاکم رزگار محەممەد ئەمین، قسەی (رووداو) دەکات و هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە وەک هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی دەکرێن و هاوکات وەڵامی سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیش دەداتەوە لەپەرلەمانی کوردستان.

سۆزانی خاڵە شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی دەڵێ، حاکم رزگار لە دەست لەکارکێشانەوەکەیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان، تەنها ئاماژەی بە دانیشتنی 2010/11/3 کردووە کە سەرۆکی پەرلەمان رێگەی پێنەدا لەجێگەی خۆیەوە قسە بکات، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناکرێ لەشوێنی خۆتەوە قسەبکەی، بەڵام حاکم رزگار بە (رووداو)ی راگەیاند "هەموو وردەکارییەکانی هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەم لەو نامەیەدا کە نووسیومە وەڵامی سەرۆکی فراکسیۆنە، ئیتر نازانم بۆچی بە ئەنقەست وەرەقەکان تێکەڵ دەکات".

حاکم رزگار دەڵێ، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە رۆژنامەی هاوڵاتی گوتوویەتی کە من لەسەر مەسەلەی سەرۆکایەتیکردنی لیژنەی مافی مرۆڤ نیگەرانم و جێگری سەرۆک لیژنەبووم "بەڵام من نەسەرۆکی لیژنەبووم و نەجێگریش بووم و نە بەشداری هەڵبژاردنی ئەو لیژنەیەشم کردووە"، هەروەها گوتیشی"لە رۆژی 2010/10/6 ئەندامانی لیژنە دیاریکراون کە من لە ریزبەندییەکەدا ژمارەیەک بووم و دواتر لە رۆژی 2010/11/9 بڕیارێکی دیکە دەرکراوە و برای خۆشەویست کاک سالار مەحموود کراوەتە سەرۆک و بەفرین حوسێن بووەتە بڕیاردەر، ئیتر جێگری لیژنەی چی؟".

هەر لەسەرەتاوە کاتێک ناوی لیژنەکان دیاریکراون، ناوی حاکم رزگار یەکەمین ناو بووە بۆ دروستکردنی لیژنەی مافی مرۆڤ. سۆزان شەهاب لەبارەی چۆنیەتی دیارینەکردنی حاکم رزگار بە سەرۆکی لیژنەکە بە (رووداو)ی راگەیاند" کە هەڵبژاردنی لیژنەکە کرا حاکم رزگار لەسەفەری حەج بوو و نەدەکرا دوابخرێ، گوتمان با کاک سالار دابنرێ و دوایی ئەوە چارەسەر دەکەین. بەڕاستیش کاک سالار تائێستا سێ جار نامەی نووسیوە و گوتوویەتی من ئەو پلەیە دەدەمە حاکم رزگار".

بەڵام حاکم رزگار هێشتا لە لێدوانەکەی سەرۆکی فراکسیۆن تووڕەیە و دەڵێ "باشە کە من سەرۆک لیژنەبووم و چووم بۆ حەج، بۆچی کە هاتمەوە دەبمە جێگر؟ وادیارە بەڕێزیان سزایان داوم. خۆی سەرۆک کە دەڕوات جێگر لە شوێنی خۆی دادەنێ تاوەکو دێتەوە ، بەڵام هەر لەسەرەتاوە کاک سالار دانرابوو بە سەرۆکی لیژنەکە".

### سۆزانی خاڵە شەهاب: حاکم رزگار دەمێکە بێتاقەتە

رزگار محەممەدەمین، پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ، دادوەرێکی نێوداربووەو سەرۆکایەتی یەکەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەدام حوسێن و بەرپرسانی دیکەی بەعسی کرد. هەروەها ئەندامی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بوو.

حاکم رزگار، دەڵێ خەڵک واتێگەیێنراوە کە مەسەلەی ئەو لیژنەیە تازەبێت "خۆ من لە 2009ەوە لە حەج هاتوومەتەوە، ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بووایە هەر ئەوکات دەستم لە ئەندامێتی پەرلەمان دەکێشایەوە، پاشان ئایا ئەگەر کەسێک بڕوات بۆ حەج دواتر دەبێتە جێگر؟!".


حاکم رزگار رەتیدەکاتەوە پلە و پایە بێتاقەتیان کردبێ و دەڵێ " خۆمن لەلیژنەی ئەوقافیش ئەندامێکی ئاسایی بووم و قبوڵیشم کردووە".

حاکم رزگار محەممەدئەمین ، ئەوە سێیەمین دەست جارە دەست لەکارەکانی دەکێشێتەوە، ساڵی 1993بەهۆی کێشەیەکەوە لەگەڵ وەزیری دادی ئەوکات دەستی لەکارکێشایەوە، ساڵی 2006یش کاتێک لە دادگای باڵای تاوانەکان بوو، دەستی لەکارکێشایەوە و ئێستاش دەستی لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان کێشاوەتەوە.

لەنێو ئەندامانی پەرلەماندا باسی سێ هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی حاکم رزگار دەکرا، نەکردنی بە وەزیری داد کە گوایە لەلایەن یەکێتییەوە ئەو بەڵێنەی پێدرابوو، نەکرا. کرایە ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ و خۆی پێی خۆش نەبووە ئەندامی لیژنەیەک بێ کە کەسێکی لەو کەم شارەزاتر لەوبوارەدا سەرۆکی بێت، بەرپرسیارێتی خۆی لە دادگای تەمیز گەورەتربوو لە پەرلەمان ، هەروەها ئیمکانیاتی داراییشی زیاتر بوو.

حاکم رزگار بۆخۆی ئەو سێ هۆکارە رەتدەکاتەوە و هاوکات دەڵێ " وردەکاری دەست لەکارکێشانەوەکەم نووسیوە و لای سەرۆکی فراکسیۆنە، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆن تەنها ئاماژە بەکۆبوونەوەکەی 2010/11/3 دەدات". ئەوەش رەتدەکاتەوە کە بەتەمای وەزیری داد بووبێت "بەمەرج نەچوومەتە پەرلەمان، بۆ خزمەتی پرۆسەی یاسایی و میللەت چووم، من ساڵێکە ئەندامی پەرلەمانم، قابیلە ئێستا بزانم ناکرێمە وەزیری داد و ئێستا بیرم کەوتبێتەوە"، سەبارەت بە لیژنەی مافی مرۆڤیش گوتی "راستە من نیگەران بووم و مامەڵەی دانانی سەرۆک و بڕیاردەری لیژنەم بەلاوە پەسەند نەبووە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و ئیستیحقاق مامەڵەنەکرا و هەر ئەوکاتیش دەست لەکارکێشانەوەی خۆم لە لیژنەکە پێشکەشکرد".

### حاکم رزگار: نازانم بۆچی سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی وەرقەکان تێکەڵ دەکات



حاکم رزگار لەکاتی نووسینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) (فۆتۆ : رووداو)

### سالار مەحموود: داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم دەست لەکارکێشانەوەکەی قبوڵ نەکات

سۆزانی خاڵە شەهاب دەڵێ، ئێمە نەمانکردووەتە مەرج هەموو ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان وەک یەک بیربکەنەوە، لەوبارەوە دەڵێ "د.رەفیق سابیر کە ئەویش لە فراکسیۆنی کوردستانییە، زۆر جار رای جیاوازی هەبووە و ئاسایی بووە، بەڵام حاکم رزگار دەمێکە بێتاقەتە و لە دوای گەڕانەوەی لە حەج بەشداری کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنی کوردستانی نەکردووە و پێشتریش گوتوویەتی پەشیمانم لەوەی بوومەتە ئەندامی پەرلەمان".

سالار مەحموود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێ، ئەو لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانییەوە راسپێردرا ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرێ " خۆم داوام نەکردووە". سالار مەحموود لە درێژەی قسەکانیدا گوتی " دوای ئەوەی زانیم کاک حاکم رزگار لەسەفەری حەج گەڕاوەتەوە، دەمودەست نووسراوێکم نووسی بۆ فراکسیۆن و داوامکرد کە بەڕێز حاکم رزگار بکرێتە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، چونکە بەڕێزیان دادوەرێکی نێودەوڵەتییە و کەسێکی زۆر بەتوانایە، بەڵام نە سەرۆکایەتی فراکسیۆن و نەسەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامیان نەدامەوە".

سالار مەحموود دووپاتی دەکاتەوە ئەگەر نیگەرانی حاکم رزگار پەیوەندی بەو لیژنەیەوە هەبێت، ئامادەیە وازی لێبێنێ " من لە نامەکەدا گوتوومە ئەگەر نیگەرانییەکانی بەڕێز حاکم رزگار پەیوەندی بەلیژنەی مافی مرۆڤەوە هەبێت، من دەست لەسەرۆکایەتی لیژنەکە دەکێشمەوە و دواتریش لە حاکم رزگار خۆیم بیستووە کە پەیوەندی بەلیژنەکەوە نییە"، سالار داواکاریشی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند نەکات.

ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست لەکارکێشانەوەکەت قبوڵنەکات دەگەڕێیتەوە؟ حاکم رزگار وەڵامی ئەوەی نەدایەوە. بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی دەڵێ "دەست لەکارکێشانەوەکەی دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان و دانیشتنی بۆ دەکرێ، لەو دانیشتنەدا بڕیار دەدرێ قبوڵ بکرێت یان نا".



**عەبدولڕەحمان سدیق ***

prdcenter@yahoo.com

## لەعێراقدا..
# سیاسەت دەبێتە سیاحەت

لەکاتێکدا سیاسەت زانستێکە چەندین پەیمانگە و کۆلێژ و دامەزراوە کاری تێدا دەکەن و، کاری لەسەر دەکەن، سیاسەتمەدارانیش چەندین خولی شیاندن دەبینن و، چەندین راوێژکاری بەتواناشیان هەیە، کەچی لەعێراقدا تائێستاش سیاسەت بووەتە قوربانی ئەو رێسا هەڵەیەی کە دەڵێ : هەموو حیزبییەک سیاسییە، بەڵام مەرج نییە هەموو سیاسییەک حیزبی بێت.

هەڵەی ئەم رێسایە لەوێوە دەستپێدەکات کە ئاسانترین شت لای ئێمە بەحیزبی بوونە، لەگەڵ بوون بە ئەندام لەحیزبدا، ئیدی هەموو مافێکت هەیە کە قسە لەدروشت و وردی سیاسەتی حیزب و ناوچەکەو جیهانیش بکەی، ئەمە لەکاتێکدایە کە سیاسەتیش پسپۆڕێتی وردی تێکەوتووەو، خولیاو خوێندن و خولی پێویستە.

ئەوەی لەعێراقدا بینیمان لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا بەگشتی و، دووساڵی دوایی بەتایبەتی ئەوەیە کەلای عێراقییەکان سیاسەت بووەتە سیاحەت و، سیاسەت ئەوەیە کەبەردەوام لەسەردانی ئەم وڵات و، ئەو دەوڵەت بیت بۆباسکردنی کێشەکانی قەوارە حیزبییەکەی و وڵاتەکەی.

ئەمەش وایکردووە کە هەموو سیاسەتمەدارێکی عێراقی رۆڵی وەزیری دەرەوە ببینێ لە وڵاتان، ئەمەش لەپێش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەو، لەکاتی هەڵبژاردنەکان و، لەدوای دەرچوونی ئەنجامەکانیش زیاتر بەدەرکەوت و، لەحاڵەتەوە بووە دیاردە.

سەردانە یەک لەدوای یەکەکانی سەرانی قەوارە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەریەک لە میسرو سوریا و تورکیا و ئوردن و ئێران و قەتەر و بەحرێن و ئیمارات و کوێت و سعودیە و لوبنان و ئەمریکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و رووسیاو چین و بەریتانیاو..هتد راستی ئەو قسانەمان دەسەلمێنن!

دیارە ئەمەش وەنەبێت بەئاسانی تێپەربێت، بەڵکو ئاکامەکانی لەئایندەدا بەدەردەکەون، چونکە لەو سەردانانەدا چەندین دۆسیەو فایلی دەوڵەمەند لەبارەی عێراقەوە دروستکراون لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە عێراق لەداهاتوودا باجەکانی دەدات، ئەمە وێڕای کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بەو کەسایەتییە عێراقییانەو قسەو لێدوانەکانیان و خاڵە لاوازەکانیان و، چۆنیەتی هاوکاری ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەوان و قەوارەکانیان.

ئەمە جگە لەوەی کەهەموو ئەم خاڵە لاوازانە لەسەر عێراق دەژمێردرێن و، کاریگەریشی دەبێ لەسەر مامەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی عێراق لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، چونکە سوریا بەکەمتر لەکردنەوەی لوولە نەوتی کەرکووک-بانیاس رازی نابێ و، ئێرانیش بە بەشداری گەورە لەوەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و، تورکیاش بەنوێکردنەوەی هەرزان بەهای نەوتی لوولەکانی کەرکووک — جیهان و، وەبەرهێنان لەعێراقداو، دۆسیەی PKKو، کۆنترۆڵکردنی ئاوی دیجلەو فورات و، سعودیەش بەدووبارەکردنەوەی هێڵی تراتیژی هەشتاکان و، لوولە نەوتی کەرکووک — سعودیەو، ئوردنیش بەدەستکەوتنی نەوتی عێراق بە نرخی هەرزان و،کوێتیش بە وەرگرتنی پشکی زیاتری وەبەرهێنان لەبواری گاز و بازرگانیدا..هتد.

بۆیە بەم جۆرە سیاسەتە سیاحەت ئامێزەو، بەم سیاسەتمەدارە گەڕۆکانەوە، عێراق لەبەردەم ئایندەیەکی مەترسیدار و ترسناکدایە، کە خەڵکی عێراق درەنگ یان زوو باجەکانی دەدات.

*** سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پرد و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای رووخاندنی رژێمی سەدام.**

# رێککەوتنی کورد لە بەغدا دێتەوە پەرلەمان؟



## پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی 19 خاڵەکەیە

**د. زانا رەئوف ***

هەموو لایەک لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو خاڵە کۆکبوون کە چیتر نابێت پەرلەمانی کوردستان بێ ئاگا بێت لەو رووداوانەی لە بەغدا روودەدەن، چیتر نابێ نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەبێ ئاگاداری نوێنەرانی گەلی کورد لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان بدەن.

بێگومان پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بنەڕەتەوە لەسەر بە مەرجەع دانانی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتووە، بەحوکمی ئەوەی ئەو 19 خاڵەی داواکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بریتین لە لانیکەم (حد ادنی)ی داواکاری هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کورد، لەبەرئەوە تەنازولکردن لەسەر هەر خاڵێک لەو 19 خاڵە هیچ بەهایەکی ئەوتۆ بۆ بنەمای سازان و گفتوگۆ و لێکگەیشتن ناهێڵێتەوە. چونکە ئەوە بە دانوستاندن دانانرێت بەڵکو مانای تەنازول و سازشکردن دەگەیێنێ، تەنانەت ئەگەر بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانیش بێت تەنازولکردن مایەی قبوڵکردن نییە، هیچ نەبێت با چاوێک لە هەندێک لە هێزە عەرەبییەکان بکەین، ئەوان سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری داواکانیان نادەستووری و ناڕەوان، بەڵکو حیزبی و تایبەتین، کەچی هیچ ئامادەیییەکی سازشکردنیان نییە. جا ئەگەر شاندی دانوستاندنکاری کورد هەر جۆرە تەنازولێکی کرد بەتایبەت لەبارەی پرسە چارەنوسسازەکان، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان بەو ئیعتیبارەی کە مەرجەعی باڵای گەلی کوردستانە، دەستبەجێ بێبەریبوونی خۆی لەو خاڵانە رابگەیێنێ کە تەنازولی لەسەرکراوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە شاندی دانوستاندنکاری کورد رێگەپێدراو (مخول) نییە تەنازول لەو 19 خاڵە بکات، ئەوان ڕاسپێردراون بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن نەوەک بۆ سازش و تەنازول. هەر کاتێکیش ئەو شاندی دانوستاندنکارە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گفتوگۆکانی یاخود خاڵێک لە خاڵەکانی بە بنبەست گەیشتووە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ مەرجەعەکەی کە ئەویش پەرلەمانی کوردستانە تاوەکو بڕیار لەسەر هەمواركردنی ئەو خاڵە بدات بەو شێوەیەی کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد نەگەیێنێ.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان**



## دەبێ پەرلەمانی کوردستان رێککەوتنی بەغدا پەسەند بکات

**ئاسۆ کەریم***

بەپێی بڕیارێک کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، پەرلەمانی کوردستان مەرجەعە بۆ پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان، دیارە بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی نوێی عێراق وەک دووەمین نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا پێویستە، بۆ ئەو مەبەستەش لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەک لە فراکسیۆنە براوەکان پێکهاتبوو وتووێژ لەسەر ئەو بەرنامەیە کرا کە دراوەتە لایەنە عێراقییەکان، بۆ ئەوەی هەروەک بڕیارێکی پێشوەختی پەرلەمان هەبووە، پێویستە شاندی دانوستاندنکاری کورد پاش ئەوەی دەگاتە رێککەوتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەبێ رێککەوتنەکە بگەڕێتەوە پەرلەمان بۆ ئەوەی موسادەقەی لەسەر بکرێ. لەبەرئەوەی هەندێک پرس هەن چارەنووسسازن، وەک پرسی مادەی 140ی دەستوور، جێبەجێکردنی دەستوور، حکومەتی شەراکەتی نیشتمانیی، بەشی کورد لە پۆستە سیادییەکان، دابەشکردنی سەروەت و دەسەڵات، کە ئەوە رێکن لەگەڵ سیستمی فیدرالی لە عێراق، چونکە فیدرالی هیچ مانایەکی نامێنێ، ئەگەر دەسەڵات و سەروەت لەنێوان هەرێمەکان دابەشنەکرێ.

هێندەی من پێی بزانم لیستەکەی مالیکی بەهەر 19 خاڵەکە، هەندێک لایەنی دیکەش بە هەندێکیان رازیبوون، بەڵام هەر پێویست دەکات ئەوەی رێککەوتنی لەسەر دەکرێ بگەڕێتەوە پەرلەمانی کوردستان و موسادەقەی لەسەر بکرێ. دەبێ پەرلەمانتاران بەرنامە رێککەوتن لەسەر کراوەکە ببینن، بزانن چۆنە، ئەوکات بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە لێپێچینەوە لەگەڵ شاندی دانوساندنکاری کورد بکەن یان نا.

داواکارییەکانی کورد ئیستحقاقی نەتەوەیی تێدایە، وەک پۆستی سەرۆک کۆمار کە ئیستحقاقێکی نەتەوەییە، بۆ ئەوەی کورد وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر نەکرێ، بەڵام بە بڕوای من بە تەنیا پۆستەکان بەس نین، بەڵکو بەرنامەی ئیتفاق لەسەرکراو و ئەجێندای حکومەت گرنگە چ بەرنامەیەک ئیتفاقی لەسەر دەکرێ. ئەوانەی رێککەوتنەکەش جێبەجێدەکەن گرنگن. نابێ یەکێک هەیمەنە بکات بەسەر یەکێکی دیکەدا، هەندێک داوکاری هەن، قابیلی دانووستاندن لەسەر کردنن. ناشکرێ هیچ لایەنێکی دانوستاندنکار هەموو داوایەکانی بێنەدی.

*** ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی پارتی**



## پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات


**سەباح محەممەد***

پەرلەمانی کوردستان دەربڕی رای جەماوەرە، جەماوەریش بەهیچ شێوەیەک رازی نییە بە سازشکردن لەسەر مافە نەتەوەییەکانی، مێژووش سەلماندوویەتی ئەوەی گوێ لە جەماوەر نەگرێ بڕیارەکانی لە دەرەوەی خواستی جەماوەر بێ، ئەو بڕیارە هیچ شەرعییەتێکی نییە، بۆیە پەرلەمان پابەندە بەو داواکارییانەی کە گەلی کورد دووپاتیکردوونەتەوە.

ئێمە پرەنسیپێکمان هەیە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا لەبەرئەوەی نوێنەری کوردن دەسەڵاتی بڕیاردانیان هەیە لە هەر پرسێک پەیوەندی بە گەلی کوردەوە بێ، بەڵام لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، پەرلەمانی کوردستان وەک دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری، گەورەترین دەسەڵاتە و دەبێ بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.بۆیە ئەگەرشاندی دانوساندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تەنازولیان لەو 19 داواکاریە کرد، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات و داوایان لێبکات روونکردنەوە بدەن. ئەوان بەر لەوەی بۆ دانوساندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بچنە بەغدا، بە پرسی پەرلەمانی کوردستان رۆیشتوون، بە حوکمی ئەوەی نوێنەری هەموو حیزبە سیاسییەکان لە پەرلەمانی کوردستانن، ئەوانیش نوێنەری حیزبەکانن. بێگومان بەرجەستەبوونی ئیرادەی جەماوەری لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستان خۆی دەنوێنێ. بەڵام لەو 19 داواکارییەی کورد هەیەتی ئەولەوییەت هەیە، هەندێک داواکاری هەن پێش ئەوانیدیکەن، بۆ نموونە ناوچە دابڕاوەکان ئەولەوییەتی تەواویان هەیە، کە بە زوڵمی مێژوو نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئینجا داواکارییەکانی دیکە.

ئەو داواکارییە سیاسیانەی کە گەلی کوردستان پێشکەشی کردوون، هوشیارییەک لە پشتیانەوە هەیە و رێزبەندییان بۆکراوە و قابیلی سازشکردن نین، بەڵام رەنگە هەندێکیان قابیلی دەستکاریکردن و رێکخستن بن. ئێمە دەبێ ئێستا بزانین عێراق سیستمێکی دیموکراتی پەرلەمانی هەیە و ناتوانین لە کایەی دیموکراتی و پەرلەمانی بچینە دەرەوە، بەڵام ئەوەی داواکاری دەستوورییە و لەدەستووری عێراق بۆ کورد جێگیر بووە، بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکرێ. دەمێنێتەوە هەندێک تەکنیک، سەبارەت بەجێبەجێکردنی هەندێک لەو یاساو بڕیارانەی دەردەچن، ئەوانە قابیلی گفتوگۆن. دەبێ ئێمەش رێگە بدەینە لایەنی بەرامبەر چونکە ئەویش گۆشە نیگای خۆی هەیە.

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی**



## پەرلەمان تەنیا دەتوانێ لۆمەیان بکات

**گوران ئازاد***

ئەو 19 خاڵە گوزارشتە لە بۆچوونی پەرلەمانی کوردستان، چونکە لەنێو پەرلەمان ئامادەکراوە، سەرۆکی پەرلەمانیش لەدانیشتن وگفتوگۆکردن لەسەریان بەشدار بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم خاڵانە داواکاری هەموو گەلی کوردن بەوپێیەی کە لەپەرلەمان پەسەندکراون، پەرلەمانیش نوێنەری هەڵبژێردراوی گەلە، پێشمواپە ئەوانەی لە بەغدان لەئاستی ئەو لێپرسراوێتیەدان کە تا بکرێ سازش لەسەر ئەو 19 داواکاریە نەکەن، ئەگەر سازشیشیان کرد بێگومان دەبێ روونکردنەوە بدەنە پەرلەمان.

بەپلە یەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەستە بەم وردەکاریانەی تەنازولکردن، پەرلەمانتارانی بەغدا مەرجەعییەتیان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە نەک پەرلەمان، چونکە ئەوانیش وەک ئێمەی پەرلەمانتار بەدەنگی خەڵک بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردراون، بۆیە بە بۆچوونی من وەک یاساناسێک پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی لێپێچینەوەی نییە لەگەڵیان، تەنیا بۆی هەیە ئەگەر بینی سازشکراوە لۆمەیان بکان، تەنانەت بۆ ئەو لۆمەیەش دەتوانن بە دەنگمانەوە نەیێن، چونکە هەردووکمان مەرجەعیەتمان گەلە، بۆیە ناتوانین وەک مەرجەعیەتێک لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەین و دواتر هیچ ماددەیەکی یاسایی نییە ئاماژەوە بەوە بدات ئەگەر پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا سازشیان کرد پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات یان متمانەیان لێوەربگرێتەوە.

ئەگەر شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ هەر لایەنێک رێککەوت هیچ پێویست ناکات پەرلەمان دووبارە موسادەقە لەسەر رێکەوتننامەکە بکاتەوە، چونکە کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی و بەدواداچوون بکات بۆ ئەو داواکارییانەی کورد وەک ئەوە وایە پەرلەمان پەسەندی کردبێت، بەڵام وا باشترە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆچوونی پەرلەمانتاران وەربگرێ، بەشێوەیەکی گشتیش موسادەقەکردنی رێککەوتننامەکان لەدەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام دەشکرێ پەرلەمان کە نوێنەری گەلە ئاگاداری وردەکاریەکانی ئەو رێککەوتننامەیە بێت.

***ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی یەکێتی**

# ڕاپۆرت

## تارق هاشمی لە ڕقی موتڵەگ چووە دەرەوە



ڕووداو-الاخبار

سەرچاوەیەکی نزیک لە لیستی عێراقییە ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە تارق هاشمی، سەرکردە لە لیستی عێراقییە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ڕەتکردووەتەوە لەو کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی لیستەکەی و هاوپەیمانی نیشتمانی و ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامیاندا. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "هاشمی لەسەر ئەو پێشنیازە هۆڵی کۆبوونەوەکانی بەجێهێشت"، سەرچاوەکە ئەوەشی گوت نیگەرانییەکانی هاشمی لەوەوە هاتووە کە ئەندامانی کۆبووەوە ویستبوویان پۆستی جێگری سەرۆکی کۆمار بدرێتە ساڵح موتڵەگ، لە لیستی عێراقییە، ئەمەش هاشمی نیگەرانکرد.

سێیەمین نەخۆشییە کە دەبێتە هۆکاری مردن لە

# 8%ی هاووڵاتیانی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون





بیلال سەعید
ڕووداو - هەولێر

بەپێی ئەو ئامارانەی لە سەنتەرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی شەکرە دەست (ڕووداو) کەوتوون ئەمساڵ نزیکەی 20 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون. سەرپەرشتیارانی سەنتەرەکانی نەخۆشی شەکرەش دەڵێن 8%ی دانیشتووانی کوردستان نەخۆشی شەکرەیان هەیە.

نەخۆشی شەکرە، بریتییە لە زیادبوونی ئاستی ڕێژەی شەکر لەناو خوێنی مرۆڤدا لەئەنجامی نەبوونی یان کەمبوونی یان کەمکارکردنی هۆرمۆنی ئەنسۆلین.

یەکێتی نێودەوڵەتی نەخۆشی شەکرەو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕۆژی 11/14ی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شەکرە ناساندووە، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی فریدریک بانتین، کە توانی لەگەڵ شارلز بیست، مادەی ئەنسۆلین لەساڵی 1922دا بدۆزنەوە.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان 3%ی دانیشتووانی ئەوروپا، 5-10%ی کیشوەری ئەمریکا نەخۆشی شەکرەیان هەیە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستی عێراق ساڵی 2008 نزیکەی 10.4%ی هاووڵاتیانی عێراق ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 25-65 ساڵدایە، نەخۆشی شەکرەیان هەبووە. لە کوردستانیش مەزندە دەکرێ 8%ی دانیشتووان نەخۆشی شەکرەیان هەبێ.

د.خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشی شەکرە، کە پسپۆڕانی بواری تەندروستی باسیدەکەن پشتڕاستکردەوەو گوتی "بەپێی ئەو ئامارەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بڵاویکردووەتەوە ڕێژەی تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە لەعێراق بەکوردستانەوە 10%یە، واتە دەتوانرێ بڵێین ئێستا ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان لەسەرووی 8%ەوەیە".

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی شەکرە لە جیهاندا دەگاتە 220 ملیۆن کەس، پێشبینیش دەکرێ لە2030دا ڕێژەکە بەرزببێتەوە بۆ دوو ئەوەندە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراو 80%ی ئەوانەی بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە لە جیهاندا دەمرن، لە وڵاتانی کەم داهاتن.

لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی تەندروستی سێ بنکەی هەن بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە، کە لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆکن. پسپۆڕانی بواری تەندروستیش ئاماژە بەوە دەدەن ڕێژەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2008 دا بەگشتی 141143 حاڵەتی نەخۆشی شەکرە تۆمارکراوە (سلێمانی 76894حاڵەت، هەولێر 43562 حاڵەت، دهۆک 20678 حاڵەت) بەڵام ساڵی ڕابردوو ڕێژەیەکی کەمتر تۆمارکراوە کە (78019) حاڵەت بووە (لە هەولێر 40798 حاڵەت، دهۆک 19197 حاڵەت، سلێمانی 18204 حاڵەت).

ڕێبوار عەزیز، 28 ساڵ، کە گەنجێکی ڕەنگ ئەسمەری قەڵەوە، دووساڵە زانیویەتی نەخۆشی شەکرەی هەیە، بۆیە بەردەوام سەردانی سەنتەری شەکرە دەکات، ڕێبوار ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی گرانی دەرمانەوە ناتوانێ ئەو هەموو دەرمانەی شەکرە بکڕێت، بۆیە داوا لە حکومەت دەکات دەرمانی پێویستیان بۆ دابین بکات.

### ڕۆژانە 15 کەس لەهەولێر تووشی شەکرە دەبن

بنکەی سەنتەری شەکرەی لەیلا قاسم، کە دوو ساڵە لە هەولێر کراوەتەوە لەو ماوەیەدا چەندین نەخۆشی چارەسەر کردووە. دکتۆر دلێر ئەنوەر، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئاشکرایکرد کە بەپێی ئاماری ئەوان تەنیا ئەمساڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر 9 هەزار کەس ناویان تۆمارکراوە کە تووشی نەخۆشییەکە بوون، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو ئەو ڕێژەیە تەنها 6 هەزار کەس بوو.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ڕۆژ بەڕۆژ ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشی شەکرە لە زیادبووندایەوگوتی "بەپێی بەدواداچوونەکانم دەتوانم بڵێم 8%ی هاووڵاتیانی کوردستان تووشی نەخۆشی شەکرە بوون، ڕۆژانەش زیاتر لە 15 کەس تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن لە هەولێر".

لە شاری دهۆکیش ڕێژەکە ڕوو لە زیادبوونە. دکتۆر یونس ئەسوەد خەلەف، بەڕێوەبەری بنکەی سەنتەری شەکرە لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تەنیا لە ماوەی ئەمساڵدا 4700 نەخۆشی شەکرە تۆمارکراون، لەکاتێکدا ڕێژەکە ساڵی ڕابردوو لەهەمانکاتدا 3200 کەس بوو، "جگە لەوەش خەڵکانێک هەن تووشی نەخۆشییەکە بوون بەڵام سەردانی سەنتەرەکانیان نەکردووە".

سەنتەری شەکرە لەشاری سلێمانی لەساڵی 2005ەوە کراوەتەوەو ڕۆژانە ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی شەکرەبوون لەشاری سلیمانی سەردانی دەکەن. دکتۆر تەها مەحوی، بەڕێوەبەری سەنتەری شەکرە لەسلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا ئەمساڵ 1750 تووشبووی تازە تۆمارکراوە، تائێستا 8210 تووشبوو لە شاری سلێمانی تۆمارکراوە". ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا تائێستا لە ڕێگەی بنکەکەیانەوە 2500 ئامێری شەکرە دراوەتە تووشبوانی شەکرە و 822 نەخۆش دەرمانی ئەنسولین وەردەگرن و 316 تووشبووش بەشێوازی دەرمانی جۆراو جۆر چارەسەریان پێدەدرێ.

### 250 منداڵ لە هەر پارێزگایەکی کوردستان

ئەوەی تێبینی دەکرێ، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانیش تووشی نەخۆشی شەکرە بوون. لە 2006/4/3 کۆمەڵەیەکی تایبەت بە شەکرەی منداڵان دامەزراوە لە کوردستان بەناوی کۆمەڵەی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە، کە کاری هۆشیارکردنەوەی منداڵانە و بنکەی سەرەکی کۆمەڵەکە لە شاری هەولێرە. شەهلە حەسەن، سەرۆکی کۆمەڵەکە ڕایگەیاند 165 منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە ئەندامی کۆمەڵەکەیانن و دەرمانی نەخۆشی شەکرەیان بۆ پەیدا دەکەن. سەبارەت بە ژمارەی منداڵانی تووشبوو بەو نەخۆشییەش، گوتی "بەلانیکەم لە هەر پارێزگەیەکی هەرێمی کوردستان 250 منداڵی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە هەیە".

بەپێی ڕیزبەندییەک بۆ 10 لەسەر ئەو نەخۆشیانەی دەبنە هۆکاری مردن لە کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی ئامادەکراوە، نەخۆشی شەکرە بە پلەی نۆیەم دێت، لەسەر ئاستی نەخۆشییە درێژخایەنەکان پلەی سێیەمی هەیە دوای هەریەک لەنەخۆشییەکانی شێرپەنجە و گوشاری خوێن دێت، لەهۆیەکانی مردن لە کوردستان.

#### جۆرەکانی

چەند جۆرێک نەخۆشی شەکرە هەیە شەکرەی جۆری یەکەم (شەکرەی منداڵان) کە بەهۆی تێکشکانی خانەکانی بیتا لە پەنکریاس ئەنسۆلین نامێنێ. شەکرەی جۆری دووەم، زیاتر ئەوانە تووشی دەبن کە قەڵەون. شەکرە درۆزن و شەکرەی کاتی دووگیانی.

د.ئازاد مەنتک، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ، ئاماژەی بە هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە دەکات لەوانەش هۆکاری بۆماوەیی، زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، زۆر خواردن، وەرزش نەکردن، خەم خواردن، بەکارهێنانی دەرمانی قەڵەوی.

#### ڕێگەی چارەسەری

سەبارەت بە ڕێگە چارەی چارەسەربوونی تووشبووانیشی، ئەو دکتۆرە دەڵێ: دەبێ زوو زوو فشاری خوێنی بگرێ، نەهێڵێ قەڵەو ببێت، پشکنینی چاو ئەنجامبدات چونکە شەکرە کاریگەری دەبێ لەسەر چاو، هێڵکاری دڵ ئەنجامبدات. پێویستە قامک و ئەنگوستەکانی دەست و پێی پێشانی پزیشک بدات و چاودێریان بکات لە برین و قەڵشین، واز لە جگەرەکێشان بێنێ، گرنگی بەپاکوخاوێنی دەم و ددانی بدات و بەیانیان و ئێواران بیانشوات.هەفتانە 2-3 جار گۆشتی ماسی بخۆن.

دکتۆر ئازاد مەنتک ئاماژەی بەوەدا کە ڕێکخراوی شەکرەی ئەمریکی ڕێنماییداوە وەرزشکردن بۆ ماوەی 150 خولەک لەیەک هەفتەدا کە دابەشکرابێت بەلایەنی کەم بەسەر سێ ڕۆژدا یارمەتی کۆنترۆڵکردنی شەکرە دەدات، هەروەها وەرزشکردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسی تووش بوون بەنەخۆشییەکانی دڵ، نایەڵێت مرۆڤ قەڵەو ببێت، چەوری لە لەش کەم دەکاتەوە. ڕێژەی شەکر لەناو خوێن ڕێکدەخات.

# ڕووداوەکەی یەمەن پۆستەی هەرێمی کوردستان دەخاتە جووڵە

## بەڕێوەبەری پۆستەی هەرێمی کوردستان:
## کۆنترۆڵی پۆستەی هەرێمی کوردستان لەئاستێکی لاوازدایە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو - هەولێر

ڕووداوی ناردنی تەقەمەنی لەڕێگەی پۆستی ئاسمانییەوە بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لەدوو فرۆکەخانەی دوبەی و لەندەن ئاشکرا بوو، بەرپرسانی ئاسایش و پۆستەی هەرێمی کوردستانی خستە جووڵەو، ئێستا لەهەوڵی دابینکردنی ئامێری پێشکەوتوودان بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆستە نێردراوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە، تاوەکو ئەوەی بەسەر فرۆکەخانەی سەنعای پایەتەختی یەمەندا تێپەڕی کە سەرچاوەی لێوە ڕۆیشتنی پۆستە بۆمبڕێژکراوەکان بوو، لە کوردستان دووبارە نەبێتەوە. بەڕێوەبەری پۆستەی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "کۆنترۆڵی پشکنینی پۆستەی هەرێمی کوردستان لەئاستێکی لاوازدایە، بۆیە ترسمان هەیە پۆستەکانی ئێمەش بۆ هەمان ئامانج بەکاربێن".

ئێوارەی 2010/10/28 پۆلیسی فرۆکەخانەی دوبەی، دەستی بەسەر پێچراوێکی پۆستەی یەمەنیدا گرت، کە پێکهاتبوو لە پرێنتەرێکی کۆمپیوتەری ئاخنراو بە مادەی تەقەمەنی تاوەکو لە ڕێگەی پۆستەی کۆمپانیای فیدرال ئێکسپرێسی ئەمریکی (فیدکس)، بۆ ولایەتی شیکاگۆی ئەمەریکی ڕەوانە بکەن. هاوکات لەفرۆکەخانەی شاری لەندەنیش، پۆلیس پێچراوێکی پۆستەی پووچەڵکردەوە کە بەچەند فرۆکەخانەیەکدا لە سەنعای پایتەختی یەمەنەوە گەیشتبووە لەندەن و بڕیاربوو بەرەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوات و لەئاسمان بتەقێتەوە.

مادەی تەقەمەنییەکە بریتی بوو لە (B.I.T.N) کە پێکهاتەیەکی بەهێزە بۆ تەقینەوە، لەنێو شوێنی مەرەکەبی تایبەت بە پرێنتەرەکە دانرابوو و دواتریش بە مۆبایلێکەوە بەستراوەتەوە، بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیانەوێ لە ڕێگەی ئەو مۆبایلەوە بیتەقێننەوە.

ئومێد محەممەد، بەڕێوەبەری پۆستەی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند دوای ڕووداوەکەی یەمەن، تەواوی بنکەکانی پۆستەی شارەکانی هەرێمی کوردستانیان ئاگادار کردووەتەوە، کە بەر لەناردنی هەر پۆستێک بۆ سەنتەری ئاڵوگۆڕی هەولێر پشکنینێکی زۆر ورد بۆ پۆستەکان بکەن. ئومێد گوتیشی "کۆنترۆڵی پشکنینی پۆستەی هەرێمی کوردستان لەئاستێکی لاوازدایە، بۆیە ترسمان هەیە پۆستەکانی ئێمەش بۆ هەمان ئامانج بەکاربێن".

ئەوەی جێگەی مەترسییە، پسپۆڕانی بواری تەقەمەنی لە بەریتانیا دەڵێن ئەوانەی پۆستە بۆمبڕێژکراوەکانیان ئامادەکردووە، شارەزاییەکی بەرزیان لەو بوارەدا هەیەو تەقەمەنییەکان بەشێوەیەک دانراون کە پشکنینی تیشکی ئێکس لەفرۆکەخانەکان ناتوانێ ئاشکرای بکات. ئاشکرابوونی ئەو پۆستە بۆمبڕێژکراوانەش وەک دواتر دەرکەوت بەهۆی زیرەکی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان یاخود پیاوانی پۆلیس نەبووە، بەڵکو ئەندامێکی ڕێکخراوی قاعیدە لەنیمچە دوورگەی عەرەب کە 10 ڕۆژ پێشتر خۆی ڕادەستی هێزەکانی ئاسایشی سعودیە کردووە، ئەو زانیاریەی درکاندووە.

ڕێکخراوی قاعیدە لەنیمچە دوورگەی عەرەبی، هەر زوو بەرپرسیارێتی خۆی لەناردنی پۆستەکان ڕاگەیاند و لەبەیاننامەیەکدا هەڕەشەی ئەوەشیکرد کە ئەو زانیاری و شارەزاییەی خۆیان دەدەنە "هەموو برا موجاهیدەکان لەسەرانسەری جیهان".

فرۆکەخانەکانی ئەوروپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین وڵاتی دیکەش، وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی و وەک سزایەکیش، دەرگاکانی خۆیان بەڕووی هەموو ئەو گەشتە ئاسمانیانەدا داخست کە لە یەمەنەوە دێن، دواتر ناوی سۆماڵیش بۆ هەمان لیست زیادکرا. ئەو هەنگاوەش زەبرێکی کوشندەی لە هێڵی ئاسمانیی یەمەندا کە زیانەکانی بەهۆی ئەو هەنگاوە خۆپارێزییە بەسەدان ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ.

بەڕێوەبەری پۆستەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو شێوازە کلاسیکییەی ئەوان تائێستاش کاری پێدەکەن، جگە لەوەی ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، لەهەمانکاتیشدا ناتوانرێ 100% بۆ لایەنی ئەمنی پشتی پێببەسترێ.

گوتیشی "ڕۆژانە پۆستی تەواوی شارەکان ڕەوانەی سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێت، ئێمەش دوای پشکنین ڕەوانەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێری دەکەین، لەوێش بەئامێری پشکنین و سەگی ڕاهێنراو جارێکی دیکە پشکنینیان بۆ دەکرێت، ئینجا لەڕێگەی هێڵی ئاسمانی شاهانەی ئوردنی ڕەوانەی 58 وڵاتانی جیهانی دەکەین".

هەروەها گوتیشی "تائێستا تەنیا یەک حاڵەتی مەترسیدار هەبووە کە ئەویش هەندێ شتی قەدەخەکراو بوو لەنێو سەماوەرێک، بەڵام دەستی بەسەرداگیرا".

لە31 ئازاری 2008 لەلایەن یەکێتی پۆستەی نێودەوڵەتی کە 191 وڵاتی تێدا ئەندامە، هەولێر بە فەرمی بەسەنتەرێکی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی پۆستە ناسێنراوە، ئێستا 100 نووسینگەی پۆستە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان هەن کە لەماوەی 11 مانگی ڕابردوودا لە ڕێگەی سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتیی هەولێر، زیاتر لە60 تەن پۆست ڕەوانەی وڵاتان کراوە.

دوای ئەم ڕووداوەی یەمەن، ئاسایشی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی دووبارە پۆستە پێچراوەکان دەکاتەوە کە ئەوەش کێشەو ماندووبوونێکی زۆری دەوێت. ئومێد محەممەد گوتی "ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین ئامێرێکی پێشکەوتوو بۆ سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتی هەولێر بکڕن بۆ ئەوەی پێش ناردن بۆ فرۆکەخانە پشکنینی تەواویان بۆ بکەین".

گوتیشی "ئێمە پێمانوایە کردنەوەی پۆستەکان و پشکنینیان بەشێوەی دەست لەفرۆکەخانە شتێکی تەندروست و کردەیی نییە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکانی پۆستەی نێودەوڵەتی نابێ پۆستەکان بکرێنەوە تەنیا لەڕێگەی لێژنەیەکی تایبەت نەبێت، ئەویش دوای ئەوەی پۆستەکە گومانی لێبکرێ".

عیسمەت ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش لە هەولێر، ڕایگەیاند ئاسایش هاوئاهەنگییەکی تەواوی لەگەڵ پۆستەی شارەکان بەگشتی و پۆستەی نێودەوڵەتی بەتایبەت هەیە، گوتیشی "هەرچەندە لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئامێری پێویستمان هەیە بۆ پشکنین و دەتوانین پشتیان پێببەستین، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر کۆنترۆڵی پۆستەی هاتوو و نێردراو بکەین بەنیازین تازەترین ئامێری پێشکەوتووی تایبەت بەپشکنینی پۆستە لە فرۆکەخانە دابنێین". سەرچاوەیەک لە ئاسایشی فرۆکەخانەی هەولێر، کە نەیویست ناوی لەڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە، ڕایگەیاند ئامێرەکانی پشکنینیان پێشکەوتوون و لەتوانایاندا هەیە بچووکترین کەلوپەلی تەقەمەنی لەنێو پۆستەکان و جانتاکان بدۆزنەوە بۆیە ترسی ئەوەیان نییە هیچ تەقەمەنییەک لە ڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە دەربچێت "ئەو ئامێرانەی ئێمە بەکاریان دێنین، هەمان ئەو ئامێرانەن کە لە فرۆکەخانەکانی ئەمریکاو ئەوروپا بۆ پشکنین بەکاردەهێندرێن". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "دوای پشکنینی هەر پۆستێک بەئامێر، ئەگەر گومانمان لێی هەبوو بە دەستیش دەیپشکنین".



# "هەفتەی ساخکردنەوەی بەرهەمە کۆن و بەسەرچووەکانە"

## فرۆشیارانی میوە بە 11 ملیۆن سزادران و دەیان کارتۆن خۆراکی بەسەرچوو سووتێنران

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بۆ ڕێگەگرتن لەفرۆشتنی خۆراکی بەسەرچوو بە خەڵک لە ڕۆژانی بەر لە جەژن، ماوەی چەند ڕۆژێکە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی هەولێر، بە 12 لێژنە چاودێری تووندی خستووەتە سەر بازاڕ. بەڵام کاری ئەو لێژنانە هێشتا دڵنیایی نەبەخشیوەتە خەڵک و هەندێکیان بەگومانەوە کەلوپەلەکان دەکڕن، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێریش، دەڵێ "ناتوانین 100% دڵنیایی بدەینە خەڵک کە خۆراکی بەسەرچوو لەم چەند ڕۆژە لەبازاڕ نافرۆشرێت، بۆیە پێویستە خەڵک ئاگاداربێ".

ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژن و بۆنەکان بازاڕ جموجۆڵی زیاتری تێدەکەوێت، بۆیە زۆرجار دووکاندارەکان ئیستغلالی بارودۆخەکە دەکەن و کەلوپەل گران دەکەن، یان کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو دەخەنە بازاڕ تاوەکو لەو قەرەباڵغییەدا ساخی بکەنەوە.

عومەر ڕەزا ،52 ساڵ، پیاوێکی باڵا مام ناوەندی سەرو ڕیش سپی بوو، لەنێو بازاڕی شێخەڵڵای شاری هەولێر، خەریکی کڕینی پێداویستییەکانی جەژن بوو، ئەو پیاوە بەتەمەنە لەگەڵ کڕینی هەر کەلوپەلێک، چەند جارێک لەخاوەن دووکانەکەی دەپرسی کە مێژووی بەسەرنەچووە، جاربەجاریش ئەگەر خۆراکەکە کەپس نەبووایە تامی دەکرد. ئەو بە گومانە لەو کەلوپەلەی لە بازاڕەکانی کوردستان هەیە و دەڵێت "ڕۆژێک بەر لەجەژنی ڕەمەزان، 5 کیلۆ چوکلێتم کڕی، دواتر دەرکەوت بەسەرچووبوو، بۆیە ئێستا گومانم لەهەموو کەلوپەلەکانی بازار هەیە تا تەواو دڵنیا نەبم نایانکڕم".

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، سەرەڕای بوونی دەیان عارەبانەی گەڕۆک لەنێو بازاڕی شاری هەولێر، بەشێکی زۆری دووکانەکان لەبەردەم دووکانەکانیان پێداویستی جەژن بەتایبەتی نوقڵ و جەرەزاتیان خستووەتەڕوو.

دیاکۆ حەسەن،20ساڵ، خاوەنی پێشەنگای دیاکۆ بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی خۆراکی لەبازاڕی شێخەڵڵا، هەفتەی بەر لە جەژنی بە "هەفتەی ساخکردنەوەی بەرهەمە کۆن و بەسەرچووەکان لە بازاڕ" وەسفکردو گوتی "ئەو هەفتەیە هەر چ جۆرە چەرەزات و شیرنەمەنییەک بخەیە بازاڕەوە دەفرۆشرێ، بۆیە خاوەن کۆمپانیا و دووکانداری واهەیە، شتی دوو ساڵ لەمەوبەر دەخاتە بازاڕو ساخی دەکاتەوە".

لەبارەی چۆنیەتی ساخکردنەوەی کەلوپەلە بەسەرچووەکان دیاکۆ گوتی "ئەوەی مێژووی بەسەرچوونیان کەم ماوە یان بەسەرچووە لەگەڵ هی تازە تێکەڵاو دەکرێن بەشێوەی فەل دەخرێنە بازاڕ و ساخ دەکرێنەوە".

محەممەد عەباس، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، ڕایگەیاند بۆ کۆنترۆڵکرنی بازاڕ و ڕێگەگرتن لە فرۆشتنی کەلوپەلی بەسەرچوو، لە 7/ 2010/11 بەڕێوەبەرایەتییەکەیان 12 لێژنەی پشکنین و بەدواداچوونی پێکهێناوە، گوتیشی "بۆ ئەوەی چاودێرییەکی توندی بازاڕ بکەین ، ئەوە چەند ڕۆژە چاودێریکردنی چێشتخانەو نانەواخانەکانمان واز لێهێناوە".

ناوبراو، ئاماژەی بەوەشدا لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لێژنەکانیش دوای پشکنینی چەند دووکان و کۆمپانیا، دەستیانگرتووە بەسەر 40 کارتۆن ئاوی تەماتەی بەسەرچوو، 200 سێت خواردنەوەی تایگەر، 10 کارتۆن یارییە تەقەمەنییەکانی منداڵان، دەیان کەلوپەلی دیکە. گوتیشی "ئەوانەی جاری یەکەمیان بوو، بە 50 هەزار دینار غەرامەمان کردن و سێ ڕۆژیش دووکانەکانمان پێداخستن، ناوی سێ کۆمپانیاشمان بەفەرمی دایە پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان، بۆ ئەوەی ئەگەر دووبارەیان کردووە، بخرێنە لیستی ڕەشەوە".

محەممەد، عەباس ، جەختی لەسەر ئەوە کردووە، هەرچەندە لێژنەکانیان زۆر بە وردی چاودێری بازاڕ دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خۆراکی وەک چەرەزات و چکولات کە بەشێوەی فەل دەفرۆشێن ناتوانن وەک پێویست کاتی بەسەرچوونیان دیاری بکەن، گوتیشی "پێویستە خەڵک خۆیان هۆشیار بن، شتێک نەکڕن کە دڵنیا نەبوون لەمێژووی بەسەر چوونی".

جگە لەلێژنەکانی چاودێری بازرگانی،قایمقامیەتی ناوەندی هەولێریش بە هاوکاری نوێنەری هەر شەش شارەوانی لەگەڵ چاودێری تەندروستی و بەیتەرەی هەولێرو چاودێری بازرگانی تیمێکی بەرفراوانیان بۆ ڕێکخستنی بازاڕ پێکهێناوە.

هێرش حوسێن، جێگری قایمقامی ناوەندی هەولێر، گوتی دەبێ دووکانداران نرخ هەڵبواسن "بۆ ئەوەی جۆرێک لەپێشبڕکێی بازرگانی بێتەکایەوە".

لەبارەی سزای ئەو دووکاندارانەی نرخ بەرزدەکەنەوە، جێگری قایمقامی ناوەندی هەولێر گوتی "ئەگەر بەرزبوونەوەکان بەشێوەی لەناکاو بوو، ئەوا تیمەکان دەستدەکەن بە لێکۆڵینەوە، ئەگەر دەرکەوت هۆکاری بەرزبوونەوەکە دەرەکی نییە، تەنیا بەهۆی زۆری خواستەو دووکانەکان ئیستغلالی بارودۆخی بازاڕیان کردووە ئەوا غەرامەی ئەو کەسانە دەکەین"، ناوبراو ئاشکرایکرد لەهەفتەی بەر لەجەژنی ڕەمەزان بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخ بەتایبەتیش نرخی سەوزەو میوە بە نزیکەی 11 ملیۆن دینار فرۆشیارانی میوەیان غەرامە کردوون.

## بڵێسە جەبار فەرمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:

# تائێستا هەر باسی قادر عەزیز و ئەوان هەیە بێنە ناو یەکێتی

**رووداو – سلێمانی**

کچی سەرکردەی کۆچکردووی یەکێتی جەبار فەرمان، دەڵێت "لەسەرکردایەتی یەکێتی بڕیاردراوە کە بەهیچ شێوەیەک لە راگەیاندندا هێرش نەکرێتە سەر بزوتنەوەی گۆڕان". هەروەها دەڵێت لادانی رێواس فایەق لە سەرکردایەتی یەکێتی "تاڕادەیەک بڕیارێکی سیاسی بوو".

بڵێسە جەبار فەرمان، یەکێکە لەو 9 ژنەی لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا کە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بەسترا هەڵبژێردرا، ئەو دەڵێ "دەتوانێ هەموو بیروبۆچوونەکانی لەنێو یەکێتی دا بڵێ". بڵێسە، لە ماڵی باوکی لە شاری سلێمانی کە پڕە لە وێنەی هەڵواسراوی جەبار فەرمان، قسەی بۆ (رووداو)کرد. ئەو بوونی خۆی بەئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گێڕایەوە بۆ نێوبانگی باوکی لەگەڵ کەسایەتی خۆی.

سەرکردایەتی پێشووی یەکێتی هەمیشە گلەیی ئەوەیان دەکرد کە پشتگوێخراون و زۆرکەم کۆبوونەی دەکرد، بەڵام بڵێسە دەڵێت لەسەرکردایەتی تازە ئەو گلەییە نییە "لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردراودا بڕیاردرا کە دوو مانگ جارێک سەرکردایەتی کۆببێتەوە، تائێستا بەو شێوەیەیە، ئەگەر پێویستی کرد کۆبوونەوەی نائاساییش دەبەسترێ".

لەنێو هێزە سیاسییەکانی کورد، هەمیشە پیاو باڵادەست بووەو ئەو خاوەن بڕیار بووە، لەکۆنگرەی سێی یەکێتی بۆ یەکەمجار 9 ژن گەیشتنە سەرکردایەتی ئەو حیزبە، بڵێسە پێیوایە بوونی ئەو ژمارەیە مانای ئەوە نییە کە ئەوان بڕیاری ژنانە بدەن و پیاوان جێبەجێی بکەن بڵێسە دەڵێت "بڕیار هەر بڕیارە، ئیتر ژنانەو پیاوانەی بۆچییە؟ ئێستا ژنانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شوێنی هەستیاریان پێ سپێردراوە، لە مەکتەبەکانی چاودێری و بەدواداچوون و رێکخستن و مەکتەبی شەهیدان. من بۆخۆشم لێپرسراوی کاروباری سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسیم. مەڵبەندی سلێمانی کە یەکێکە لەمەڵبەندە گرنگ و گەورەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرۆخان بەرپرسیەتی".

لە راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ دا، رێواس فایەق کە دەنگی پێویستی بۆ سەرکردایەتی هێنا، بەڵام دواتر پۆستەکەی پێنەدراو درایە پیاوێک، بەڵام 9 ژنەکەی سەرکردایەتی یەکێتی هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو. بڵێسە لەو بارەوە دەڵێ "ئەوە راستە، هەڤاڵ رێواس دەبووایە یەکێکبووایە لەو پێنج یەدەگەی کە دانرابوون بۆ سەرکردایەتی، ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە. دەتوانم بڵێم تا حەدێک ئەوە بڕیارێکی سیاسی بوو، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک کە پێشتر زۆر باسی لێوەکراوە".

ئێستا بە ناڕاستەوخۆ لەنێو مەکتەبی سیاسی یەکێتی تێبینی و جۆرێک لە ناکۆکی لەسەر کاری دکتۆر بەرهەم هەیە، سەبارەت بە بوونی ئەو تێبینیانە لە سەرکردایەتی یەکێتی بڵێسە دەڵێت "لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە کە ئەندامانی حیزبێک یان کۆمەڵەیەک لەسەتا سەت لەسەر زۆر مەسەلە هاوڕابن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە لەو بارەیەوە لەنێو سەرکردایەتی کێشە هەبێ. بەڕای من کابینەیەکی زۆر چالاک و سەرکەوتووە تائێستا".

زۆرباس لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێ، تەنانەت دەگوترێ بەرپرسێکی یەکێتی بە مام جەلالی گوتووە "گۆڕان یەکێتییەکی گۆڕاوە بۆیە دەبێ زیاتر لێیان نزیک ببینەوە".

سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گۆڕان بڵێسە جەبار فەرمان دەڵێت "لەنێو سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕاندا هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک لەئارادا نییە، لەنێو سەرکردایەتی بڕیاردراوە کە بەهیچ شێوەیەک لەمیدیاو راگەیاندنەکان هێرش نەکرێتە سەر گۆڕان وەک ئەوەی لەپێشووتردا هەبوو. رێگەش نەدرێ بەهیچ شێوەیەک گرژی و ناکۆکی لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش دروستبکرێ".

لەدوایین رۆژەکانی کۆنگرەدا راگەیێنرا کە پێنج کورسی لەسەرکردایەتی یەکێتی دادەنرێ بۆ ئەو حیزبانەی لەداهاتوودا دێنە نێو یەکێتییەوە، ئێستا زۆر باسی هاتنی قادر عەزیز و حیزبەکەی لەئارادایە. بڵێسە لەو بارەیەوە دەڵێت "چەند شتێک لەئارادایە، بەڵام بەتەواوی یەکلایی نەبوونەتەوە، تائێستا هەر ئەوەی قادر عەزیز و ئەوان هەیەو جارێ هەر ئەوان باسکراوە".

بڵێسە کە خەڵکی دەڤەری خانەقینە، گلەیی ئەوەی لێدەکرێ، کە وەک پێویست سەردانی خانەقین ناکات، بڵێسە دەڵێت "نازانم وەک پێویست چ پێوەرێکی هەیە؟ ئێمە لە خانەقین هیچ جێگەیەکی نیشتەجێبوونمان نییە، زۆربەی کەسوکاریشم لەوێ نەماون، بەحوکمی کاروبارەکانم کە پێشتر لە دەزگایەکی حکومەت و ئێستا لەسەرکردایەتی یەکێتیم و دایکی دوو منداڵیشم هەر ئەوەندە بۆم دەرەخسێ، ئەوە راستە کە بەپێی پێویست نییە".

بڵێسە جەبار فەرمان دوای رێبازی کوڕی کۆسرەت رەسوڵ بچووکترین ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییە. ئەو پێیوایە ئەو بەرپرسیارێتییەی کارێکی هەروا ئاسان نییە "من ئەم بەرپرسیارێتییەم هەرگیز بەئاسانی نەگرتووە، دەمزانی خۆم بۆ پۆستێک دەپاڵێوم کە سەرکردایەتی حیزبێکی خاوەن مێژوو دەکات، نوێنەرایەتیکردن لەو حیزبەدا شتێکی ئاسان نییە، شەو تا بەیانی بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانم ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرم، ئایا پێم هەڵدەگیرێ، تا ئێستا هێناومە".

بڵێسە گەیشتنی بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە بۆ لێهاتوویی خۆی و پاداشتێک بۆ باوکی دەگەڕێنێتەوە، بڵێسە دەڵێت "ئەگەر هەر بەتەنیا بەناوی بڵێسەوە بچوومایەتە کێبڕکێکەوە، بەحوکمی ئەوەی لەنێو رێکخستنەکاندا کارم نەکردووە ناسینم ئاسان نەدەبوو، لەهەمانکاتدا کەسانی دیکە هەبوون کە وەک من رابردوو و ناوی باوکیان هەڵگرتبوو، بەڵام متمانەیان پێنەدرا، کەواتە هەردووکی کاریگەری هەبوو بۆ من".



**بڵێسە جەبار فەرمان**

- ساڵی 1975 لە شاری بەغدا لەدایکبووە.
- ماستەری لە ئابووری کشتوکاڵدا لە ئەڵمانیا بەدەستهێناوە.
- بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا.
- دایکی دوو کچە.
- سەرپەرشتیاری کاروباری سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە.

## عەتا سەراوی: ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی:

# 200 مامۆستا لەناو گۆڕان لە گەرمیان و شارەزوور گەڕانەوەو من پێشوازیم لێکردن

عەتا سەراوی، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی هیچ کات وەک ئێستا تەبانەبوون و لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا کە بڕیارە لە مانگی ئازاری داهاتوودا بکرێ، ئەو بەهێزبووونەوەی یەکێتی دەردەکەوێ. هەروەها دەڵێ زۆر کادیری گۆڕان دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی.

(رووداو) کە رۆژی 2010/11/11 ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ عەتا سەراوی سازکرد، دەڵێ هەر دوێنێ ئەو خۆی پێشوازی لە هاتنەوەی 200 مامۆستای سەر بە گۆڕان کردووە کە چوونەتەوە ناو یەکێتی لە سنووری گەرمیان و شارەزوور.

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**



**رووداو: یەکێتی دوای کۆنگرە بووژاوەتەوەو گەیشتووەتە ئەوەی شاری سلێمانی لە باڵادەستیی جەماوەریی گۆڕان وەربگرێتەوە؟**

**عەتا سەراوی:** لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بزووتنەوەی گۆڕان لە ناوچەی سلێمانی دەنگی زۆریان بەدەستهێنا، بەڵام بێگومانم کە پاشەکشەی زۆریان کردووە. ئەو جەماوەرەی کە جەماوەری یەکێتی بوون و ژمارەیەکیان زویر ببوون، بەشێکی زۆریان ئاشت بوونەتەوە. بۆیە چاوەڕواندەکەین لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هێزی یەکێتی دەربکەوێت. لەو هەڵبژاردنەدا دەبینین کە جەماوەری یەکێتی گەڕاونەتەوە لای یەکێتی یان نەگەڕاونەتەوە.

**رووداو: واتە یەکێتی بە کۆنگرەی سێیەمی توانی زۆربەی زوویربووەکان ئاشت بکاتەوە، ئەی کێشەکانی دیکەی؟**

**عەتا سەراوی:** کۆنگرە بەڕاستی زۆر کێشەی چارەسەر کردن. ئینشیقاق لەناو یەکێتی روویدابوو، بۆیە زۆر کەس پێشبینی دەکرد ئەو کۆنگرەیە سەرلەبەری یەکێتی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام پێشبینییەکان بوونە بڵقی سەرئاو. بۆیە بەڕای من کۆنگرە بەرێژەی 75% سەرکەوتووبوو.

**رووداو: دەگوترێ ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی گۆڕان هاتوونەتەوە ناو رێکخستنەکانی یەکێتی، ژمارەیان زۆرە؟**

**عەتا سەراوی:** ئەوەندی من ئاگادارم لەشاری سلێمانی و لە قەڵادزە و رانیە و لە شارەزوور و لە گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر خەڵک و کادیر گەڕاونەتەوە ناو یەکێتی. من دوێنێ پێشوازیم لە زیاتر لە 200 مامۆستا کرد کە مامۆستای سنووری گەرمیان و شارەزوورن و لەگەڵ گۆڕان بوون، پێیانگوتم ئێمە یەکێتی بەماڵ و حیزبی خۆمان دەزانین و دەگەڕێینەوە ناو یەکێتی.

## هەندێک بەرپرسی ئێمە ناکۆکی نێوان د.بەرهەم و هێرۆخان گەورە دەکەن و دەیدەنە راگەیاندن

**رووداو: هۆی ئەو گەڕانەوەیە چییە؟**

**عەتا سەراوی:** ئەوانەی هاتوونەتەوە لای حیزبەکەی خۆیان بۆیان باسکردووین، دەڵێن ئێمە بەقەناعەتەوە بووینە گۆڕان و وامانزانی لەناو یەکێتی گۆڕان دەکەن و نەمانزانی لە یەکێتی دەچنە دەرەوە. هۆکاری دووەمیش ئەوەیە هەستدەکەین ئەم برادەرانە زۆر تەرکیزیان لەسەر یەکێتییە و شتەکانیان زیاتر شەخسین. سێیەم دەڵێن زۆر بەڵێنیان داو نەیانبردووەتە سەر. چوارەم دەڵێن گۆڕان گەندەڵی کردە چەکی دەستی خۆی و بەردەوام دەیگوت یەکێتی و حکومەت گەندەڵن و ئێستاش هەرهەمان کادیرە کۆنەکانی یەکێتی لەناو گۆڕان بەرپرسی ئێمەن. ئێمەش پێمان خۆشە هەموویان بگەڕێنەوە و یەکێتی هەر یەکێتی خۆیانە.

**رووداو: هەروەک بڵاوکرایەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و لیژنەی باڵای مەکتەبی رێکخستن نامەیەکیان بۆ مام جەلال ناردووە کە کێشەی نێوان د.بەرهەم و هێرۆخان بووژانەوەی یەکێتی رادەگرێتەوەو دەبێ کۆتایی پێ بهێندرێ. ئەو کێشەیە بۆچی هەر رووی لەگەورەبوونە؟**

**عەتا سەراوی:** من وای نابینم. بەداخەوە هەندێک بەرپرسی ئێمە وای باسدەکەن گوایە کێشەی گەورە لەنێوان ئەو دوو بەڕێزە هەیە بەو شێوازەش نییە. شتی شەخسیان لەگەڵ یەک نییە و هەردووکیشیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین، کاک بەرهەم جێگری سکرتێری گشتییە و هێرۆخان ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، تەنها جۆرە ناکۆکییەک هەبووە لەنێوانیان سەبارەت بەهەندێک گۆڕانکاری ناوشاری سلێمانی و ئەوەنییە کەهەندێک وا تێبگات کە ئەمانە گرووپ یان ستافن.

**رووداو: پێتوایە ئەو پەیوەندییەی نێوان د.بەرهەم و هێرۆخان بۆچی سەری کێشا بۆ ئەو ململانێیە. ئایا سەردەکێشێ بۆ جیابوونەوەی باڵێکی دیکە لە یەکێتی لە کۆتاییدا؟**

**عەتا سەراوی:** ئەوە ململانێ نییە و نەبوو، کاک بەرهەم بڕیاری گۆڕینی هەندێک بەرپرسی داوە، دیارە مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مەڵبەندی یەکێتیش حەقی خۆیانە بەپێی ئیستیحقاقیان کە هەر کادرێک لە سنووری هەر مەڵبەندێک دەگۆڕدرێ پێویستە رای مەڵبەندەکە وەربگیرێت، یان وەک پێویست پێشنیازی مەڵبەند لەبەرچاو نەگیرابوو، وەک ئێمە لەئەنجوومەنی ناوەندیش باسمانکرد لێک تێنەگەشتنێک روویدابوو ئەوە کۆتایی پێهاتووە. ئەوەندەی من ئاگام لێبێت ئەو کێشەیە کۆتایی پێهاتووە. کێشەکە واگەورە نییە و هەرگیز نابێتە مەسەلەی جیابوونەوە. بەداخەوە برادەرەکانی ئێمە شتەکان لە راگەیاندنی حیزبی و غەیرە حیزبی زۆر گەورە دەکەن، ناحەزەکانی یەکێتیش حەزیان لە گەورەکردنی کێشەیە و من هەرگیز پێشبینی ئینشقاقی دیکە لە یەکێتی دا ناکەم.

**رووداو: جگە لەو ناکۆکییە، دەگوترێ کاک کۆسرەتیش لەکاری مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی مەلابەختیار ناڕازییە و رکابەری و ململانێیان لەنێواندایە. راستە؟**

**عەتا سەراوی:** هەرگیز وانییە، کاک کۆسرەت جێگری یەکەمی سکرتێری گشتییە وکاک بەختیاریش بەرپرسی دەستەی کارگێڕییە، من هەفتانە سەریان لێدەدەم و دەزانم کە بەرپرسانی یەکێتی بەقەدەر ئێستا یەک نەبوون. بە کاک کۆسرەت و دادە هێرۆ و بە کاک بەختیاریشەوە وەک یەک ستاف کاردەکەن. ئەمە لێکدانەوەی هەندێ کەسی ناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتییە. بەرپرسانی یەکێتی واڕاهاتوون کە کێشەکان لەخەڵک نەشارنەوە. بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم و ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی یەکێتی زەرەری لێبکات. ناکرێ ناکۆکی ناو حیزب ببرێتە دەرەوە و ناو راگەیاندن.

**رووداو: کە ناکۆکی و کێشەکان زوو بێنە دەرەوە مانای وانییە کەهێشتا کێشەی نێوخۆیی چارەسەر نەبوون؟**

**عەتا سەراوی:** ئەگەر هەبێت زوو دێنە دەرەوە، کێ دەیباتە دەرەوە، بەڕاستی ئەوە هەڵسوکەوتێکی مەسئولانە نییە.

**رووداو: سیاسەتتان سەبارەت بە گۆڕان نەگەیشتە پەیوەندی دروستکردنی راستەوخۆ، بۆچی؟**

**عەتا سەراوی:** دەبێ باسی دەستپێشخەری لەگەڵ ئەوان بکرێت نەک ئێمە، ئەوان چوونە دەرەوە. تاوەکو ئەوان هێرشیان دژی یەکێتی بووە یەکێتی ناچاربووە وەڵامیان بداتەوە، کە ئەوان هێوربوونەتەوە ئێمەش بەهێوری ماوینەتەوە. ئێمە وەک دووژمن سەیریان ناکەین و ئەوان کۆمەڵێک برادەرن رۆیشتوون و بزووتنەوەیەکیان دروستکردووە و وەک لیستێکی دیکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، ئەگەر پرۆژەیەکیان هەیە بۆ چاکسازی لەسەر ئاستی عێراق و و هەرێمی کوردستان و خزمەتکردن بەم نەتەوەیە، ئێمە دەستخۆشییان لێدەکەین و لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرەکانمان بەیەکەوەن و ئەگەر ئەوان پێیان خۆشبێت پەیوەندییان ئاسایی بێت، ئێمەش پێمان خۆشە.

**رووداو: زۆرجار باس لەوەدەکرێ کە یەکێتی دەیەوێ لە گۆڕان نزیک ببێتەوە، بەڵام لەبەر پارتی و رێککەوتنی ستراتیژی ناتوانێ بەئاشکرا و راستەوخۆ ئەوەبکات؟**

**عەتا سەراوی:** هیچ وانییە، نە ئێمە پارتیمان مولزەم کردووە رێککەوتن لەگەڵ کەس نەکات، نە پارتیش ئێمەی مولزەم کردووە. رێککەوتنی ستراتیژی بڵاوکراوەتەوە لە رۆژنامەکانەوە، ئێمە رێککەوتنی وامان نییە کە ئەو نەتوانێ لەگەڵ یەکگرتوو رێککەوتن بکات و ئێمەش هەروا.

**رووداو: دەگوترێ ئەوە تەواوی رێککەوتنەکە نییە کە بڵاوکراوەتەوە؟**

**عەتا سەراوی:** هەندێک مەسەلە هەیە کە پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانی و هەندێک هۆکاری ئیقلیمییەوە هەیە و هەستیارن ناکرێ بدرێتە رۆژنامەکان. ئایا کاتی خۆی کە عێراق و وڵاتان رێککەوتنیان دەکرد دژی کورد هەموو پرۆتۆکۆڵەکانیان دەدایە رۆژنامەکان؟ لەهەموو رێککەوتنێکدا بێگومان هەندێک شتی نهێنی هەن و ناکرێ ئاشکرا بکرێن.

**رووداو: بڵێسە جەبارفەرمان ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا بڕیارماندراوە کە لە راگەیاندندا هێرشنەکرێتە سەر گۆڕان، ئەو بڕیارە چۆن درا و، هەڵوێستی بەرامبەری گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عەتا سەراوی:** من ئاگام لەو بڕیارە نییە، ئێمە نەک گۆڕان هەر حیزب و هێزێک هێرشمان نەکاتە سەر هێرشی ناکەینە سەر، لە هەموو کۆبوونەوەکانیشدا پێمان گوتراوە دەستپێشخەری هیچ هێرشێک نەبین.

**رووداو: گۆڕان لە ترسی لەدەستدانی جەماوەرەکەی ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی ئاسایی بکاتەوە، ئایا ئەگەر یەکێتی لەگەڵ گۆڕان پەیوەندی ئاسایی بکاتەوە ئاستی جەماوەری دادەبەزێ؟**

**عەتا سەراوی:** بۆ یەکێتی پێچەوانەی ئەوەیە. یەکێتی تاکە حیزبە کە 151 کەس سەرکردایەتی دەکات، ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتی رێککەوتن لەگەڵ هەر لایەنێک بکات ئێمە دوو دەزگامان هەیە، سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەند، بۆیە دەبێ یەکێتی هەموو رێککەوتنەکانی بهێنێتە ئەنجوومەنی ناوەند و لێکۆلینەوەی لەسەر بکەین و لەسەر بنەمای ئەوە بڕیار دەدەین. من بۆخۆم 14 ساڵ سۆسیالیست بووم و کاتی خۆی سۆسیالیست هەر لە یەکێتی جیابووەوە، دواتر لە 1979 تاوەکو 1985 شەڕیشمان لەگەڵ یەکێتی کرد، دواتر کاک رەسوڵ مامەند سکرتێری حیزبەکەمان بووە بەرپرسی دەستەی کارگێڕی یەکێتی و زۆر لە کادیرەکانمان لەناو سەرکردایەتی یەکێتین و ئێستاش باشتر لەیەک تێدەگەین. ئێستا دونیا دونیایەکی دیکەیە، برۆ وڵاتانی ئەوروپا، بۆنمونە لە ئەمریکا یان کۆماری هەیە یان دیموکرات، کەس تاقەتی ئەوەی نەماوە 10 حیزب تاقی بکاتەوە. هەر حیزبێک 4 ساڵی بداتێ ئەوە 40ساڵ، تابزانێ کام حیزب باشترە. خەڵک لیست و کارنامەی حیزبەکان دەخوێنێتەوە.

**رووداو: لەدیدارێکی رۆژنامەی میدیادا گوتتان هێرشی راگەیاندنی پارتی بۆ سەر رابردووی نەوشیروان مستەفا ئێوەی وەک یەکێتی تووڕەکرد، هۆی چ بوو؟**

**عەتا سەراوی:** دەبێ موراعاتی یەکتر بکرێ. ئێمە پێمان ناخۆشە هەڵمەتی راگەیاندن لەدژی پارتی بکرێت، رەنگە من وەک عەتا حەزم لەو رێککەوتنەی یەکێتی و پارتی نەبێت، بەڵام زۆرینەی حیزبەکەم و نەتەوەکەم لەگەڵ ئەوەن، مادام زۆرینەی حیزبەکە پەسەندی کردووە، دەبێ پێیەوە پابەندبم، جگە لەوەش هەندێک جار راگەیاندن لەچوارچێوەی خۆی دەردەچێت. ناوزڕاندن و قسەی ناشیرین خۆش نییە، من بۆخۆم خوێنم بۆ ئازادی داوە، بەڵام دەبێ ئازادیش حسابی بۆ بکرێ، ئەگەر تادوێنێ لەناو هەندێک لەحیزبەکاندا خەڵکانی فایلدار هەبووبن، بێگومان ئێستا رۆژنامەنووسیش هەیە کە بەکرێگیراوی ئێران و تورکیا و دووژمنانی کورد بێت و، هەقە رۆژنامەنووسان خۆیان ئەوانە بناسن و مەجالیان نەدەن پیشەکە لەکەدار بکەن، من هەستم دەکرد هەندێک رۆژنامەی سێبەر هێرشی ناڕەوایان دەکرد، چ رۆژنامەی سێبەری گۆڕان دژی پارتی و چ هی پارتی دژی گۆڕان و چ هی ئێمە دژی هەرلایەک. دەبێ گۆڕانیش موراعاتی ئەو شەڕی نێوان ئێمە و پارتی بکەن.

**رووداو:لەسەر هەندێک لێدوانی توند بەرامبەر پارتی تاڵەبانی لە تۆ زویر بوو و پلەکانیشیان لێوەرگرتیەوە و چوویەوە ئەوروپا. لەسەر دلوای کێ گەڕایەوە و بەشداری کۆنگرەت کرد؟**

**عەتا سەراوی:** لە پلنیۆمی چوار من لە گۆڤاری جیهان هەندێک قسەم کرد و لەسەر ئەوە بەڕێز مام جەلال لێم زوویربوو و لەئەندامێتی پلنیۆمیش لادرام، ماوەی 11 رۆژیش حیجزی کردم، دواتر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش دەریکردم و ناردمیانەوە بۆ ئەوروپا. ئەوەبوو کە هاتمەوە سکاڵام نووسی و دامە حیزب و پێمگوتن فەرموو ئەگەر شتێکتان لەسەر من هەیە دادگایم بکەن، ئەو وڵاتە وڵاتی خۆمە و حیزب حیزبی خۆمە و هاتوومەتەوە. ئەوەبوو بەفەرمان منیان ناردەوە بۆ فەرماندەیی گشتی. دواتر بە دەنگی خۆم بوومە ئەندامی کۆنگرە و لە کۆنگرەش بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەند و دواتریش بوومە بەرپرسی کۆمسیۆنی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران لە ئەنجوومەنی ناوەند.

**رووداو: زۆر دەگوترێ لە دوای جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفاوە، ئازادی و راشکاوی لەناو یەکێتیدا کۆتایی هاتووە، وایە؟**

**عەتا سەراوی:** زۆر بەپێچەوانەوە. رۆژ نییە ئێمە بەتووندی لەکۆبوونەوەکان قسەنەکەین بەزمانی زبر، لەگەڵ بەڕێز مام جەلال و کاک کۆسرەت و کاک مەلا بەختیار و کاک عومەر فەتاح کۆبووینەتەوە و زۆر بەزبریش قسەمان کردووە، زۆر باش قبوڵیان کردووە و ئاسایی بوون. ئەو ئازادیەی لەناو یەکێتی هەیە مەگەر لەناو حیزبی سۆسیال دیموکراتی سویدی هەبێت.



**عەتا فەتاح مەحموود**

ساڵی1966لە گوندی سەراوی سوبحان ئاغا لەدایکبووە.
ساڵی 1984 بووەتە پێشمەرگە.
پێش کۆنگرەی یەکێتی کارگێڕی فەرماندەیی گشتی یەکێتی بووە.
لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەند



## کچێک لە گەرمیان بە بیکەیسی دەکوژرێت

رووداو- کفری

موقدەم ئەحمەد نوری، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کفری بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، کچێک بە گوللەی بیکەیسی کوژراوە. ئەو کچە ناوی د.ع 15ساڵ بوو، قوتابی پۆلی هەشتی بنەڕەتی بوو، رۆژی 2010/11/9 لەگەڵ دایکی لە ماڵ بووە، (د) لەو ژوورە بووە کە چەکی بیکەیسی تێدابووە. موقدەم ئەحمەد دەڵێت "بەگوێرەی قسەی کەسوکاری، ئەو دەستکاری چەکەکەی کردووەو بەربووەتەوە گوللەیەک بەر سەری کەوتووە، کەسیش سکاڵای نەبوو". بەڵام موقەدەم ئەحمەد دەڵێ "دەرکەوتووە گوللەکە لە دوورەوە پێیکەوتووەو خۆی لە خۆی نەداوە".

# باوکێک لە زیندان بەسەرهاتی سەربڕینی کچەکەی دەگێڕێتەوە



## "نەماندەزانی چی لە ساکار بکەین، هەڵدەهات"

سۆران بەهائەددین
رووداو- هەولێر

19 ساڵ لەمەوبەر ماڵی (س.ع) جمکێکی کوڕ و کچیان بوو، کچەکەیان ناونا سکار، بەڵام دوای 19ساڵ ژیان، ساکار بە دەستی ئەو برایەی سەربڕدرا کە لەگەڵی لەدایکبوو.

باوکی ساکار لە زیندان خەمی بۆ ئەوە دەخوارد کە کچەکەی بەو تەمەنە بچووکە ئەوەندە کارەساتەی بەسەرهات "ئامۆژگاریمان دەکرد ساکار تۆ مێردت هەیە، ئەو کوڕە پێت رادەبوێرێ، فشەی پێدەهات، تا بە کوشتنی دا".

ساکار س.ع، دایکی دوو منداڵ (کوڕێکی 4 ساڵە، کچێکی 1 ساڵە) بەرەبەیانی 2010/8/16 تەرمەکەی دۆزرایەوە. ئەو دانیشتووی گوندێکی دەوروپشتی هەولێربوون. ئێستا 4 مام و باوک و برایەکی ساکار لەسەر کوشتنی دەستگیرکراون و لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێر (محەتە)ن. برای ساکار دانی بە تاوانەکەی داناوەو گوتی لەبەر خیانەت خوشکەکەی کوشت. بەڵام ئەو کوشتنە بەپێی شەریعەتی ئیسلام و یاسا رێگەپێدراو نییە.

باوکی ساکار ریشێکی تەنکی هێشتبووەوە، بە کراس و پانتۆڵێکەوە بوو، لەودیو شیشەکانی زیندان، باسی کوشتنی کچەکەی بۆ (رووداو) دەکرد.

ساکار لە تەمەنی 14ساڵی بە مێرد درابوو، باوکی ساکار ئەو تەمەنەی پێ بچووک نییە بۆ شووکردن و باسی کاتی شووکردنی کچەکەی کرد، کە ئەو هیچ قسەی تێدا نەکردووە "خەسووم ساکاری بە مێرددا، بە کوڕێک بەناوی (م)، دایکی (م) ناسیاوی خەسووم بوو، ساکاریش رازیبوو. پەشیمان نیم کە لەو تەمەنەدا بە مێردم دا، وەک دەڵێن کچ بارێکە بە ملتەوەیە کە بە مێردتدا لە کۆڵت دەبێتەوە".

ساکار دوو منداڵی دەبێ، مێردەکەی شەو و رۆژێک لەماڵ بووە، شەو و رۆژێکیش لە دەوام. ساڵێک و هەشت مانگ لەمەوبەر ساکار پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک دروستدەکات بەناوی (ت)، کە کارمەندی ئاسایش بوو. باوکی ساکار کە نەفرەتی لە مۆبایل دەکرد، دەیگوت "ساکار بەهۆی مۆبایلەوە پەیوەندی دروستکردبوو، (ت) ژمارەی تەلەفۆنی هەموومانی وەرگرتبوو قسەی بە هەموومان دەگوت، هەموومان دەمانزانی بە ساکار رادەبوێرێ، بەڵام نەمانزانی کێیە، سەرەتا ساکاریش دەیگوت ئەو کوڕە ناناسم، (ت) تەلەفۆنی بۆ دەکردین دەیگوت ساکارم دەوێت، یان دەیگوت ژنی وام بۆ چییە".

لەوە بەدواوە باوکی ساکار چاودێری کچەکەی دەکات و بۆی دەردەکەوێ کە ساکار پەیوەندی هەیە. باوکی لە زیندانی محەتەدا دەڵێ "هەر باوکێک بووایە ئەوکات دەیکوشت".


نیوە شەوی 2010/5/13 باوکی ساکار لە ماڵ نابێت، مێردی ساکار لەو نیوەشەوە ساکار و (ت) پێکەوە دەبینێ، لەناو حەوشە. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، باسی لەوە کرد، مێردی ساکار، سکاڵای لە دژی ساکار و (ت) تۆمار کرد، لەسەر ئەوەی خیانەتی لێ بینیووە "ساکارو کوڕەکە گیران، دوای ماوەیەک مێردی ساکار بە پارە سوڵحی لەگەڵ ئەو پیاوەی خیانەتی لەگەڵ ژنەکەی کردبوو، کرد. دوای ئەوە مێردی ساکار هات تەنازولی لە سکاڵاکەی کرد لەسەر (ت)، بۆیە دادوەر هەردووکیانی ئازاد کردو دۆسیەکەیان داخرا".

هەرچەندە بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ساکار زۆرجار داوای تەڵاقی کردبوو، تاوەکو شوو بە (ت) بکات، بەڵام باوکی رازینەبوو تەڵاق وەربگرێ.

بەڵام باوکی ساکار گوتی "ساکار هیچ کات داوای تەڵاقی نەکردبوو، تەنانەت دەگریا دەیگوت مێردەکەم تەڵاقم دەدا، سەرەتا گلەیی لە مێردەکەی نەبوو، دواتر باسی ئەوەیکرد کە مێردەکەی زۆرجار سەرخۆش بووەو پەیوەندی بە ژنی خەڵکییەوە کردووە". باوکی ساکار بەحەسرەتەوە دەڵێ "ئەوەی لە دەرگای خەڵک بدات، لە دەرگای دەدرێتەوە".

دوای ئازادبوونی (ت)، ساکار تەڵاقدرا، بەڵام ساکار لەبەرئەوەی مەترسی لەسەر بووە، چووە سەنتەری نەوا، کە ماڵێکی حکومی دالدەدانی ئافرەتانە لە هەولێر.

باوکی ساکار دەڵێ، (ت) بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو، ساکار بخوازێ لە دوای تەڵاقدان "ئەگەر ساکاری بویستبا ئێمە چیمان دەویست. ئەووایکرد تووشی ئەوهەمووکێشەیە ببین. چەند جار پێمگوت کچم دانیشە هەر بە قسەی خۆی کرد، دەمگوت ئەو کوڕە قەشمەریت پێدەکات، ساکار هەر باوەڕی نەدەکرد، خوشکەیشی زۆر ئامۆژگاری کرد سوودی نەبوو". ساکار پاش ماوەی مانگێک مانەوە لە سەنتەری نەوا، داوا دەکات بچێتەوە ناو کەسوکاری. بەڵێننامە بە باوکی پڕدەکەنەوە کە کچەکەی پارێزراو بێت، ساکار لەگەڵ باوکی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە "ئێوارە پێکەوە نانمان خوارد....."، باوکی ساکار دیمەنەکانی بیرهاتەوەو دەستی بەگریان کرد و لە قسەکردن وەستا.



ساکار دوای کوشتنی تەرمەکەی لەسەر ئەو شەقامە فڕێدرا لە هەولێر (فۆتۆ : رووداو)

باوکی ساکار کە یەکەم جارە دەچێتە زیندان، دەڵێ لەگەڵ ئەوە نەبووە ساکار بکوژن، بەڵام گوتوویەتی با چاودێری بکەین بۆ ماوەی هەفتەیەک بزانین دیسان پەیوەندی بەو کوڕەوە دەکات یان نا "چەند گوتم کوڕم گوناحە با نەیکوژین، بەڵام ئەو شەوەش دەیگوت لێرە نابم دەچمەوە زیندان"، پاشان باوکی ساکار ئەو شەوە دەچێتە دەرەوە، چونکە پاسەوانی قوتابخانەیە.

نەقیب ژیلەمۆ ئاماژەی بەوەدا، ساکار لەلایەن برایەکییەوە هەر ئەو شەوە سەر بڕدراوە، بەڵام مامەکانی و باوکی ئاگاداری کوشتنەکە بوون، بۆیە ئەوانیش بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادان گیراون.

بەپێی لێدوانی پزیشکی داوەری "ساکار بە چەقۆ کوژراوە، بەڵام سەریان لەلاشەی جیا نەکردووەتەوە".


باوکی ساکار بەسەر لاشەی کچەکەیدا دێتەوە. باوکی ساکار لەکاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا، سەرەتاو کۆتایی رووداوەکەی تێکەڵ دەکرد "گوتم کوڕم بۆ واتکرد، ئەی نەمانگوت چاوەڕێ بکەین، بزانین هەروا دەکات یان نا، کێشەکە ئەوەبوو، ساکار دەیگوت نابێ تەلەفۆنم لێ زەوتبکەن، ساکار ئێمە لە چ رەوشێکین؟ چیمان بەسەرهات تەلەفۆنی چی؟ ساکار هەڵدەهات". وەک ئەوەی تەماشای ساکار بکات ئەو قسانەی دەکردو دەیگوتەوە "ساکار هەڵدەهات، نەماندەزانی چی لێ بکەین"، دەستی بە گریان کرد.

دوای رووداوەکە باوک و دوو براو 5 مامی ساکار گیران، دواتر برایەکی ساکار و مامێکی ئازاد کران. ئێستا 6 کەسیان لە زیندانن. باوکی ساکار زیندان بوونی لە هەموو رووداوەکان پێ ناخۆشترە "خۆم و برام و کوڕم لە زیندانین، ساکار دوو منداڵی بێ گوناحی بەجێماوە، کەس نییە بەخێویان بکات، هەموومان پەشیمانین، ئاخر ئەو کچەیش نەدەبوو وا بکات".

دوای رووداوی کوشتنی ساکار، برایەکی ساکار سکاڵای لە دژی کەسوکاری تۆمار کرد و گوتبووی هەموویان لەسەر کوشتنی رێکەوتبوون، بەڵام دواتر سکاڵاکەی کێشایەوە.

باوکی ساکار دەڵێت "کەسمان رازی نەبووین ساکار بکوژرێ، ئەو جەرگم بوو، خودا هەقمان بکاتەوە".

کەس باوەڕی نەدەکرد، ساکار بە دەستی برا جمکەکەی بکوژرێ. بەڵام (س)ی برای ساکار لە زیندان هیچ پەشیمان نەبوو لە کوشتنی خوشکەکەی، بەڵام ئامادەنەبوو هیچ قسەیەک لەبارەی چۆنیەتی کوشتنی خوشکەکەی بکات کە ئێستا دوو منداڵی بەبێ دایک بەجێماون.



## لەشفرۆشی لە کوردستان دیاردەیە یان حاڵەت؟

# "لەشفرۆشی بە هەلی کار نەک بە یاسا لەنێودەبرێ"

نەجیبە محەممەد
رووداو- هەولێر

رێکخراوەکانی ژنان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی رەتیدەکەنەوە شوێنی لەشفرۆشی لە کوردستان بەو رادەدیە زۆر بێ، کە ژمارەیان لە شارێکدا بگاتە هەزار. هەندێکیان لەشفرۆشی لە کوردستان بە "حاڵەت" ناو دەبەن، بەڵام هەندێکیان دەڵێن "بووەتە دیاردە".

خەندان حەمە جەزا، نووسەری کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان)، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا گوتی لە هەر شارێکی وەک هەولێرو سلێمانی 1000 ماڵی لەشفرۆشی هەن. بەڵام رێکخراوەکانی ژنان دەڵێن ئەوە راست نییە.

د.ڤیان سلێمان حاجی، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەو بارەوە دەڵێ لەشفرۆشی لە کوردستان تائێستا حاڵەتە و نەبووەتە دیاردە "حاڵەتی لەشفرۆشی لە کوردستان بوونی هەیە هەرچەندە ئامارمان لا نییە، بەڵام ئەو ژمارەیەی کە خەندان حەمەجەزا باسیدەکات باوەڕناکەم لە کوردستان بوونی هەبێ. ئەگەر وابووایە لایەنەکان هەستیان پێدەکرد و نەیاندەهێشت تەشەنە بکات".

خەندان حەمە جەزا ئاماژە بەوە دەدات کە جاران ئەو ژنانە بەهۆی خراپی باری ئابووری روویان لە لەشفرۆشی دەکرد، بەڵام ئێستا بۆ باشتربوونی باری ئابووری ئەو کارە دەکەن، هەروەها دەڵێت لە 10 ژنی گیراو بە گشتی 7یان لەسەر لەشفرۆشییە.

هەرچەندە کوردە عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان زانیاری ئەوەی نییە کە لە 10 ژنی گیراو 7یان لەسەر لەشفرۆشی بێ، بەڵام رەتیکردەوە کە لەشفرۆشی لە کوردستان بەو رێژە بەربڵاوە تەشەنەی کردبێ و دەڵێت "هەیە، بەڵام بەو رێژەیە نا. تائێستا ئاماری ورد نییە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، ئەوانەی کە بڵاودەکرێنەوە ناڕاستن".

هەروەها عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش رەتیکردەوە کە زۆربەی ئەو ژنانەی دەستگیر دەکرێن لەسەر لەشفرۆشی گیرابن و گوتی "بەپێی ماددەی 4 لەشفرۆشی رێگری لێکراوە، هەر کاتێک لە شوێنێکی دیاریکرا و لەشفرۆش ببینرێت دەستگیر دەکرێن"، گوتیشی "لەشفرۆشی دیاردە نییە و هەولێر شارێکی خاوێنە و خەڵکەکەی رێگە نادات لەشفرۆشی هەبێ".

لەوانەی قسەیان بۆ (رووداو) کرد تەنیا عائیشە حەکیم، لێپرسراوی بەشی کۆمەڵایەتی یەکێتی ژنان لەشفرۆشی لە کوردستان بە "دیاردە" ناوبردو گوتی "لەشفرۆشی لە کوردستان بە جۆرێک بڵاوە بووەتە دیاردە". گوتیشی "زۆربەی لەشفرۆشەکانیش ئێرانی و عەرەبن بەخواستی خۆیان دێن لێرە لەشفرۆشی دەکەن هەندێ لە کچی کوردیش لەتەمەنی منداڵیدان دەکەونە ناو تۆڕەکەوە دەبنە لەشفرۆش".

عائیشە باسی لە لەشفرۆشانی فارس و عەرەب کردو گوتی "ئێستا ژمارەیەکی زۆریان لەسەر شەقامی شەستی سلێمانی دەوەستن و کوردەکان هەڵیاندەگرن و دەیانبەن لەنێو کەلاوە خانووەکان یان لە شوێنی تایبەت بە خۆیان کاری لەشفرۆشیان لەگەڵ دەکەن"، ناوبراو گوتیشی "چەند جارێک ئەوانە دەستگیر کراون و بەرێکراونەتەوە، بەڵام دووبارە لە رێگە گەڕێندراونەتەوە".

بە بۆچوونی عائیشە لەشفرۆشی پەیوەندی بە خراپی باری ئابوورییەوە هەیە و هەروەها دەڵێت "ژنی واش هەیە باری ئابووری باشە، بەڵام دەیەوێ پارەی زیاتری دەستبکەوێ بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خۆی بەپێی مۆدێلی رۆژ دابین بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر لەشفرۆشی". هەروەها خەندان حەمە جەزاش بە جۆرێک باس لە تەشەنەسەندی لەشفرۆشی دەکات و دەڵێت "لەشفرۆشی لە کوردستان گەیشتووەتە قۆناغی مۆدێل و چاولێکەری".

بە بڕوای پسپۆڕانی بواری ئابووریش، خراپی باری ئابووری هۆکارێکی سەرەکی هاندانی ژنانە بەرەو لەشفرۆشی. محەممەد کەریم پسپۆڕی ئابووری و سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان دەڵێت "ئەو خێزانانەی کاسبکاریان نییە ژنان بەهۆی دەرفەت نەڕەخسانیان بۆ کارکردن زۆرجار تووشی خراپەو پەنابردنەبەر کاری سێکسی دەبن دواتریش لەشفرۆشی دەبێتە پیشەیان". گوتیشی "بەهۆی شەڕەوە نزیکەی سێ ملیۆن ژنی بێوەژن لەعێراق هەن، ئەوانە پێویستیان بە سەرچاوەی داهاتە، بێگومان ئەگەر دەرفەتی کاریان بۆ نەرەخسێت دەبنە قوربانی کێشە ئابوورییەکان".

بە بۆچوونی ئەو ئابووریناسە ئەوەی ژمارەی لەشفرۆشانی لە کوردستان زیادیکردووە، خراپی باری ئابووری خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقە "ژنە عەرەبەکان بەهۆی خراپی باری ئابووریان تووشی لەشفرۆشی بوون، روویان لە کوردستان کردووە"، گوتیشی "ژمارەی لەشفرۆشانی کورد کەمن، سەرچاوەکەشیان گەندەڵییە، چونکە گەندەڵی لە بینەقاقایەو خەڵک وایلێهاتووە بەپێی پێویست پارەی دەست نەکەوێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر لەشفرۆشی".

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای مانگی تەمموزی ئەمساڵ پڕۆژە یاسایەکی بەناوی (قەدەغە کردنی لەشفرۆشی) ئامادەکردو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا و خرایە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە. ئەو پڕۆژەیەش هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە 8ی (لەناوبردنی لەشفرۆشی) ساڵی 1988ی عێراق بوو.

سەرگوڵ قەرەداخی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ لەو بارەوە گوتی "لەیاساکە کەموکوڕیمان بینی بۆیە ویستمان کاری تێدا بکرێت و هەموار بکرێتەوە، کاتێک پڕۆژەکەمان پێشکەشکرد لیژنەی یاسایی داوای کرد رەتبکرێتەوە، چونکە کار بە یاسا عێراقیەکە دەکرێت، بەڵام کاتێک لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرا خرایە دەنگدان رەتنەکرایەوە".

سەبارەت بە بوونی دیاردەی لەشفرۆشی لە کوردستان سەرگوڵ قەرەداخی گوتی "ئێستا رێژەکە زیادی کردووە بەهۆی هاتنی لەشفرۆشەکانی خوارووی عێراق بەو پڕۆژەیەی ئێمە دەتوانرێ رێگری لێبکرێت و لەشفرۆشەکانیش بگەڕێندرێنەوە باری ئاسایی".

بە بڕوای عائیشە حەکیم لەو پڕۆژە یاسایەدا پێویستە بڕگەیەک هەبێ بۆ سزادانی لەشکرەکان، بە تایبەت ئەوانەی ژنیان هەیە "چونکە ئەگەر پیاو لەش نەکرێت لەشفرۆش نامێنێ". بەڵام بە بۆچوونی محەمەد کەریمی ئابووریناس بە تەنیا دەرکردنی یاسا چارەسەر نییە بۆ رێگریکردن لە لەشفرۆشی و دەڵێت "پێویستە هەوڵبدرێ دەرفەتی کاری زیاتر بۆ ژنان بدۆزرێتەوە".


## 2 کوردی دیکە لەسەر کوشتنی بەناز مەحموود بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمدران

# تاوانەکەتان دڕندانە بوو

## دادوەرە بەریتانییەکە بە دوو تاوانبارەکەی گوت



محەمەد عەلی (30 ساڵ)



عومەر حەسەن (32 ساڵ)

رووداو-بەریتانیا

ئەم هەفتەیە لە دادگایەکی شاری لەندەن، دوو ئامۆزای بەناز مەحموود کە لە کوردستانەوە لەرێگەی پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە رەوانەی بەریتانیا کرابوونەوە، بەتۆمەتی دەستهەبوون لە کوشتنی بەنازدا، بەزیندانی هەتاهەتایی حوکمدران.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی Daily Mailی بەریتانی، محەممەد عەلی تەمەن 30 ساڵ و عومەر حەسەنی تەمەن 32 ساڵ، بوونە یەکەم کورد کە لە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە رەوانەی بەریتانیا بکرێنەوە و لەوێ دادگایی بکرێن، لەسەر کوشتنی بەناز مەحموودی تەمەن 20 ساڵ، کە بەهۆی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا لەلایەن کەسوکارییەوە کوژرا.

بەناز پێش ئەوەی بکوژرێ، نامەیەکی بۆ پۆلیس نووسیووە و لەنێو ئەو ناوانەدا کە دەیانەوێ بیکوژن ناوی محەممەد و عومەری نووسیوە. لەوبارەوە دادوەر Brian Barker بە دوو تاوانبارەکەی گوت "ئەمە تاوانێکی دڕندانە و دڵڕەقانە بووە کە ئەنجامتانداوە".

ئەو دوو تاوانبارە شانبەشانی کەسێکی دیکە بەناوی محەممەد حەمە لەسەر داوای مەحموودی باوک و ئاری مامی بەناز، ئەویان کوشتووە. دوو براکە و محەممەد حەمە لەساڵی 2007دا بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمدران، بەڵام دادگای

### داواکاری گشتیی بەریتانیا:
### پێویستە ئەو دوو کەسە لەسەر هەڵاتنیشیان لەدەست یاسا سزا بدرێن

بەریتانی کەیسەکەی دانەخست تاوەکو ئەو دوو تاوانبارەشی لە ناوچەی قەڵادزێوە بردەوە بەریتانیا. دوای گەڕاندنەوەیان بۆ بەریتانیا، ئەو دوو کوردە رادەستی دادگا کران. دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو دادگای بەریتانی ئەوانی وەک تاوانبار بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمدا، محەممەد و عومەریش رەوانەی زیندان کران.

دادوەر لەگەڵ خوێندنەوەی حوکمی ئەو دووانەدا، گوتی "بەناز کچێکی گەنج بووە، کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە و تاکە هەڵەی بەناز ئەوە بووە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکدا هەبووە کە بنەماڵەکەی رەزامەندی لەسەر نەبووە. بۆئەوەی بەناو شەرەفی بنەماڵەکەش لەکەدار نەکرێ، لەلایەن باوک و مامەکەیەوە بڕیاردراوە کە دەبێ کچەکەیان بکوژرێ و بیرەوەرییەکانی لەنێوببرێن".

پاشان دادوەر رووی لە محەممەد کرد و گوتی "تۆ کەسێکی چالاک بووی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە. تۆ کەسێکی دڵڕەق بووی و ئامادەبووی یارمەتی ئەوانیدیکە بدەی لە تاوانی بەناو شەرەفکوژی و رێزی خەڵکی کۆمەڵەکەتت خستووەتە سەروو ژیان و لێبووردەیی و تێگەیشتنەوە".

هەروەها دادوەر سوپاسی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی بەناز، رەحمەت سولەیمانی دەربڕی کە ناوبراو ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانبارانە لەنێو دادگادا. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (تایمز)ی بەریتانی، ئێستا سولەیمانی لەژێر چاودێری پۆلیسدایە و ناونیشانێکی نهێنی هەیە و کەس نازانێ لەکوێ دەژی، ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی گیانی.

Bobbie Cheema، داواکاری گشتی ئەو کەیسە، رایگەیاند پێویستە ئەو دوو تاوانبارە سزای ئەوەش بدرێن کە هەڵاتوون، بۆ ئەوەی خۆیان لە یاسا بدزنەوە.

هەروەها داواکاری گشتی لەبارەی بەنازەوە گوتی "کوشتنی بەناز هیچ هۆکارێکی دیکەی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە بڕیاریداوە کۆتایی بەو هاوسەرگیرییە بێنێ کە پێی خۆش نەبووە و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەبووە. بەبۆچوونی بنەماڵەکەشی، ئەم کردەوەیەی بەناز ناوی بنەماڵەکەی پیسکردووە".

هەروەها ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە ئەو تاوانبارانە هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵ بەناز بوون و ئامۆزای یەکتری بوون و هەمووشیان لە کوردستان لەدایکبوون و لە تەمەنێکی بچووکدا هاتوونەتە بەریتانیا.

هەروەها لەو نامەیەی بەناز بۆ پۆلیسی ناردبوو، ناوی باوک و مام و ئەو دوو تاوانبارەی دیکەشی تێدا هاتووە. هەروەها لەناویدا، هەموو وردەکاری و زانیاری کەسەکان نووسرابوون و هەمووشی راست دەرچوون.

بەپێی نامەکەی بەناز، محەممەد حەمە، پەیوەندی ئەو و رەحمەت سولەیمانی ئاشکرا کردووە، کاتێک لەنێو بازاڕ، محەممەد حەمە، هەردووکیانی پێکەوە بینیوە و ئەویش بە بنەماڵەکەی راگەیاندووە.

مولازمی پۆلیسی بەریتانی Caroline Goode، کە سەرپەرشتیی تیمی لێکۆڵینەوە و رادەستکردنەوەی تاوانبارەکانی کردووە، رایگەیاند کە زۆر دڵخۆشە دادپەروەری لەبەرامبەر بکوژانی بەنازدا جێبەجێکراوە: "بۆیەش سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکارییان کردین کە ئەمڕۆ ئەمە وەدیبێت". ئەو هەروەها گوتی: "گرنگە خەڵک بزانن کە کاتێک ویستیان کەسێک لەم وڵاتەدا بکوژن، نابێ ئەو هەستەیان لەلا دروست ببێ کە بە بەجێهێشتنی بەریتانیا دەتوانن لەدەست دادپەروەری رابکەن. ئێمە هەموو رێگایەکی یاسایی دەگرینەبەر بۆئەوەی بە سزایەکی دادپەروەرانەیان بگەیێنین."

هەر لەبارەی حوکمەکەی ئەو دوو تاوانبارە و کەیسەکەی بەناز، Kate Allen سەرۆکی لقی بەریتانیای رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بە ماڵپەڕی BBCی راگەیاند "ئەم کەیسە، کەیسێکی مەترسیدار بووە و حوکمەکانی ئەمڕۆ پەیامێکی ئاشکرا بەرز دەکەنەوە کە ئەویش تاوانی بەناو شەرەفکوژی لە هیچ شوێنێکدا جێگەی نابێتەوە، نە لە بەریتانیا و نە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا".

دوای هەمواركردنی یاسای باری کەسی لەساڵی 2008 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەپێی پرۆژەیەک کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە درایە پەرلەمان، "کوشتنی لەسەر شەرەف" وەک تاوانی دیکەی کوشتن دانراوە، بەڵام لە عێراق ئەو یاسایە هەموار نەکراوە و کوشتن لەسەر شەرەف لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سزای لەسەر نییە.

## نەهرۆ لەبەر دەرگای ماڵەکەی کوژرا



ڕووداو-هەولێر

شەوی 2010/11/8 لە گەڕەکی سێتاقانی هەولێر، گەنجێک بەناوی نەهرۆ ئیسماعیل سابیر کوژرا. کاتێک لەماڵ بووە لە دەرگای ماڵی ئەوانیانداوەو ئەویش چووە دەرگا بکاتەوە، لەکاتەدا یەکســەر دراوەتە بەر دەستڕێژی گوللە. بەپێی زانیارییەکان نەهرۆ لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی لەلایەن کەسێکەوە کوژراوە کە خەڵکی شارۆچکەی سۆرانەو هەڵاتووە. باوکی نەهرۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەزانین بکوژ کێیە، بەڵام نایناسین، نازانم کوڕەکەم لەسەر چی کوژراوە".

لەماوەی پێنج ساڵدا

# 5 کەس لە زیندانەکانی پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە



## زیندانییەکان لە نامەیەکدا: کەس ئاگای لە ئێمە نییە.. غەدرمان لێدەکرێت

سۆران بەهائەددین
ڕووداو-هەولێر

3 زیندانی لە هەولێر و یەکێک لە سۆران و یەکێکی دیکــە لە کۆیە لەماوەی پێنج ســاڵی ڕابردوودا لەناو زینــدان کۆتاییان بە ژیانی خۆیــان هێناوە، ئەوانەی هەولێر خۆیــان خنکاند، ئەوەی ســۆران بە چەکی پۆلیس خۆی کوشــت، هیوای 15ســاڵانیش لە کۆیە خۆی سووتاند و نامەیەکی لە دوای خۆی بەجێهێشت، کە تێیدا نووسیوە "لەبەر ئەوەی بە ناعەدالەت گیراوم، خۆم دەسووتێنم".

خۆکوشتنی ئەو زیندانیانە بە خۆخنکاندنی مەروان لــە زیندانی هەولێر نوێبووەوە، هەر بۆیە لە نامەیەک کە بەناوی 500 زیندانی نووسراوە و هەفتەی ڕابردوو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســتان ڕەوانەکرا، لەو نامەیەدا ســەرەتا باســی 4 حاڵەت دەکەن کە لەناو زیندانەکانی هەولێر خۆیان خنکاندووە، بە مامۆســتا نەبەز دەســتپێدەکات کە لــە 2005/6/7 لە ژووری تاکەکەســی هەولێــر خــۆی لەســێدارەدا، وەک لە نامەکەدا هاتووە "چونکە زۆریان ئازار دابوو"، ئەوەیتر بەناوی عەبدولڕەحمان ئەحمەد تووشی نەخۆشییەکی کوتوپڕهــات و لــە 2008/1/15 مــرد، لــەڕۆژی 2009/12/4 زیندانییەک بەناوی عومەر خۆی خنکاند لە داخی چاودێرەکانی زیندان.

عومەر جەمیل، 25 ســاڵ، لەنــاو زیندانی گرتن و گواســتنەوەی هەولێر لــەڕۆژی 2009/12/4 خۆی خنکانــد، ئەو پێشــتر ژنەکەی و بــاوک و برایەکی خۆی کوشتبوو. 5 مانگ لە زیندان نەمایەوە خۆی لە سێدارەدا، هیچ کەس لە خزمەکانی سەردانیان نەکرد هەتا خۆی خنکاند. تەنانەت محەمەدی برایشــی بۆ (ڕووداو) دەیگوت "عومەریش هەر لە ئێمە ڕۆیشــت، بەڵام خۆشــحاڵ بووم، پێشــتریش لە دادگا داوامان کردبوو لە سێدارەبدرێ".

هەر لەنامەکەدا باسی خۆکوشتنی مەروان کراوەو دەڵێن "مەروان لەسەر ســوعبەت لەگەڵ هاوڕێیەکی بەشــەڕ هات، چاودێری زیندان ئــەو دەباتە ژووری تاکەکەســی، بۆیە مەروان خۆی بە مەغدوور دەزانێ، لەبەر ئەو هەموو جیاوازیانە خۆی خنکاند". ئەوان لە نامەکەیاندا دەڵێن "کەس ئاگای لە ئێمە نییە، غەدرمان لێدەکرێــت و کەس لەســەرمان بە وەڵام نایێت، کوا دیموکراسی؟، بە هانامانەوە وەرن".

پەرلەمانتــار پەیمان عیزەدیــن ئەندامی لێژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردســتان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) باســی لەوەکرد، کە ڕەوشــی زیندانیان لە کوردســتان لەڕووی بیناو خزمەتگوزارییەوە خراپەو جگە لەوەش مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانی دەکرێت "دادگاییکردنیشیان زۆر نیشانەی پرسیاری لەسەرە، ئەوانە هۆکاری زۆر گەورەن کە زیندانییەکان دەکەونە ژێر گوشار و پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، وەک چارەسەر کە چارەسەریش نییە".

هیوا نادر، 15ساڵ، دانیشتووی ناحیەی تەقتەق، 39 ڕۆژ بــەر لــەوەی خــۆی بکوژێت، بــە تۆمەتی دەستهەبوون لە کوشــتنی کەسێک دەستگیرکرابوو، بەڵام هیوا بەهەموو شێوەیەک ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە ئاگاداری کوشتنەکە بێت، بەهۆی نائومێدبوونی لە ئازادبوون، شــەوی 2009/7/6 لە ناو زیندانی کۆیە خۆی سووتاندو مرد.

کەسوکاری هیوا جگە لەوەی گومانیان لە خنکانی هیوا هەبوو، دەیانگوت "هیوا بە ناعەدالەتی گیرابوو"، هیوا بەر لە خۆسووتاندنی نامەیەکی بەجێهێشتبوو، نوســیبووی "لەبــەر ناعەدالەتی لێــرە ماومەتەوە، بۆیە خۆم دەســووتێنم، کەس وای لێنەکردووم خۆم بسوتێنم، کەس تاوانبار مەکەن".

ئەحمەد خدر، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، جگە لــەوەی هەموو ئــەو قســانە ڕەتدەکاتەوە کە لەو نامەیەدا بەناوی 500 زیندانی نووســراوە، گوتی "هۆکاری خۆخنکاندنی زیندانیان هەمووی پەیوەندی بە تێکچوونی باری دەروونیانەوە هەیە نەک مامەڵەکردن لەگەڵیــان، لەنــاو زیندانەکانی کوردســتان هەموو شتێکیان هەیە، کەموکوڕیان نییە، باوەڕناکەم هیچ شتێکی هاندەر هەبێت بۆ خۆکوشتن لەناو زیندانەکانی کوردستان، لەڕووی کارگێڕی و تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە".

> **خۆخنکاندنی زیندانیان هەمووی پەیوەندی بە تێکچوونی باری دەروونیانەوە هەیە نەک مامەڵەکردن لەگەڵیان**
> بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

## پەرلەمانتارێک: زیندانەکانی کوردستان زۆر زۆر دوورن لە چاکسازی

بەڵام پەیمان عیزەدین دەڵێت هۆکاری خۆکوشــتنی زیندانی کەمتر لەبەر کێشەکەیەتی "بەدڵنیاییەوە هۆکاری خۆکوشتنەکەیان تەنیا لەبەر کێشەی خۆیان نییە، دڵنیام بارودۆخــی ژیانی ناو زیندان، ئەو مامەڵانەی کە لەگەڵیان دەکرێــت و دادگایــی کردنیان کاریگەری هەیە بەســەر خۆخنکاندنیان".

ژنی زیندانی لە چاکســازی هەولێر هەیە دەڵێ زۆرجار بیری لەخۆکوشتن کردووەتەوە، بەڵام حاڵەتی خۆکوشتنی ژنان نەبووە لە زیندان. زینە، 32 ســاڵ، ماوەی 6 مانگە لە چاکســازی ئافرەتانی هەولێر زیندانییە، دایکی کچێکی 5ســاڵانە، ئــەو دەڵێت بــە گیرانی، خــۆی و منداڵی و کەســوکاری تێکشکان، کەسیش ســەردانی ناکات، زینە دەڵێــت "زۆربەی ژنەکانی زیندان بیریان لە خۆکوشــتن کردووەتەوە، هەیە پەتیشــی لە مل کردووە تاوەکو خۆی لەسێدارە بدات".

پەیمانی پەرلەمانتار دەڵێت "زیندانەکانی کوردستان زۆر زۆر دوورن لە هەموو بنەمایەکی چاکسازی، ئەو بنەمایانەی کــە کەرامەتیان دەپارێزێ"، بۆیە پێیوایە گوشــاری ئەو شــوێنەو مامەڵەی خراپ وایکردووە جگە لەوانەی خۆیان دەکوژن ئەوانیدیکەش بە پرۆســەیەکی کوشتنی هێواشدا تێپەڕن "خۆکوشــتن دوا پلەیە کە پێیگەیشتوون، بەڵام بەگشــتی زیندانیانی کوردستان بە پرۆسەیەکی کوشتنی هیواشــدا تێدەپەڕن، کە ڕۆژانە کەرامەت و کەسایەتییان دەکوژرێ، بۆیە ڕەنگە زۆرجار پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن بۆ ئەوەی بەخێرایی لەو پرۆسەیە ڕزگاریان ببێت، کە ئەوەش ڕزگاربوون نییە".

بەپێــی نامــەی زیندانییەکان ڕەخنەیەکــی توند لە چاودێرەکان دەگیرێت، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتــی دەڵێت، ئــەو چاودێرانــە وەک ئەوانیدیکە زیندانین، هیچ دەســەڵاتیان بەسەر زیندانییەکانەوە نییە، ســزادراون "تەنیا هۆکارێکن بۆ ڕێکخســتنی پەیوەندی زیندانییەکان و کارگێڕی زیندانەکان".

شەوی 2010/11/3 گەنجێک بەناوی مەروان سلێمان، 22 ســاڵ، لەناو زیندانی چاکسازی گەورانی هەولێر خۆی خنکاند. مەروان بە 7ســاڵ حوکمدرابوو، تەنیا ساڵێک و 3مانگ لە زیندان مایەوەو خــۆی خنکاند. باوکی مەڕوان دەیگــوت نازانێت کوڕەکەی بۆچی خۆی خنکاندووە، هیچ سکاڵایەکیشی نییە "ئەگەر مەروان کێشەیشی هەبووبێت پێمانــی نەگوتووە". هەروەها گوتیشــی کە تەرمەکەیان وەرگرتووەتەوە هیچ نیشــانەیەکی ئەشــکەنجەدانی پێوە دیارنەبووە.

ئەحمەد خدر سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی دۆسیەی خۆخنکاندنی مــەروان بوو. ئەو دەڵێ مــەروان بەردەوام گریــاوە و پێش خۆخنکاندنی لەگەڵ هاوڕێیەکی شــەڕی کردبوو، بۆیە لە ژووری تاکەکەسی کرابوو "هەر کەسێک لە زیندان شەڕ بکات دەیبەنە ژووری تاکە کەسی، ئەو ژوورانە گــەورەن بەڵام بە تەنیا دەبن، بۆمــاوەی 1-3 ڕۆژ. ئەوە ڕێنمایی زیندانە".

مەروان لە ژوورەکەیەوە بانگی هاوڕێکەی کردبوو ئەویش لە ژووری تاکەکەسی بوو، داوای گەردن ئازایی لێکردبوو، بەردەوام قســەیان پێکەوە کردبوو، بەڵام ئەحمەد دەڵێت بەپێی قســەی هاوڕێیەکەی لە ناکاو مەروان دەنگی نەما "ئــەو ڕۆژەی خۆی خنکاندووە، بە هاوڕێیەکی گوتبوو، بە مــردن نەبێت ناچنە دەرەوە لە زینــدان، مەگەر تەرممان بچێتە دەرەوە، برادەرەکەی دەڵێت دوای ماوەیەک دەنگی مــەروان بڕا، کاتێکم زانی تەپەیەک هات و دەنگێکی لێوە هات، هاوارم کرد، هاتن بردیانە نەخۆشخانە لەوێ مرد، ئەو ڕۆژە نانیشی نەخواردبوو، نوێژیشی نەکردبوو".

مەروان هیچی دەســت نەکەوتبوو، بە تراکسۆتەکەی خۆی بە دەرگاوە هەڵواســیبوو، دەفتەرێکی شیعریشــی لە دوا بەجێماوە کە لەســەر خۆشەویستی نووسیویەتی، شیعرێکیشــی بۆ دایکی نوســیووە. ئەحمەد خدر دەڵێت "مەروان باری دەروونی تێکچووبوو، گوتوویەتی دڵم تووندە، دیارە پەشیمان بووە لەو کارەی کردوویەتی، ئەو خۆیشی بە مەغدور دەزانی کە دەڵێت 7هەزار دۆلاری لە سولح دابوو ئینجا 7ساڵ حوکم درابوو".



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

## ئایا پیاو تەحەممول ناکەن؟

هــۆکاری چەوســاندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەدا، تەنها جیــاوازی چینایەتی و هۆی ئابووری نییە، هەندێک شــێوازی باو کە بەناوی ئایینەوە دەکرێن بوونەتە بەشــێک لە هۆیەکانی چەوساندنەوەی ژنان. بەپێی ڕاپرســییەک کە لە تورکیا ئەنجامــدراوە 60%ی ژنانــی ئەو وڵاتە موحەجەبەن و زۆر جار تووشــی گرفت دەبن لەلایــەن خــاوەن کارەکانیانەوەو منداڵەکانیشیان حەزناکەن دایکەکانیان موحەجەبەبن. هەرچەندە لە ساڵانی زوودا لە وڵاتی تورکیای عەلمانیدا ئەو دیاردەیە زۆر کەم بوو. تەنانەت لەشــارێکی وەک ئیستەنبوڵ تەنیا لە ناوچەی فاتیح (کە گەڕەکێکی شاری ئیستەنبوڵە) دەبینرا.

ڕەگ و ڕیشــەی حیجــاب زۆر کۆنە و لەگــەل ســەرهەڵدانی ئایینــەکان ســەریهەڵداوە، ئەوانەی دەســەڵاتیان هەبووە، واتە پیاوانی ئایینی هەوڵیانداوە لەڕێگەی ئایین و دەقەکانی ئاینەوە دەست بەسەر عەقل و جەستەی ژن دابگرن.

خۆداپۆشین و سەرداپۆشینی ژنان لە هەموو ئایینەکان جێگەی مشتومڕبووە. تەنانــەت ژنانــی کڵێســەش ئەوانەی خۆیان بــۆ خزمەتی ئایینی مەســیحی تەرخانکردووە هەمیشــە سەرپۆشــیان بەسەرەوەیە. بەڵام ئێستا حیجاب زیاتر بووەتە ڕەمزێکی ئیسلامی یاخود بڵێین ئیسلامی سیاسی. مامۆستایانی ئایینیش دەڵێن حیجاب فەرزکراوە بەسەر هەموو ژنانی موســوڵماندا، ئەوانەی بڕوایان بە خودا هەیە. بەڕای مامۆســتایانی ئایینی دەرکەوتنی قژ و جەستەی ئافرەت کێشە بۆ پیاوان دروســتدەکات. بەڵام نازانین مەبەســت لەوە لاوازی پیاوانە بەرامبەر بــە ژن، یان پێچەوانــە، یاخود هەوڵی دەستبەســەرداگرتن و بێبایەخکردنــی ژنانــە. چونکە زانــاو بیرمەندی ئەزهەر قاســم ئەمین، ئەوەی ڕەتکــردەوە کە حیجاب فەرز بێت لەسەر ژنانی موسوڵمان و گوتی حیجاب پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامیش حیجاب تەنها بۆ ژنانی پێغەمبەر بووە.

لە کوردســتان لەساڵی نەوەتەکانەوە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕوویان لە حیجاب کرد، کە جیاوازە لە دەسماڵ لەسەرنانی ژنی کورد کە هەر لە کۆنەوە لەنێو کورددا هەیــە. بوونی هەندێکیــان بە ئەندامی حیزبە ئیســلامییەکان هۆی ئەو حیجاب زۆربوونە بوو، هەندێکیشیان بەسەریاندا ســەپێنراوە ئەگــەر حیجاب نەپۆشــن بۆیان نییە لەماڵ بێنە دەرەوە. ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

ئێمەی ژنانی نووسەر لە کوردستان زۆر جار باس لە شێوازەکانی توندوتیژی لێدان، ســووتان و خەتەنکردنی ژنان دەکەین، بەڵام زۆر بەدەگمەن باســی ئەو کێشەیە دەکەین کە ژنێک بەزۆری کەســوکاری دەبــێ حیجاب بپۆشــێ ئەگینا شانســی خوێندن و کارکردنی نابێ و دەبێ لەنێو چواردیواری ماڵەوە دانیشێ.

ئەگەر لەبــارەی ئازادی ژنیشــەوە قسە لەگەل مامۆستایانی ئایینی بکەی، تاوانبارت دەکەن و یەکســەر نموونەی ئەوروپــات بۆ دەهێننــەوە کە ژنان لە ئەوروپا جاران دەسووتێنران و ئێستاش دەکرێنە مادەی ڕێکلام.

ژن لە نێو هەموو ئایینەکاندا یاســا و ڕێســای قورسی بۆ دانراوە، لەوانەش حیجاب. شــێوازەکانی چەوساندنەوەی ژنان زۆرن و بەهۆکاری جیاواز، هەریەک لەئێمەش بەشێوازی جیاواز لێکدانەوەی بــۆ دەکات، هەندێکیــش پێیانوایــە پیاوانیش بەشــێکی ئەو چەسانەوەیان بەردەکەوێت. ئینجا نازانین کەی دەگەینە ڕۆژگارێک ژنانیش بە ئازادی و دوور لە دەسەڵاتی سیاســی و ئایینی دواڕۆژی خۆیان دروستبکەن و هەڵبژێرن.

کێ کوشتی؟

# خاوەن هوتێلی تارا بەڕۆژ لەبەردەم ماڵەکەیدا کوژرا



سنوور مەجید
ڕووداو-سلێمانی

شێخ بارزان بەڕۆژی نیوەڕۆ لەبەردەم ماڵەکەیدا درایە بەر گوللە و ئێســتاش کــە زیاتر لە 15 ڕۆژ بەســەر کوشــتنەکەیدا تێپەڕیوە، نــە بکوژانی دۆزراونەتــەوەو نــە دەزانرێ کێ کوشــتوویەتی. یەکێک لە هاوڕێیەکانی شــێخ بــارزان دەڵێ "ئەو کەسەی کوشتوویەتی لەوانەیە زۆر دڵنیابووبێ کە کەس ناتوانێ بیگرێت، ئەگینا بەڕۆژی نیوەڕۆ و بە بەرچاوی منداڵەکەیەوە نایکوژێت".

کاژێــر 4 ی ســەر لەئێــوارەی 2010/10/27 کەمال محەممەد حەمە، 48 ســاڵ، کە ناسراوە بە (شێخ بارزان)، خاوەنی هوتێلی تارا بوو لە شەقامی پیرەمێردی شــاری ســلێمانی، ئەوکاتــەی لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە گەڕەکی چوارباخ ســەرقاڵی شووشتنی ئۆتۆمبێلەکەی بوو، لەوکاتەدا کەسێک چەند گوللەیەکی پێوەناوەو ڕۆیشتووە.

شــێخ بارزان دوای چەند کاژێرێــک مانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا.

پەروین باهــر حەکیم، خێزانی شــێخ بارزان، لەبارەی هاوسەرە کوژراوەکەیەوە دەڵێ "کەسێکی زۆر دڵپاک و هێمن بوو، زۆر حەزی لە هاوکاریکردنی خەڵــک بوو بەردەوامیش خەونــی بەوەوە دەبینی بچێتەوە زانکۆ". شێخ بارزان لەساڵی 2007 کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سلێمانی تەواوکرد. هاوسەرەکەی لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەردەوام دەیگوت هەردەبێ ماستەریش بخوێنم".

پەرویــن لەســاڵی 1986شــێخ بارزانی لە پەیمانگەی تەکنەلۆجی کەرکووک ناســیوە، دواتر لەســاڵی 1988زەماوەندی هاوســەرییان گێڕاوەو ئێستا 2 کوڕ و 2کچیان هەیە. پەروین زۆر خەمبارە بە لەدەســتدانی هاوســەرەکەی و دەڵێ "بۆ من زۆرباش بــوو، زۆر حەزی لەوەبوو هاوکاریم بکات، بــەردەوام دەیگوت پەرویــن ئاواتەکانمان زۆربەی هاتوونەتە دی، ئێستا بارودۆخی داراییمان زۆرباشە و ماوەیەکی دیکە دەگەڕێین و گەشت دەکەین".

وەک پەرویــن دەیگێڕێتــەوە، ماوەیەک باری داراییــان باش نەبــوو و قەرزداربــوون "بەڵام لەو ماوەیەدا قەرزەکانمان دایەوە و باری داراییمان باش ببوو، بارزان دەیویست قەرەبووی ئەو ناخۆشییەمان بۆ بکاتەوە، بەڵام نەیانهێشت و کوشتیان".

هێشتا کوشــتنی ئەو هاووڵاتییە بەتەمومژاوی ماوەتــەوە، چونکــە نە بکــوژەکان دیــارن و نە پێشتریش کێشــەی لەگەڵ هیچ کەسێک هەبووە تاوەکو گومانی لێبکەن.

مستەفا باهر، کە یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی شێخ بارزان دەڵێ "متمانەی زۆرم پێی هەبوو، ئەو بۆ هەموو خزمەکانی جێگەی متمانە بوو، بەڕاستی کوڕێکی بێوێنە بوو".

نەوزاد حیکمەت کە خاڵۆزای شێخ بارزانە، دەڵێ ئەو زۆر بێ کێشــە بووە لــەڕووی کۆمەڵایەتییەوە "یەکــەم کــەس بــووە لــەو گەڕەکــە خانووی دروســتکردووە، ڕۆژێــک بەخەیاڵیــدا نەهاتووە کەسێک شتێکی لێبکات و ئەگەر بیزانیایە کەسێک هەڕەشــەیە بەســەر ژیانیەوە، خۆی دەپاراست و بێخەم نەدەبوو".

ئەو خاڵۆزایەی لەوبڕوایەدایە کە ئەو کەســەی کوشــتوویەتی "دڵنیابووە لەوەی بــۆی دەچێتە سەرو کەس ناتوانێ بیگرێ، ئەگینا بەڕۆژی نیوەڕۆ کەســێک لەبەردەم ماڵەکەی خۆیــدا بەبەرچاوی منداڵەکانیەوە دەکوژرێت؟"، ئەو هاوڕێیەی شــێخ بارزان لە دوای ئەو ڕووداوە پێیوایە ســلێمانی ئەو شــارە ئارامە نییە کە بــاس دەکرێ و دەڵێ، "من سێ برام لەئەوروپایە و دەمانویست بیانهێنینەوەو لێرە بژین، بەڵام لێت ناشارمەوە دوای ئەو ڕووداوە پەشیمان بوومەتەوە".

ئەوکاتەی شــێخ بارزان لەبــەردەرگا خەریکی شووشــتنی ئۆتۆمبێلەکەی بووە، کوڕێکی تەمەن 11ســاڵی خۆی لەگەڵ بووە. پەروینی هاوسەری دەڵێ، کاتێک یەکەم فیشەکی پێوەنراوە بەرسەری کەوتووە" کە ئــاوڕی داوەتەوە بۆلای تەقەکەرەکە چەند فیشەکێکی دیکەشی ناوە بەسەر سنگییەوە و ڕایکردووە". گوتیشــی "کوڕەکەم کاتێک باوکی بەخوێنەوە بینیوە، دەســتی داوەتە بەرد و دوای ئۆتۆمبێلەکە کەوتووە".

وەک پەروین باســیدەکات، لەوکاتەی بکوژەکە هاتووە، منداڵێکی تەمەن12ساڵەی دراوسێیەکیان لەبەردەرگا بووە "منداڵەکە دەڵێ کوڕێک هاتووە و بەمنی گوتووە بڕۆ ژوورەوە ئێستا دەقڵیشێتەوە".

مولازم ئاســۆ عومەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ "شێخ بارزان بە فیشەکی دەمانچە کوژراوە و تائێســتا هۆکاری کوشتنەکەی دیــار نییــە و لێکۆڵینــەوە بۆ ئاشــکراکردن و دەستگیرکردنی بکوژەکان بەردەوامە". مولازم ئاسۆ گوتیشــی "لەو کاتەدا منداڵێکی تەمەن 11ساڵی خۆی لەگەڵ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵە قسەی وەرنەگیراوە بۆ لێکۆڵینەوە".

سەعدی پێنج مانگە لەماڵ دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە

# "دەترسێین تیرۆریست برد بێتیان"

سنوور مەجید
ڕووداو-سلێمانی

"دەموچاوی شووشــت و خــۆی گۆڕی، گوتی دایکە دەچمە ســلێمانی و ئێــوارە دەگەڕێمەوە". مەحبووبە ئەمین کە دایکی ســەعدییە پێنج مانگە نەدەتوانێ بنــوێ و نەگریان دەهێڵــێ بحەوێتەوە لەتاو بێسەروشوێن بوونی کوڕەکەی. براکانیشی لەو ڕۆژەوە کون و قوژبنی ئەو وڵاتە نەماوە سەریان پێدا نەکردبێ بۆ سۆراخکردنی سەعدی.

ڕۆژی 2010/6/18 سەعدی عەباس مەحموودی تەمەن 27 ســاڵ، دانیشــتووی گوندی حەســەنە گەورەی ســەر بەقەزای دەربەندیخان، بەمەبەستی چوونی بۆ شــاری ســلێمانی لە مــاڵ دەردەچێ، بەڵام لەو ڕۆژەوە نە ســەعدی گەڕاوەتەوە ماڵەوەو نە کەسوکاریشی تروســکاییەکیان لێ دەرکەوتووە لەبارەی هەواڵی سەعدییەوە، ئەمەش ئەو خێزانەی تەواو نائارام کردووە.

عەلی عەباس، کە برا گەورەی ســەعدییە ڕۆژانە دێت و دەچێت و پرســیار دەکات "هەرچی دائیرەی پۆلیس و ئاسایش و مەحکەمە هەیە، هەرچی برادەری سەعدی هەیە، پرسیارمان لێکردووە و کەس نازانێ"، عەلی هەندێک وێنەی ســەعدی برای لەگیرفاندایە و نیشانی هەرکەسێکی دەدات بەڵکو شتێک لەبارەی براکەیەوە بزانێ "ئەو ڕۆژەی لەماڵ دەرچووە بەدایکمی گوتووە دەچمە ســلێمانی و ئێــوارە دەگەڕێمەوە، مۆبایلەکەشی لەماڵەوە جێهێشتووە، هەرچەند بیر دەکەینەوە، سەرمان لەهیچ دەرناچێت".

سەعدی عەباس، دووەمین کوڕی خێزانەکەیەتی و خوێنــدەواری نییــە. عەلی لــەو بارەیەوە دەڵێ "کەســێکی تووڕە بوو، حەزی لەخوێندن نەبوو، ژنی نەهێنابوو، بەڵام زۆر حەزی لەوەبوو کاری دەســت بکــەوێ و لــە دائیرەیەک دابمەزرێت". ســەعدی زۆر لەکاتەکــەی لەگەڵ باوکی لــە گوندەکەیان بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵ بوون.

ئەوبەیانیەی سەعدی لە ماڵ دەرچووە، پانتۆڵێکی ڕەش و کراسێکی ســپی لەبەردابووە، عەلی دەڵێ "زۆر خەمی ئەوەمانە کەوتبێتە دەستی تیرۆرستان، ئەگینا هیچ کێشــەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووەو هیچ ڕۆژێکیش بچووکترین کێشەی وای نەبووە کە بڵێین کوژراوە یان ســەری خۆی هەڵگرتووە، ئەوەندەمان بیر لێکردووەتەوە خەریکە تێکدەچین".

عەلی ئاماژە بەحاڵی دایکی دەکات "نە شــەوان لەبــەر گریــان دەهێڵێ کەس بخــەوێ و نەنانیش دەخوات، زۆر پەرێشــانە". مەحبووبە حەمەئەمینی دایکی سەعدی دەڵێ "حەزناکەم شەو بێت، چونکە هەتــا بەیانی خەوم لێناکەوێــت"، ئەو بەدەنگێکی تێکشکاوەوە ئازارە بەردەوامەکانی ونبوونی کوڕەکەی دەیهاڕێت "بەس بیبینمەوە هیچم ناوێت".

وەک عەلی دەیگێڕێتەوە، سەعدی برای کەسێکی زۆر کەشخە و خاوێن بووە و هەر لەمنداڵییەوە تاوەکو ساڵی 2008 ســەعدی کەسێکی زۆر دینداربووە و بەردەوام نوێژی کــردووە و بەڕۆژووبووە، بەڵام لە 2008 بەدواوە وەک جاران دینداری نەکردووە. عەلی زۆر جاریش بیر لەوەدەکاتەوە کە لەوانەیە سەعدی چووبێتە ناو ڕێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "بەڵام بــڕواش ناکەم، چونکە ئەو زۆر خاوێن بوو، بۆنی شتێک بهاتایە بەسەریدا یەکسەر ئەو شوێنەی جێدەهێشــت ئەگەر لەمیوانداریش بووایە، چ جای بچێتە ئەو شاخ و کێوە".

خێزانەکەی ســەعدی هەموو شتێک لەمێشکی خۆیاندا لێــک دەدەنەوە و هیچ بیرکردنەوەیەکیش نایانگەیێنێتــە ئەنجامێک لەبارەی چارەنووســی کوڕەکەیانــەوە "چەند جــار چوومەتــە پەیمانگەی پزیشــکی دادوەری، تاوەکو بزانم هیــچ کام لــەو تەرمانەی لەوێن ســەعدی برام نییە، بەڵام لەوێش نەبووە". عەلی وایگوت.

ماوەیەک لەمەوبەر تەرمی گەنجێکــی کــوژراوی تەمــەن 25ساڵ لەچەقچەقــی تەنیشــت سەرچناری سلێمانی دۆزرایەوە لەلایەن پۆلیســەوە. تەرمەکە هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبوو، خێزانەکەی ســەعدی بەپەلە گەشتوونەتە ئەوێ " کەچــووم ئەژنۆم دەلــەرزی، دەپاڕامەوە ئەو نەبــێ، چونکە دەمگوت خوایــە ئەگەر ئەوە ســەعدی بێت چی بەدایکم بڵێم، کە چووم، بینیم ئەو نەبوو".

عەبــاس مەحموودی باوکــی ڕەتیکردەوە ئەو ڕۆژە ســەعدی بەدڵشــکاوی یــان بەکێشــەوە ماڵەوەی بەجێهێشــتبێ و دەڵــێ "کاژێر 4:30ی بەیانی خەبەرمان بووەوە لەماڵ نەمابوو، گوتبووی دەڕۆمە سلێمانی، ئەو جار جار کە بێتاقەت دەبوو دەهاتە سلێمانی، بەڵام ئێوارە دەگەڕایەوە". عەباس گوتیشی "حەزی لەناو خەڵکی نەبوو، تاڕاددەیەک گۆشەگیر بوو".

تەنیا هەواڵێک لەبارەی ســەعدییەوە، بەسە بۆ ئەوەی شادمانی تۆراوی خێزانێ بگێڕێتەوە، بەڵام وەک عەلی دەڵێ لەپێناو ئەو هەواڵەدا هەرچی بارگە هەیە ئاگادارکراونەتەوەو ڕۆژانە چەند جار تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەین"بەڵام هەمووی بێسوودە".



پێشبینییەکانی فەلەکناسێکی مەغریبی بۆ ساڵی ئایندە :

# شەڕی ناوخۆ لەعێراق بەرپا دەبێ



عەبدولعەزیز خەتابی فەلەکناسی مەغریبی

## 2011 هەواڵی ناخۆشی کازم ساهر و هەیفا وەهبی پێدەبێ و عادل ئیمام نەخۆش دەبێ

## هەوڵی تیرۆرکردنی ئۆباما دەدرێت

**ڕووداو- ایلاف**

عەبدولعەزیز خەتابی فەلەکناسی مەغریبی، لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵی 2010، پێشبینییەکانی خۆی بۆ ڕووداوەکانی جیهان لەساڵی 2011دا ئاشکرا دەکات و بەگوێرەی ئەو پێشبینیانەش، ساڵی داهاتوو بۆ عێراق، بەپێچەوانەی مژدەی سیاسییەکانی و چڕکردنەوەی جموجوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ساڵی ئاشتەوایی و سەقامگیری نابێت.

ماڵپەڕی (ایلاف) لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ خەتابی، دیارترین پێشبینییەکانی نێوبراوی بڵاوکردووەتەوە کە زیاتر لە دەوری بارودۆخی سیاسی جیهانی عەرەبی و وڵاتانی ناوچەکە دەخولێتەوە. خەتابی بە حەسەن نەسروڵڵای سەرکردەی حیزبوڵڵای لوبنانی دەستپێدەکات و پێیوایە لەساڵی داهاتوودا ژیانێکی پڕ زەحمەتی دەگوزەرێنێ. خەتابی لەوبارەوە دەڵێ "ساڵی 2011 بۆ حەسەن نەسروڵڵا زەحمەتترین ساڵی دەبێ و خۆی لەنێوان لوولەی گڕکانی ئیسرائیلی و چەکوچی سەرۆکی ئەمریکیدا دەبینێتەوە".

لەبارەی سەعد حەریری سەرۆک وەزیرانیش دەڵێ کە شەڕە سیاسییەکانی بەردەوام دەبن "بەڵام لەکۆتاییدا دەکەوێتە داوەکەو لەڕووی سیاسییەوە کۆتایی دێت".

خەتابی بۆ مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆماری ئێرانیش وا پێشبینی دەکات کە ساڵی نوێ بۆ ئەو سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت. وەبیریشی دێنێتەوە کە ئێستا ئەو لەمەترسیدارترین قۆناخدایە.

خەتابی دەڵێت "لەساڵی 2011دا ژیانی کیسەڵە عێراقییەکان کۆتایی دێت. ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ بەرپا دەبێت، چارەسەریش ڕەنگە بکەوێتە کۆتایی ساڵی داهاتوو".

عەبدولعەزیز خەتابی پێشبینی ئەوەش دەکات کە ساڵی 2011 هەوڵی تیرۆرکردنی چەند سەرکردەیەکی دەوڵەتان بەخۆوە ببینێ، لەوانەش حامد کارزای سەرۆکی ئەفغانستان، باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا. هەروەها کەسایەتییەکی سیاسی دیاری عێراقیش کە ئەو ناوی نەهێناوە.

سەبارەت بە سووریاش وا پێشبینی دەکات کە گۆڕانێک لەسیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتەدا ڕوودەدات بەشێوەیەک کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لوبنان ئاڵۆزتر بکات و بەوەش قەبارەی دەستتێوەردانی دەرەکی گەورەتر بکات.

عەبدولعەزیز خەتابی تەنیا بەباسی سیاسییەکانەوە ناوەستێ و لەبارەی هونەرمەندانی عەرەبیشەوە هەواڵی ناخۆشی پێیە. پێشبینی دەکات لەساڵی داهاتوودا هەواڵی خراپ دەربارەی کازم ساهیر، ڕەزا عەبدوڵڵا و هەیفا وەهبی ببیستین. سەبارەت بە ئەکتەری نێوداری میسریش عادل ئیمام، دەڵێت "ئەو ئەکتەرەم زۆر خۆشدەوێ، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە دووچاری نەخۆشییەک ببێ و کاتێکی زۆر لە هونەرەکەی بگرێ".

---

# سەرۆکی پەرلەمان ئەبو سەیف



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، ڕۆژی 2010/11/11 خولی دووەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دەستپێکردنەوەی یەکەمین کۆبوونەوەی کراوەیدا لە مانگی حوزەیرانەوە، بە دەنگی 227 ئەندام لە کۆی 295 ئەندامی ئامادەبوو، ئوسامە نوجێفی کاندیدی ئیئتیلافی عێراقییەی وەک سەرۆکی نوێی پەرلەمان هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی نێوبراو وەک هەنگاوی یەکەم دێت لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی کە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بەپێی دەستپێشخەری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ کۆتاییهێنان بەقەیرانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ پێیگەیشتن.

ئوسامە نجێفی، مێژوویەکی درێژی لەکاری سیاسیدا نییەو هەرگیز بەشێک نەبووە لەو بەرە ئۆپۆزیسیۆنەی پێش ساڵی 2003 بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لە دەرەوەی وڵات پێکهاتبوو.

ساڵی 1956 لە خێزانێکی خاوەن زەوی لە پارێزگای نەینەوا لەدایکبووە. بەڵام زۆر لە زەویەکانیان ئەوانەن کە ڕژێمی بەعس لە کوردی ستاندن لە پارێزگای موسڵ.

لە ساڵی 1978 بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازەی کارەبا لە زانکۆی مووسڵ بەدەستهێناوە.

تاوەکو ساڵی 1982 وەک ئەندازیار لەبەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا لەپارێزگای نەینەوا کاری کردووە.

لە ساڵی 1986 بەڕێوەبەری کارەبای قەزای تەلەعفەر بووە.

تاوەکو ساڵی 1992 وەک ئەندازیار لەبەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای نەینەوا کاری کردووە، پاشان دەستی لەکارکێشاوەتەوەو خەریکی کاری سەربەخۆ بووە، وەک کشتوکاڵ لەزەوییەکانیان و کاری بازرگانی.

ساڵی 2005 لەسەردەمی حکومەتی ئینتیقالیدا کە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکایەتی دەکرد، وەک کاندیدی غازی عەجیل یاوەر سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق پۆستی وەزارەتی پیشەسازی وەرگرت و لەوکاتەوە ئیدی وەک سیاسییەکی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بەدیارکەوت، بەتایبەتیش بەهۆی هەڵوێستە توندەکانی لە مادەی 140ی دەستووری عێراق و کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەپارێزگای نەینەوا.

نجێفی کە سەر بەرەوتی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبییە، هەر بەهۆی ئەو هەڵوێستانەو وروژاندنی کێشە لەگەڵ لیستی برایەتیی نەینەوا، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 2006دا بۆ یەکەمین جار گەیشتە پەرلەمانی عێراق و ساڵی 2009یش لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، لیستی حەدبا کە ئەو سەرکردایەتی دەکرد، 19 کورسی لەکۆی 31 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای بردەوەو ئەسیل نجێفی برای پۆستی پارێزگاری وەرگرت.

ساڵی 2009 وەک ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەی (العراقیون) دەستنیشانکرا کە چەند حیزب و قەوارەیەکی سیاسی لەخۆدەگرێ.

لەهەڵبژاردنەکانی مانگی ئاداری ڕابردوو، گردبوونەوەی عێراقیون چووە پاڵ ئیئتیلافی عێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی و لەکۆی 31 کورسی ئەو پارێزگایە، 20 کورسی بەدەستهێنا.

نجێفی لەو هەڵبژاردنەدا بە بردنەوەی 275 هەزار دەنگ بووە سێیەمین کاندیدی پەرلەمان کە ئەو ڕێژە زۆرەی دەنگی بەدەستهێنابێ لەپاش نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و ئەیاد عەللاوی سەرۆکی ئیئتیلافی عێراقییە.

لە کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەماندا دوای ئەوەی کرایە سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی تێبینی کرا لە وتارە درێژەکەیدا بەهیچ شێوەیەک باسی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی نەکرد، هەروەها زۆر دەستەواژەی نەخوازراوی لەلایەن کورد و شیعە بەکارهێنا، هەروەها کۆبوونەوەکەشی زۆر بە تووش و توندی بەڕێوەبرد، کە ئەمانە هەموویان وادەکەن پێشبینی پەرلەمانێکی ئارام لەژێر سەرۆکایەتی ئوسامە نجێفی (ئەبو سێف) دا نەکرێ.

---

عەمیدی ڕۆژنامەوانانی کۆشکی سپی:

# بوش خراپترین سەرۆک بوو ئۆباماش بێ جورئەتە

**ڕووداو- الحیاه**

هێلین تۆماس عەمیدی پێشووی ڕۆژنامەوانانی کۆشکی سپی، جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی پێشووی ولایەتە یەکگرتووەکانی بە "خراپترین سەرۆک لەمێژووی ئەمریکادا" وەسفکردو لەبارەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئێستای ئیدارەی ئەمریکاش گوتی "کەسێکی نیازپاکە، بەڵام جورئەتی پێویستی نییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی".

هێلین تۆماس کە ماوەی نزیکەی نیو سەدە عەمیدی ڕۆژنامەوانانی کۆشکی سپی بووە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی تەرابلوسی باکووری لوبنانەو بنەماڵەکەیان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردووە.

هێلین لەدایکبووی ساڵی 1920ی شاری دیترۆیتی باکووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و ژیانی ڕۆژنامەوانی نێو کۆشکی سپی بە ڕووماڵکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی جۆن کەنەدی، لەسەرەتای دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستپێکرد. لەساڵی 1961یشەوە ڕیزی پێشەوەی لە هۆڵی پرێس کۆنفرانسەکانی نێو کۆشکی سپی داگیرکردبوو کە 49 پەیامنێر لەخۆدەگرێ، تا دواجار وەک خۆی دەڵێت بەهۆی ڕەخنەگرتنی بەردەوامی لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل لێی بێبەشکرا. هەرچەندە ئەو خۆی دەڵێت ئەگەر ئەوەش نەبووایە خۆی هەر بڕیاری دابوو دەست لەکارەکەی هەڵگرێ، چونکە تەمەنی لە 90 ساڵ نزیک دەبووەوەو ئیدی حەوسەڵەی ئەو کارەی نەمابوو.

هێلین تۆماس لەدوایین هەڤپەیڤینی خۆیدا لەگەڵ گۆڤاری Elle لەبارەی جۆرج بوش دەڵێت "خراپترین سەرۆکە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەخۆوەی دیبێت". هەروەها لەبارەی باراک ئۆباما سەرۆکی ئێستای ئەمریکاش دەڵێت "کەسێکی نیازپاکە، بەڵام ئەو جورئەتە پێویستەی نییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی".

هێلین هەر لەو هەڤپەیڤینەدا باسی ئۆباما دەکات کە بۆ یەکەمین جار پێی ناوەتە نێو هۆڵی پرێس کۆنفرانسەکانەوە لە کۆشکی سپی و ئەویش لێیپرسیوە: "جەنابی سەرۆک دەزانی کام دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەکی ئەتۆمیی هەیە؟". هێلین دەڵێت دوای ئەوەش چەند جارێکی دیکە هەمان پرسیاری ئاراستەی ئۆباما کردووەتەوە وەک ئەوەی سووربێت لەسەرئەوەی لەبەرچاوی میدیاکاندا شپرزەی بکات. دەشڵێت "یەکەمجار کە ئەو پرسیارەم لێکرد، هەستمکرد نازانێ چۆن خۆی لە وەڵامدانەوەی ڕاشکاوانە ببوێرێ، گوتی کە حەزناکات بەمەزەندە و خەمڵاندن قسە بکات".

هێلین لە ئەزموونی درێژی خۆیەوە لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت "ڕووماڵی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی 10 سەرۆک کۆمارم کردووە، هەموو جارێک دەبینی سەرۆک کۆمار سەردەمی خۆی زۆر شەفاف و ڕاشکاو دەستپێدەکات، بەڵام زۆرنابات پاشەکشە دەکات و خۆی دادەبڕێ".

هێلین بەو ئەنجامگیرییە گەیشتووە کە سەرۆک چەندە هەست بکات میدیا دووژمنایەتی دەکات، ئەویش ئەوەندە بەرەو نهێنی و شاردنەوەو خۆدابڕین دەڕوات.



هێلین بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1943 هاتووەتە نێو کاری ڕۆژنامەوانی و سەرەتا لەواشنتن لە ئۆفیسی ئاژانسی یونایتد پرێس دەستبەکاربووە. کاتێک ئاژانسەکەش لەسەرەتای ساڵانی شەستەکان بۆ ڕووماڵکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جۆن کەنەدی ڕەوانەی ویلایەتی فلۆریدای دەکات، ڕێگەی بەرەو کۆشکی سپی دەبینێتەوە، بەتایبەتیش پاش ئەوەی بەختی هێنای و جۆن کەنەدی لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و دواتریش جاکلینی خێزانی بووە بنێشتەخۆشەی دەمی میدیاو کۆمەڵگەی ئەمریکی.

هێلین پێش ئەوەی کۆشکی سپی بەجێبێڵێ، لەلایەن باراک ئۆباماوە کێکی 89 ساڵەی لەدایکبوونی بۆ ئامادەکراو هەر بەوبۆنەیەشەوە ئۆباما وتەیەکی پێشکەشکرد کە تێیدا پەسنی 67 ساڵ کارکردنی بەردەوامی هێلین تۆماسی دا لە 1943وە تاوەکو 2010.

---

لە جۆرجیا هەموو شتێک بۆ فرۆشتنە

# یۆرانیۆمی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیش

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەو دۆکیومێنتانەی پێشکەشی دادگاییەکی نهێنی کراون لە کۆماری جۆرجیا، ئەوە دەردەخەن کە یەکێک لەو ماددانەی لەبازاڕی ڕەشی کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤێتدا مامەڵە و سەودای پێوەدەکرێ یۆرانیۆمی پیتێنراوە بەڕێژەیەکی بەرز.

دوو کەس کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەرمەنین و یەکەمیان بزنسمانەو ئەویدیکەیان زانای فیزیا، دانیان پێداناوە کە مانگی ئاداری ڕابردوو بڕێک یۆرانیۆمی پیتێنراویان هێناوەتە جۆرجیاوە دوای ئەوەی لەنێو قورقوشمدا شاردوویانەتەوەو بە شەمەندەفەر لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیاوە گەیاندوویانەتە تبلیسی پایتەختی جۆرجیا.

پێشترمیخائیل ساکاشڤیلی سەرۆکی جۆرجیا، سەرۆکی وڵاتانی ناوچەکەی لەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی ئاگادارکردبووەوە پاش ئاشکرابوونی تۆڕێکی قاچاخچێتی لەڕێگەی کۆنگرەیەکی ئەتۆمی کە مانگی نیسانی ڕابردوو لە واشنتن بەسترابوو. دادگاییەکەش بۆ پاراستنی ئەندامانی یەکەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تەشەنەکردنی ئەتۆمی کە کارەکەیان ئاشکراکردبوو، لەپشت دەرگای داخراوەوە بەڕێوەچوو.

ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی لە زاری لێکۆڵەرانی دۆسیەکە، بڵاویکردەوە کە ئەوان بەدوای دۆزینەوەی ماددەیەکی بنەڕەتییەوەن بۆ دروستکردنی کڵاوەیەکی ئەتۆمی. ئەو ماددەیە ئێستا لە بازاڕی ڕەشدایەو بەئاسانی دەتوانرێ بەو ئامێرە گرانبەهایانەدا تێپەڕێنرێ کە بە کۆمەکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئاشکراکردنی ماددە تیشکەوەرەکان لەسەر سنوورەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران دانراون، بەڵام دەڵێن نازانن بڕی ئەو ماددەیە چەندە کە ئێستا دەستاودەستی پێدەکرێ و دیاریش نییە ئاخۆ کەوتووەتە دەست گرووپە توندڕەوەکان یان نا.

وا مەزەندە دەکرێ کە ئەو بڕە یۆرانیۆمەی لەگەڵ ئەو دوو ئەرمەنییەدا گیراوە، ساڵانێک لەمەوبەر دزراوە. تاقیکردنەوە ئەمریکییەکانیش وایدەردەخەن کە ڕێژەی پیتاندنی ئەو بڕە یۆرانیۆمە لە 89% پترە، ئەوەش مانای وایە ماددەیەکی تەواو ئامادەیە بۆ دروستکردنی کڵاوەیەکی ئەتۆمی. ئەو بڕەی بەو دوو ئەرمەنییە گیراوە تەنیا 18 گرامە، بەڵام ئەوەی لە ئەرمینیا پێی فرۆشتوون گوتوویەتی کە بڕی زیاتریان هەیە ئەگەر کڕیاریان پەیداکرد.

ئەم دوو قاچاخچییە ئەرمەنییە کە یەکەمیان کارگەی دروستکردنی ماستی هەبووەو هەموو سەرمایەکەی لەسەر مێزی قومار دۆڕاندووەو دووەمیشیان زانایەکی فیزیایی سەر بە پەیمانگەی یەریڤانە بۆ زانستە فیزیاییەکان، کاتێک لە مانگی ئاداری ڕابردوودا بەرەو پایتەختی جۆرجیا بەڕێکەوتوون بۆ دیداری کڕیارەکەیان، وایانزانیوە کە کاڵاکەیان دەفرۆشنە نوێنەری یەکێک لە گرووپە ئیسلامییەکان، بەڵام کڕیارەکە ئەفسەرێکی پۆلیس دەرچوو.

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا ئەمە سێیەمین جارە کە یۆرانیۆمی پیتێنراو بەڕێژەی بەرز لەلایەن پۆلیسی جۆرجییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ. لەوەتای یەکێتی سۆڤێتیش هەڵوەشاوەتەوە 21 هەوڵی بەقاچاخبردنی یۆرانیۆم و پلۆتۆنیۆم کە هەردووکیان بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بەکاردێن، پووچەڵکراونەتەوە. تائێستاش چەندان ملیار دۆلار لە پەرەپێدانی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی وڵاتانی سەر بە یەکێتی سۆڤێتیدا خەرجکراون، بەتایبەتیش لە ڕووسیا کە نزیکەی 700 تەن یۆرانیۆمی پیتێنراوی لەسەدان دامەزراوەدا هەیەو هێشتا دیارنییە ئاخۆ چەندی لێ دزراوە.

---

# بوش 7 ملیۆنی بە 4 ڕۆژ دەستکەوت



**ڕووداو- AFP**

دوای ئەوەی ڕۆژی 2010/11/9 بیرەوەرییەکانی جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کەوتە بازاڕەوە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 222 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە و جۆرج بوش نزیکەی 7 ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە.

بەپێی سەرچاوە میدیاییەکانی ئەمریکا، 170 هەزار دانە لە کتێبەکە لە بازاڕەکانی ئەمریکادا لە ماوەی چوار ڕۆژدا فرۆشران و نزیکەی 50 هەزار دانەی کۆمپیوتەری بە بەرنامەی PDF فرۆشراوە، بەمەش بوش داهاتێکی زۆری دەستکەوت.

بیرەوەرییەکانی بوش کە بەناوی (خاڵی بڕیار)ە، لە یەکەم چاپیدا، 1 ملیۆن و 500هەزار دانەی لێ چاپکراوە و دەزگای چاپی کراونی ئەمریکی، کە پەرتووکەکەی بڵاوکردووەتەوە ڕایگەیاند کە خۆشحاڵن بە فرۆشتنی ئەو ڕێژە زۆرە. لەوبارەوە دەیڤد درەیکی وتەبێژی ئەو دەزگایە دەڵێ" ئێمە زۆر خۆشحاڵین بەڕێژەی فرۆشتنی ئەم چەند ڕۆژە".

بوش لەکتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کەنەدۆزینەوەی چەکی کۆکوژ لەعێراق زۆر خەمباری کرد، بەڵام لەوێدا ئاشکرای دەکات کە سەرۆک کۆماری میسر حوسنی موبارەک پێیگوت سەدام چەکی کۆکوژی هەیە، بەڵام گوتی لەبەر کاردانەوەی عەرەب نابێ ناوی بهێنێ کەئەو ئەم زانیاریەی پێداوە، بێگومان کەسەرۆک وڵاتێکی ڕۆژ هەڵاتی نێوەڕاست ئەو زانیاریەت پێبدات زۆر گرنگە.

---

# گرنگیدان بە ئایدز ملیارێک نەخۆشی لەچارەسەر بێبەشکردووە

**ڕووداو- ایلاف**

پسپۆڕان دەڵێن حکومەتەکانی جیهان بەهۆی گرنگیدانی لە ڕادەبەدەریان بە هەندێ نەخۆشی بەربڵاوی وەک ئایدز و مەلاریا، دەیان نەخۆشی دیکەیان لەبیرکردووە کە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا ژمارەیەکی زۆر زیاتری خەڵک دەکوژن، لەکاتێکدا ڕزگاربوون لەم نەخۆشیانە تێچوویەکی زۆر کەمتریان دەوێت.

وەک زانا بەریتانییەکان دەڵێن، زۆربەی ئەو نەخۆشییە مەترسیدارانە دەکرێ بەو دەرمانانە چارەسەربکرێن کە بۆ هەرکەسێک ساڵانە تەنیا نیو دۆلاری تێدەچێت. بەڵام ئازار و مەینەتیی تووشبووان بەو نەخۆشییانە بۆ حکومەتەکان جێگەی سەرنج نییە، چونکە بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا سەرچاوەکان تەنیا بۆ هەندێ نەخۆشی وەک ئایدز و مەلاریاو سیل مۆنۆپۆلکراون، هەرچەندە ژمارەی تووشبووان بەم نەخۆشییانە زۆر کەمترە لەژمارەی ئەوانەی تووشی نەخۆشیی دیکە دەبن.

پرۆفیسۆر دەیڤید مۆلینۆکس لە کۆلێژی پزیشکی لیڤەرپوول، لەوبارەوە دەڵێت "ئەوانەی لەپێگەی دروستکردنی بڕیاردان پێیانوایە تەنیا سیل و مەلاریاو ئایدز لە جیهانی سێیەمدا بەربڵاوە، ئەوەش لەڕاستییەوە دوورە، پشتگوێخستنی نەخۆشییە ئیستیوائییەکان بارقورسییەکی زۆر زیاتریان لەو نەخۆشییانە دروستکردووە کە ناوی گەورەیان هەیە".

ئەم نەخۆشییە ئیستیوائییانە ئەگەرچی ڕاستەوخۆ نەخۆش ناکوژن، بەڵام قوربانییەکان بەشێوەیەک پەکدەخەن کە ئیدی توانای بەرگرییان نامێنێ، ئەوە سەرباری ئەوەی کە هەندێ نەخۆشی دیکە دەبنە هۆی مردن ئەگەر نەخۆشەکە بۆ ماوەیەک بێ چارەسەر مایەوە. ئەم نەخۆشییانە وابڕیارە لەو کۆنگرە نێودەوڵەتییەدا بخرێنە بەرباس کە چاوەڕوان دەکرێ هەر لەم مانگەدا لەجنێف ببەسترێ.



بەشداربووان تیشک دەخەنە سەر ئەو نەخۆشیانەش کە ڕاستەخۆ لەئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە، لەوانەش نەخۆشیی خەو کە بەهۆی مشەخۆرێکەوە پەیدا دەبێ و مشەخۆرەکەش لەڕێگەی مێشێکەوە لە ئاژەڵی تووشبوو بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە. ئەم نەخۆشییە ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێ دەبێتە هۆی مردن.

پرۆفیسۆر سۆ ویلبێرن لەزانکۆی ئەدنبرە لە ئێرلەندا کە هێشتا کار لەسەر ئەو نەخۆشییە دەکات لە ئۆگەندا، دەڵێت "ئەگەر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی خەو نەدرێ، ئەوا زۆر بەخێرایی و بەشێوەیەکی مەترسیدار تەشەنەدەکات". نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە زۆرجار لەگەڵ نیشانەکانی نەخۆشی ئایدز تێکەڵ دەبێت، هەربۆیە دەرمانێکی ناکاریگەر دەدرێتە نەخۆشەکە تاوەکو دواجار لەماڵەکەی خۆی گیان لەدەستدەدات.

زانایان بەم دواییە چارەسەرێکی زۆر هەرزانیان بۆ ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە دۆزیوەوە کە بریتییە لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی مشەخۆرەکانی هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییە لەنێو خۆیاندا عەمبار دەکەن.

هەندێ نەخۆشی دیکەش هەن کە لەمشەخۆرەکان دەکەونەوە، وەک بەلهاریزیا کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی تووشبوونە بە شێرپەنجەی میزەڵدان و لای منداڵانیش لەکارکەوتنی مێشک. ئەم نەخۆشییە بەژەمێک دەرمانی برازیکوانتێل چارەسەر دەبێت کە لەساڵێکدا یەک جار دەدرێتە نەخۆش. هەروەها نەخۆشی تەراخوماش کە مرۆڤ تووشی کوێری دەکات، بەژەمە دەرمانێکی ئەزیسرۆمیسین چارەسەر دەبێ.

کۆمپانیاکانی دەرمان بەڵێنیانداوە کە هێندەی پێویست دەرمانی بەخۆڕایی بۆ ئەو نەخۆشییانە دابین بکەن، بەڵام هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان تائێستا لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون کە چۆن ئەم دەرمانانە بگەیێننە دەست ئەوانەی پێویستیان پێیەتی. پرۆفیسۆر مۆلینۆکس دەڵێت "ئەگەر نەتوانین دەرمانی بەخۆڕایی بگەیێنینە دەستی هەژاران، پێموانییە بتوانین هیچ شتێکی دیکە بکەین لەبواری تەندروستیدا لە جیهاندا".

مەریوان وریا قانیع، باسی یەک ساڵ لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات :

# گۆڕان دەرەنجامی تێکەڵبوونی ئینشیقاقی حیزبی بوو بە ئینشیقاقێکی کۆمەڵایەتی گەورە

مەریوان وریا قانیع، یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری (ڕەهەند)، کە ئێستا لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدا وەک ڕەهەندییەکان دەناسرێن، لەدوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی و وەک لیستێکی پەرلەمانی، ڕەهەندییەکان بەلایەنگری ئەو بزووتنەوەیە دەبینرێن. لەو هەڤپەیڤینەدا کە زۆرتر تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی یەک ساڵەی ئەو بزووتنەوەیە، مەریوان وریا قانیع بە ئیمەیل وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو) دەداتەوە:

بەشی دووەم و کۆتایی

**ڕووداو: هەندێ لە شارەزایانی سیاسی ڕۆژئاوایی دەڵێن پرۆژەی بزووتنەوەی گۆڕان لەجیاتی ئەوەی پێشکەشکردنی بیرۆکە و پرۆژەی نوێ بێ، تەنیا لە ڕەخنەگرتن لە یەکێتی و پارتی و ئیدارەکەیاندا کورتکرایەوە، هەروەها هەندێ چاودێری نێوخۆییش لەوبڕوایەدان گۆڕان بەکردەوە زیاتر وەک ڕق هەڵگرتوویەک لە دەسەڵاتی تاڵەبانی و بارزانی خۆی پێناسەکرد، هەندێ خەڵک زیاتر وەک بزووتنەوەیەکی (کاردانەوە) تەماشای دەکەن کە بەوە هێزی کێشکردنی جەماوەری کەمدەبێتەوە. ڕای ئێوە لەوبارەوە چییە؟**

**مەریوان وریا قانیع:** پێموابێت ئەو خوێندنەوانە بۆ چۆنیەتی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان خوێندنەوەی ناتەواو و پڕ نوقسانین، دڵڕەقانەتر بدوێم دەڵێم خوێندنەوەی ناڕاست و هەڵەن. جا ئەوەی خوێندنەوەکەی کردووە "شارەزا"یەکی ڕۆژئاوایی بوو بێت یان نا، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. هەموو ئەو لێکدانەوانە بەدەست نوقسانییەکی کوشندەوە دەناڵێن، نوقسانی ئەوەی ئاگایان لە بڕ و ڕادەی ئەو تووڕەبوون و ناڕەزایەتییە گەورەیە نییە کە دەسەڵاتداریتی پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا دروستیکردووە. هەموویان باز بەسەر ئەو ڕاستییە سادەیەدا دەدەن ئەم دەسەڵاتدارێتییە لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندان هێز و کەرتی کۆمەڵایەتی دونیای ئێمەی بەشێوەیەکی بەرفراوان نائومێدکردووە. باز بەسەر ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و ئیدارییەدا دەدەن کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا دروستیانکردووە. گرنگی بەو هەستکردنە گەورەیە بە غەدری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری و فەرهەنگی نادەن کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان هەستیپێدەکەن. تەماشای ئەو مۆدێلە لە گەشەکردن و پێشکەوتن ناکەن، کە نەک تەنها هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەکات، بەڵکو مۆدێلێک لە دەوڵەمەندی خێرا لە وڵاتەکەدا دروستدەکات کە بەناو هیچ پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان و هیچ کردەیەکی شەفاف و هیچ لێپرسینەوەیەکی یاساییدا ناڕوات. ئەم جۆرە خوێندنەوانە ئەو گۆڕانە سەیر و چاوەڕواننەکراوە نابینن کە بەخێراییەکی بێ نموونە پێشمەرگەکانی دوێنێی گۆڕی بۆ ملیۆنێر و ملیاردێرەکانی ئەمڕۆ. ڕەنگە ئاسایی بێت بەرپرسەکانی پارتی و یەکێتی ئەم نائومێدی و ناڕەزاییە و غەدر و ناهەقی و مۆدێلە نەخۆشەی کەڵەکەکردنی سەرمایە نەبینن، بەڵام ئەوەی لێکۆڵەرەوەکان نەیبینن و وەک فاکتەری هەرە گرنگی بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنی خەڵک وێنای نەکەن، کارەساتە. لەسەروبەندی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕاندا و لە وتارێکی درێژدا لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، کە وەڵامی نامەی تایبەتی پرسیاری کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس بوو لە هەولێر، من هەوڵی ئەوەمدا دەستنیشانی پاشخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەم. ئەم بزووتنەوەیە لە کوێوە هات، بۆ دروستبووە و چۆن دروستبوو؟ ئەو پرسیارانەبوون کە من هەوڵمدا وەڵامیان بدەمەوە. من ئەوکات و ئێستاش ڕام وایە ئەم بزووتنەوەیە بەری کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنی دوو جۆر ناڕەزایی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. یەکەمیان ئەو ناڕەزاییانەیە کە لەناو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیاندا دروستببوون بەرامبەر بە شێوازی بەڕێوەبردنی بەرپرسانی ئەو حیزبانە بۆ وڵات و بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەو دۆخی گەندەڵییە گەورەیەی وڵاتی گرتبووەوە (تائێستاش گرتوویەتییەوە). ئەویتریان ئەو ناڕەزاییە گەورەیە بوو کە لەناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە هەمان هۆکار دروستببوو. بە مانایەکی دیکە بزووتنەوەی گۆڕان دەرەنجامی تێکەڵبوونی جۆرێک لە ئینشیقاقی حیزبی بوو بە ئینشیقاقێکی کۆمەڵایەتی گەورە. مەبەستم لە ئینشیقاقی کۆمەڵایەتی توڕان و زویربوون و تووڕەبوونی بڕێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێمەیە لەو نوخبە سیاسی و سەربازی و بازرگانییەی لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا دروستببوو. جیابوونەوەی دونیای ئەو نوخبەیەیە لە دونیای بەشی هەرەزۆری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە، جیابوونەوەیەکە بەناو گەندەڵی و ناهەقی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەفیڕۆدانی ماڵی گشتی و گوێنەگرتن لە کۆمەڵگەدا تێدەپەڕێ. گۆڕان ئەو بزووتنەوە سیاسییە بوو کە لە ساتە وەختێکی زۆر گونجاو و لەباردا توانی ئەم دوو جۆرە ناڕەزاییە قووڵ و بونیادییە بەیەکەوە گرێبدات. هەر لەسەرەتاوە بەیەکگەیشتن و یەکتربڕینی ئەم دوو هێڵە جیاوازە لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا ئاشکرابوو. یەکەمیان هێڵێکی حیزبی ناڕازییە، کە بە پلەی یەکەم لەناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە هاتووە. دووەمیان هێڵێکی کۆمەڵایەتی ناڕازییە کە لەناو ئەزموونی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانییەوە سەرچاوەی گرتووە. تێکەڵبوونی ئەم دوو هێڵە بەیەکدی بزووتنەوەی گۆڕانی دروستکرد. بەر لەم بزووتنەوەیە بڕێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران ڕەخنەی تیۆری و فیکری و سیاسی توندی ئەو ئەزموونی حوکمڕانییەی کوردستانیان دەکرد، من خۆم یەکێک بووم لەو ڕۆشنبیرانە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان توانی ڕەخنەکانی ڕۆشنبیران بخاتە بواری پراکتیکەوە و چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ ئەو دید و بۆچوونە تیۆریانە دروستبکات. کە ئەمە دەڵێم، نامەوێ بڵێم ئەم بزووتنەوەیە ڕۆشنبیران دروستیانکرد، بەپێچەوانەوە ئەم بزووتنەوەیە بکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو، بەڵام کاریگەریی بۆچوونە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانی ڕۆشنبیران لەسەر ئەم بزووتنەوەیە گەورەیە. بێگومان ئەو بۆچوونە ڕاستە کە دەڵێت بڕێکی زۆری کاری بزووتنەوەی گۆڕان بریتییە لە ڕەخنەکردنی پارتی و یەکێتی، بەڵام من پێموایە ئەمە خاڵێکی لاواز نییە بدرێتە پاڵ ئەم بزووتنەوەیە، بەڵکو یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی بزووتنەوەکە. ئەمەش نەک بەتەنها لەبەرئەوەی ئەم بزووتنەوەیە ترسی سیاسی لە کوردستاندا شکاند، وایکرد خەڵک بتوانن و بوێرن ڕەخنەی ئەزموونە سیاسییەکەی پارتی و یەکێتی بکەن، بەڵکو لەبەرئەوەی بەرەنگاری ئەو دۆخی مۆنۆپۆلکردنە سەرتاسەرییە بووەتەوە کە پارتی و یەکێتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سەربازی و ئابووریدا دروستیانکردووە. مۆنۆپۆلییەک وەک وتم نە هیچ مانایەکی بۆ سیاسەتکردن وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی هێشتبووەوە و نە هیچ مانایەکیش بۆ ڕەخنەگرتن وەک چالاکیەکی عەقڵی. کوردستان فەرەنسا نییە کایەی سیاسەت تێیدا کراوەبێت بۆ هەر هێز و تاکەکەسێک بیەوێت سیاسەت بکات، کایەی سیاسی لە کوردستاندا کایەیەکی مۆنۆپۆلکراوە، پارتی و یەکێتی خۆیان بە خاوەنی وڵاتەکە دەزانن، هەر کەس و هێزێک بیەوێت لە کوردستاندا لە دەرەوەی ئەوان سیاسەت بکات، ڕووی بەم ڕۆحە مۆنۆپۆلخواز و خۆ بە خاوەن و حاکمزانینەی ئەم دوو هێزەدا بۆ وڵاتەکە دەتەقێتەوە. بۆیە ڕەخنەکردنی ئەم دوو هێزە بەشێکی هێجگار گەورە و گرنگی کردنەوەی ئەو کایە سیاسییە داخراوەیە و بەشێکی هێجگار گرنگی کاری سیاسیشە لە کوردستاندا. هەموومان دەزانین چ بزووتنەوەی گۆڕان و چ هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئیسلامییەکان و چ هەر هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە، کە بکرێت لە ئایندەدا دروست ببێت، ڕووبەڕووی دونیایەکی هێجگار زەحمەت بوونەتەوە، دونیایەک یەکێتی و پارتی بە نزیکەی بیست ساڵ حوکمڕانی دروستیانکردووە. بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەزموونی حوکمڕانی چاکدەکرێت، لەکاتێکدا هەموو جیهازی بیرۆکراتی لە وڵاتەکەدا کراوە بە جیهازێکی حیزبی. چۆن سیستمی ئابووری ڕێکبخرێتەوە، لەکاتێکدا حیزب خۆی بووەتە گەورەترین کۆمپانیا لە وڵاتدا. چۆن پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، لەکاتێکدا ژمارەیەکی هێجگار گەورەی خەڵکی ئێمە ناچاربوون ببنە مووچەخۆری دەوڵەت و حیزب. چۆن کۆڵەگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداریتی ڕاستبکرێنەوە، لەکاتێکدا حیزب دەستی شێوێنەرانەی خۆی خستووەتە ناو هەموو دەزگاکانی کۆمەڵگەوە و بەتاڵیکردوونەتەوە لەو وەزیفە ڕاستەقینانەی کە دەبێت بیبینن، لەمڕووەوە سەرنجبدەن و بزانن چۆن پەرلەمانی کوردستان کراوە بە دەزگایەکی تەسلیمبوو بە حیزب. بیر لەوە بکەنەوە چۆن هێزی سەربازی لەو وڵاتەدا سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، لەکاتێکدا حیزب و هەندێک لە بەرپرسەکان لەشکری تایبەت و ئاسایشی تایبەت و پۆلیسی تایبەت بەخۆیان هەیە. بیر لەوە بکەنەوە چۆن دونیا جوان دەکرێت، کاتێک نوخبەیەکی سیاسیت هەیە پێیوایە هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە لەدایکبووە تا هەتایە لە کوردستاندا حوکم بکات. بیر لەوە بکەنەوە وڵاتێک کە زۆربەی خەڵکەکەی خراوەتە دەرەوەی هەر پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانەوە، چۆن دەیکەیتە وڵاتێکی بەرهەمهێن. چۆن ڕێ لەوەدەگریت ئەو نوخبە سیاسییەی حوکمدەکات، نەتوانێت ببێتە نوخبەیەکی خاوەن نەوت و دەسەڵاتی سیاسی خۆی و دەزگاکانی بە هێز و سەرمایەی نەوتەوە گرێنەدات. ئەمانە کێشەی گەورە و ترسناکن. ئەم کێشانە بەدرێژایی بیست ساڵی دوای ڕاپەڕین دروستکراون، بۆیە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوەبین هێزێک یان چەند هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن کە ساڵێکە دروستبوون هەموویان چاکبکەنەوە. کوردستان وڵاتێکە وێرانکراوە، وێران بەو مانایەی لەسەرەوە باسمکرد، دروستکردنەوە و ڕێکخستنی بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕەنجی فەرهاد و دانبەخۆداگرتنی ئەیوبی دەوێت. ئێمە وەک ڕۆشنبیران لە ساڵانی سەرەتای دوای ڕاپەڕیندا زۆر بە توندی ڕەخنەی ئەم مۆدێلە سیاسییەمان کرد، لەوە دواین ئەم مۆدێلە کارەسات دروستدەکات، وڵات بەڕادەیەک دەشێوێنێ کە دواتر چاککردنەوەی زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەوکات چەندان دەنگی نەشاز هەبوون دەیانگوت ئەمانە کوردیان خۆشناوێت و دەیانەوێت ئەزموونە "ساوا" و "خۆماڵی"یەکەمان لەناوبەن. ئێمە دەمانزانی دەسەڵات لەسەرەتادا ڕەخنە نەکرێت و هەڵەکانی چاکنەکرێتەوە کە بەهێزبوو ناتوانرێت یان زۆر زەحمەت دەبێت ئەو دونیایەی دروستیکردووە بگۆڕدرێت. ئەوەی ئەمڕۆ شوێنی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئەم کێشانە چیتر تەنها ئەم یان ئەو ڕۆشنبیر باسیانناکەن، بەڵکو هەم بزووتنەوەی گۆڕان و هەم لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیش باسیدەکەن. وردە وردە لەناو پارتی و یەکێتیشدا خەریکە ئەو هەستە دروستدەبێت کە ناتوانن بەو شێوەیەی ساڵانێکی درێژە پیادەی دەکەن بەردەوامبن. ئەمانە خاڵی ئیجابین و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەدروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و بە دروستبوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەیە لە کوردستاندا. من تا ئەمڕۆش هەڵسەنگاندنم بۆ شێوازی کارکردن و شێوازی ئیدارەدانی ململانێ و چۆنیەتی هێنانەپێشەوەی مەلەفە گرنگەکانی ئەمڕۆی کوردستان و شێوازی ورووژاندنیان لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە پۆزەتیڤە. ئەم بزووتنەوەیە دینامیکیەتێکی سیاسی نوێی خستووەتەوە و وایکردووە بە ئاشکرا قسە لە کێشە گەورەکانی وڵات بکرێن. بوون و گەشەکردنی ئەم بزووتنەوەیە بە کارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگ دەزانم، هیواداریشم لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ڕۆڵە سیاسییەکەیان بەهێزتر و فراوانتربێت. وەک گوتیشم بزووتنەوەی گۆڕان بەری تێکەڵبوون و یەکتربڕینی دوو ئینشیقاقی گەورەبوو لە دونیای ئێمەدا، ئینشیقاقێکی حیزبی و ئینشیقاقێکی کۆمەڵایەتی. کورتکردنەوەی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ڕق لەم یان لەو حیزب و لەم یان لەو سەرکردەی سیاسی، تێنەگەیشتنێکی گەورە و ترسناکە لەو کێشە سەرەکییانەی ئەم بزووتنەوەیان دروستکرد. هەروەها هەوڵدانێکی نابەرپرسیارە بۆ بێنرخکردنی ئەو کێشە گرنگانەی ئەم بزووتنەوەیە باسیاندەکات و کۆمەڵگەی ئێمەیان لێ ئاگادار دەکاتەوە.

**ڕووداو: لەسەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان، ئێوە وەک گرووپی ڕەهەندییەکان وا دەرکەوت کە پاڵپشتی دەکەن، ئەوە بەهۆی پرۆژەی ئەو بزووتنەوەیە بوو یان بەهۆی پەیوەندی و گفتوگۆی پێشتربوو لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفادا؟**

**مەریوان وریا قانیع:** پەیوەندی نێوان ڕەهەند وەک بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی بابەتێکی گرنگە و دەکرێت باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و تەنانەت چەندان تێزی ماستەر و دکتۆرای لەسەر بنووسرێت. میللەتانی دونیا گرنگی گەورە بە کاری ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام لای ئێمە، تەنانەت لە هەندێک لە زانکۆکانی کوردستاندا، ئەو قوتابییەی ناوی ڕەهەند یان نووسەرەکانی ڕەهەند بهێنێت مامۆستاکەی دەرینا چوێنێت. بەشێوەیەکی گشتی نووسین و بیرکردنەوە دەربارەی دیاردە گرنگەکانی دونیای ئێمە لە وڵاتی ئێمەدا لەئارادا نییە، لەباشترین حاڵەتدا جۆرێک لە قسەکردن هەیە کە بەزمانی تاوانبارکردن و موئامەرەکاری باس لەو جۆرە دیاردانە دەکات، یان بە زمانی مەدح و پێداهەڵدانێکی خۆبەخۆیی بێ قووڵاییدا. گەر ئەم لێکۆڵینەوە و باسوخواسی ڕاستەقینە هەبووایە ئێستا پێویستی بەوەنەدەکرد من بێم لەسەر ئەم پەیوەندییە قسەبکەم. ئەگەرچی ناخۆشە من وەک یەکێک لە دامەزرێنەران و نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەند باس لە گرنگی ڕەهەند وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری بکەم و لەوێشەوە پەیوەندی ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییە بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە شیبکەمەوە، بەڵام پرسیارەکەتان ناچارم دەکات ئەم مەسەلەیە زۆر بە جدی وەرگرم و لەمڕووەوە تێگەیشتنی خۆم لەسەر ڕەهەند و لەسەر پەیوەندی بە گۆڕانەوە بنووسم. هەم بۆ دۆست و هەم بۆ ناحەزانی ڕەهەند ئاشکرایە، کە ڕەهەند یەکێکە لە گرنگترین پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی ناو مێژووی ڕۆشنبیری ئێمەیە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا، ئەگەر گرنگترینیشیان نەبێت. بەڵام بەڕاستی گرنگی ئەم پرۆژەیە لەچیدابوو؟ من لێرەدا هەوڵدەدەم لەسەر پێنج خاڵ ڕاوەستم.

1ـ ڕەهەند وازی لەو کەلەپووری بیرکردنەوەیە هێنا کە خراپەکاری و لاوازی و ناشیرینییەکانی ناو دونیای کوردی تەنها و تەنها بە لایەنە دەرەکییەکانەوە گرێبدات. لەباتی ئەوە ڕوویکردە دۆزینەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕەگەزە ناوەکییەکانی دونیای کورد خۆی. ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە و بەرخورد لە کۆتایی هەشتاکاندا لای من و کاک بەختیار عەلی دروستببوو، بەڵام لە ڕەهەند دا بووە پرۆژەیەکی دەستەجەمعی و بە بەشێک لە دونیابینی پرۆژەکە و ئاراستە سەرەکییەکانی کارکردنی.

2ـ ڕەهەند نەک تەنها لە دەرەوەی هەموو دیدە حیزبییەکانەوە دەدوا، بەڵکو خۆشی بەشێک نەبوو لە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی کە خوازیاری دامەزراندنی حیزب و بزووتنەوەی سیاسی ئەلتەرناتیڤ بێت. ڕەهەند پرۆژەیەک بوو ڕووی لە کۆمەڵگەی کوردی بوو وەک گشتێک، بە جیاوازی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە. لەمەشدا ڕێک بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری هەوڵە ڕۆشنبیرییەکانی ناو مێژووی کورد کاری کردووە کە زۆربەیان مەبەست یان پرۆژەیەکی سیاسی لە پشتیانەوە بووە. بەر لە ڕەهەند زۆربەی هەرەزۆری هەوڵ و پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان لە پاڵ یان لە پەنای هێزێکی سیاسی دیاریکراودا بوون، یاخود خۆیان لە خەمی دامەزراندنی هێزێکی سیاسی نوێدا بوون، یاخود بەشێک بوون لە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە مانا سیاسییە ڕێکخراوەییەکەی. لەکاتێکدا یەکەم کار ڕەهەند کردی جیاکردنەوەی ماڵی خۆی و گواستنەوەی ئەم ماڵەبوو لە کایەی سیاسەتەوە بۆ ناو کایەی ڕۆشنبیری خۆی. خەمی هەرە سەرەکی ڕەهەند دەوڵەمەندکردنی کایەی ڕۆشنبیری بوو بە تێز و تیۆرە و چەمک و لێکدانەوەی نوێ. ئەگەر بەدوای جۆرێک لە دەسەڵاتیشدا گەڕابێت، ئەوا دەسەڵاتی فیکر و دەسەڵاتی ڕۆشنبیر بووە لەسەر بنەمای ئەوەی دەیڵێت و دەینووسێت و لەسەر بنەمای ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگەدا دەیبینێ.

3ـ لە کارەکانیدا ڕەهەند نەک تەنها زمانێکی تازەی ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەدەبی داهێنا، کە دواتر بوو بە زمانی باڵادەست لای زۆربەی ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی دەرەوەی ڕەهەند خۆشی لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا، بەڵکو ڕەهەند وێنەیەکی دیکەی بۆ کۆمەڵگە و سیاسەت و فیکر و پەیوەندی نێوان هەر یەکێکیان نمایش و پێشنیازکرد. خوێندنەوەی دیاردەی حیزب و شێوازی کارکردنی لە دونیای ئێمەدا یەکێکبووە لە بابەتە گرنگەکانی نووسەرانی ئەم گۆڤارە، شیکردنەوەی چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمەدا یەکێکی دیکە لە بابەتە گرنگەکان بووە. بەم کارانەی، ڕەهەند کەرەستەیەکی مەعریفی گەورەی خستە بەردەمی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بیرکردنەوە و خۆناسینێکی ڕەخنەیی و بۆ نیشاندانی هێڵە گشتییەکانی گۆڕان و تازەبوونەوە لەو کۆمەڵگایەدا.

4ـ ڕەهەند ئەگەرچی لە زۆر بواردا کاریدەکرد، بەڵام کارکردنی لەبواری ڕەخنەی فیکری و سیاسی و کولتووریدا کارکردنێکی هێجگار بەرچاوە. لەمەشدا بەرهەمهێنانی فیکری ڕەخنەیی بە کوردی هەمیشە بە داهێنانە فیکری و زانستییەکانی ناو زیاد لە کایەیەکی فیکری لە ڕۆژئاوادا، دەبەستەوە. بەم کارەشی ڕەهەند نووسینی فیکری لە دونیای ئێمەدا لەو سادەنووسی و بێ قووڵایی و ڕووکەشییە ڕزگارکرد کە بەشێکبوو لە ئاکارەکانی ئەم فیکرە و ئەو قورساییە پێویستەی بۆ فیکر گەڕاندەوە کە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا زۆر لاوازبوو.

5ـ ڕەهەند وێنەیەکی نوێی ڕۆشنبیری پێشنیازکرد کە کاری یەکەمی بەرهەمهێنانی فیکر و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی زانستییە، نەک ئەکتیڤیستێکی سیاسی. ئەمە مانای ئەوە نەبووە و نییە کە ڕۆشنبیرانی ناو ئەم پرۆژەیە لێکدانەوە و ڕا و هەڵوێستی سیاسی تایبەتیان نەبووبێت، بەپێچەوانەوە ئەمان لەپاڵ کارە فیکرییەکانیاندا لەسەر زۆر لەو مەسەلە سیاسییە گرنگانەی لە کوردستاندا دەهاتنەپێشەوە ڕاو بۆچوون و هەڵوێستی ڕەخنەیی ئاشکرایان هەبووە. بەڵام هاوکات بەرگرییان لەوە کردووە کە کاری سەرەکیی ڕۆشنبیر نووسین و بەرهەمهێنانی فیکرییە، نەک پیادەکردنی چالاکی سیاسی. ڕۆشنبیر دەچێتە سەرجادە بۆ ناڕەزایی دەربڕین، بەڵام کاری ڕاستەقینەی ئەو لەناو مەکتەبەکەیدایە. بەبۆچوونی من ئەمە هێڵە گشتییەکانی ئەو پرۆژەیە بوو کە ڕەهەند کاری تێدا دەکرد، ئەم هێڵانەش ئەمڕۆ بۆ هەموو ئەوانە دیار و بەرچاوە کە دەیانەوێت و دەتوانن مێژووی ڕۆشنبیری دونیای دوای ڕاپەڕین بە چاوێکی بێلایەن و دوور لەڕا و پێشداوەری پێشوەخت ببینن و مامەڵەبکەن. من نازانم کاریگەری پرۆژەی ڕەهەند لەسەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان چەندبووە، بەڵام ئاشکرایە کاریگەری پرۆژەی ڕەهەند لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان زۆر گەورەیە. ئەم کاریگەریەش کاریگەری شەخسی نووسەرەکانی ڕەهەند نەبووە و نییە لەسەر بزووتنەوەکە، بەڵکو کاریگەری ئەو دونیابینی و ڕەخنە و بەرخوردانەیە کە ئەم ڕۆشنبیرانە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا بەرگرییان لێکردووە. ڕەهەند بەدرێژایی تەمەنی خۆی بۆ هیچ حیزب و هێزێکی سیاسی دیاریکراوی نەنووسیوە، بەڵکو ڕووی لە ئەزموونی کوردبوون بووە وەک گشتێک و ڕووی لە کۆمەڵگەی کوردی بووە وەک بکەرێکی سەرەکی. ئەوەی ئەم گۆڤارە و نووسەرەکانی نووسیویانە لەبەردەم هەمووانداً بووە، کێ ویستبێتی و بەلایەوە مەبەست بووبێت توانیویەتی سوود لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و تێزەکانی ئەم پرۆژەیە وەرگرێت و دۆزینەوەکانی بخاتە بواری پراکتیکەوە. ئێستا دوای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرایە دونیابینی ئەم بزووتنەوەیە، تێزە لیبراڵەکانی لەسەر پەیوەندی نێوان حیزب و دەوڵەت، حیزب و کۆمەڵگە، حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنی، مەسەلەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئازادکردنی ئابووری و زانکۆ و دادگاکان لە چنگی حیزب، ڕێزگرتنی جیاوازی، دوورکەوتنەوە لەو مۆدێلە حیزبی و سیاسییەی لە کوردستاندا باڵادەستە. بەکورتی بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی گۆڕان لە ساڵی 2009دا کردنی بە بنەمای ئەو بەرنامە و دونیابینییە سیاسییەی پێی چووە گەمەی هەڵبژاردنەوە، کە نزیکەی پازدە ساڵ بەر لە دروستبوونی گۆڕان لە پرۆژەی ڕەهەنددا و لای نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە بە دوورودرێژی گەڵاڵەکرابوون. کە ئەمە دەڵێم من ئینکاری ئەوە ناکەم کە کەسانیتر هەبووبن لێرە و لەوێ لەسەر ئەم بابەتانە قسەیان کردبێت، بەڵام بەشی هەرەزۆری ئەو بابەتانە بابەتی سەرەکی ئیشکردنی پرۆژەی گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی بوون. من لێرەدا تەنها هێما بۆ یەکەمین وتاری خۆم لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەهەند دەکەم کە لەساڵی 1996دا لەسەر شەڕی ناوخۆ بڵاوبووەتەوە. ئەم وتارە تەرخانە بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی شەڕی ناخۆ لە کوردستاندا. ئەوەی ئەو وتارە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت من هۆکاری شەڕەکە بە مەسەلەی گومرکی ئیبراهیم خەلیل و کێشەی زەویوزار و شتی دیکەی لەو بابەتەوە نابەستمەوە، بەڵکو دەیبەستمەوە بەو مۆدێلی حوکمڕانییەی لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستکرا. مۆدێلێک تێیدا حیزب کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئابووری و پەروەردە و دادگا و سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردی داگیرکردووە. دەیبەستمەوە بە مۆدێلی ستالینیانەی حیزبییەوە، بەو فەزا سیاسی و ئایدیۆلۆژیەی پڕ لە دابەشبوونی حیزبی و ناوچەیی بوو، گرێیدەدەم بە لاوازی کولتووری ڕێزگرتنی یەکدی و ڕێزگرتنی جیاوازییەوە. بە کورتی من لەو وتارەدا مۆدێلێکی زۆر تایبەتی دەسەڵاتدارێتی و پیادەکردنی دەسەڵات ڕەخنەدەکەم کە کێشە هەرەگەورەکانی کۆمەڵگەی ئێمە دروستدەکات. لەدوای ساڵی 1996یشەوە سەرجەم ئەم بابەتانە لەلایەن زیاد لە نووسەرێکی گۆڤاری ڕەهەندەوە لە زۆر نووسینی دیکەی مندا بەدوورودرێژی باس و تیۆریزە کراون. بزووتنەوەی گۆڕان کە دروستبوو و بووە هەڵگری ئەو دونیابینی و ئەو ڕۆحە ڕەخنەیی و ئەو دیدە ئەلتەرناتیڤەی کە ڕۆشنبیرانی ڕەهەند بەدرێژایی نزیکەی پازدە ساڵ بەر لە دروستبوونی گۆڕان کاریان لەسەر کردبوو. بەم مانایە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئەم بزووتنەوەیە و تێزەکانی گۆڤاری ڕەهەنددا هەیە. پێشموایە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان یەکەمین نموونەی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسییە لە مێژووی ئێمەدا، کە بیر و بۆچوون و ڕوانین و زمان و دونیابینییەکەی لەناو کارە فیکرییەکانی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد خۆییەوە هاتوون. جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە: بەم مانایە پەیوەندییەکی فیکری قووڵ لەنێوان ئەم بزووتنەوەیە و بیر و بۆچوونەکانی نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەندا هەیە. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندی شەخسی نەبوو بە هیچ یەکێک لە سەرکردە و کادرە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەکەوە. تا بەر لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی لە ساڵی 2009دا هیچ یەکێک لە ئێمە، مەبستم لە کاک ئاراس فەتاح و کاک بەختیار عەلی و خۆمە، پەیوەندی شەخسیمان لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفا و زۆربەی هەرەزۆری سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە نەبووە. یان گەر یەکێکیشمان لەکاتی گەڕانەوەماندا لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان هەندێک هاوڕێ و ناسیاوی کۆنی دیبێت کە دواتر لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا چالاک بووبێت، بەهیچ جۆرێک باس و خواستی دروستکردنی بزووتنەوەیەکی لەو بابەتە باسوخواسی ئێمە نەبووە لەگەڵیاندا. لەکاتی دروستبوونی بزووتنەوەکەشدا چەند جارێک داوایان لە هاوڕێکانم و لە منیش کرد بچینە ڕیزی بزووتنەوەکەوە و خۆمان بۆ پەرلەمان کاندید بکەین، بەڵام هیچ یەکێک لە ئێمە ئەم کارەمان نەکرد، نە لەبەرئەوەی کاری پەرلەمان بە گرنگ نازانین و نە لەبەر ئەوەش بەلامانەوە گرنگ نەبووبێت گۆڕان ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێی بەهێز، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕامان وابووە و ڕاشمان تا ئەم ساتەی ئێستاشمان وایە ڕۆڵی ئێمە وەک ڕۆشنبیر گرنگتر و کاریگەرترە لە ڕۆڵی ئێمە لەهەر بوارێکی دیکەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.



بەدرێژایی مێژووی خۆشمان هەر یەکێک لە ئێمە ویستویەتی ڕۆڵی خۆی بە پلەی یەکەم وەک ڕۆشنبیرێک ببینێت، بەڵام ڕۆشنبیرێک کە لە پەیوەندییەکی بەهێز و ڕەخنەییدایە بە دونیای خۆمانەوە، نەک ڕۆشنبیرێک باوەڕی بەوەبوو کە شیعرت نووسی نابێت باسی سیاسەت بکەیت و کە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیت کرد نابێت ڕا و بۆچوونی سیاسی ئاشکرات هەبێت. هیچ یەکێک لە ئێمە لەو توخمە ڕۆشنبیرانە نین. وەک چۆن نامانەوێت ڕۆڵی ئەکتیڤیستێکی سیاسی لەناو ئەم یان ئەو هێزی سیاسی یان لەدەرەوەی ئەواندا ببینین، ئاواش زۆر ناکۆکین لەگەڵ ئەو وێنەیەی ڕۆشنبیردا کە پێیوایە نابێت نووسەر یان ئەدیب یان شاعیر یان ئەکادیمی لەسەر کێشە گشتی و سەرەکییەکانی دونیای خۆی قسەبکات و پێویستە کاتی خۆی تەنها بۆ شیعر و ئەدەبیات تەرخانبکات. بێگومان هەموو ئەوانەی من دەناسن دەزانن من لە دواهەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەنگم بە بزووتنەوەی گۆڕان دا، خۆشم ئەو ڕاستییە دەزانم بەشێکی زۆری ئەو نووسینانەی دەیاننووسم و ئەو ڕایانەی کە بەرگرییان لێدەکەم بە قازانجی ئەم بزووتنەوەیە دەکەوێتەوە، بەڵام هۆکاری ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا ڕێکەوتبم، یان پەیوەندی شەخسیم لەگەڵ ئەم یان ئەو بەرپرسی بزووتنەوەکەدا هەبێت. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە دونیابینی و خەونەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەشێکن لەو دونیابینی و خەونانەی من و هاوڕێکانم بەدرێژایی مێژووی دوای ڕاپەڕین بەرگریمان لێکردوون. هەموو ئەو بوارانەی ئەمڕۆ گۆڕان داوای گۆڕان و سەرلەنوێ بونیادنانەوەیان دەکات، ڕۆژگارێکی درێژە ئێمە داوایاندەکەین و لەبارەیانەوە دەنووسین و لە ئایندەشدا چەندان جاریتر لەسەریان دەنووسین. لەمەش بترازێت من وەک ڕۆشنبیر و چاودێریکی دەرەکی، ئەو ڕاستییە ناشارمەوە کە پێمخۆشە و بەگرنگیشی دەزانم بزووتنەوەی گۆڕان بەهێزتر و شێلگیرتر بێت، بتوانێت و دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا بشکێت ئەو مۆدێلە لە دەسەڵاتدارێتی و حیزبایەتی تێپەڕێنێت کە لە کوردستاندا سەروەرکراوە. پێمخۆشە بتوانێت دەزگاکانی گەشەپێبدات، کادری سیاسی زۆرتر و زیاتر بەو دونیابینییە پەروەردەبکات کە بانگەشەی بۆدەکات. دونیابینییەک کە من هەستدەکەم بەشێکی هێجگار زۆری لەناو نووسینەکانی ئێمەوە هاتۆتەدەرەوە. لەپاڵ ئەم خاڵانەشدا من بە مەسەلەیەکی هێجگار گرنگی دەزانم هێزی نوێ لە کوردستاندا لەدەرەوەی پارتی و یەکێتیدا دروستببێت و دونیای ئێمە لەو تەقسیمبەندی و دابەشکردنە ناڕاست و نابەرپرسیاری دەسەڵات ڕزگاربکات کە پارتی و یەکێتی لە دوای ڕاپەڕین دروستیانکردووە. پێم زۆر گرنگە کۆمەڵگەی ئێمە نەبێتە دیلی دوو هێزی سیاسی کە هەریەکێکیان لەناوچەیەکی دیاریکراودا بە عەقڵیەتی حیزبی قائید حوکمبکات. پێم کارەساتە میللەتێک نزیکەی سەد ساڵ قوربانی بۆ ئازادی و ڕێزگرتنی جیاوازی و فرەدەنگی دابێت، کەچی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی سانتیمەترێک ڕێز لەو مێژووە پڕ قوربانییە نەگرن و هەریەکێکیان ئیمارەتێکی حیزبی لەو ناوچانەدا دروستکات کە تێیدا لە هێزەکانی دیکە بەهێزترە. بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە من وەک ڕۆشنبیر لە هەڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بێدەنگ بم. کەی ئەم بزووتنەوەیە هەڵەی کرد و شتگەلێکی کرد و گوت پێچەوانەی ئەو دونیابینییەی بانگەشەی بۆدەکات، من نەک سڵ لەوەناکەمەوە بەهەمان هێز ڕەخنەی بکەم، بەڵکو بە وەزیفەی خۆمی دەزانم ڕەخنەی بکەم. من ڕۆژگارێکی درێژە لەیەک دوورییەوە تەماشای هێزە سیاسییەکانی کوردستانم کردووە و دەکەم، بەڵام لەهەمانکاتدا بە کارێکی سروشتی دەزانم ڕەخنەکانی من بە پلەی یەکەم ڕووی لە پارتی و یەکێتی بێت، بەتایبەتی لە پارتی، چونکە ئێستا بە عەمەلی پارتی دەسەڵاتداری ژمارە یەکە لە کوردستاندا و ئەوانن بە پلەی یەکەم بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن ئەو مۆدێلە خراپەی دەسەڵاتدارێتی و حیزبایەتی و ئیدارەدان لە کوردستاندا بەردەوامبێت کە من نزیکەی پازدە ساڵە بە بەردەوامی ڕەخنەی دەکەم و بە مۆدێلێکی تەواو فاشیل و خراپ و نابەرپرسیاری دەزانم.

**ڕووداو: نێوانی یەکێتی و گۆڕان توندبوو، بەڵام پەیوەندی گۆڕان و پارتی لەسەرەتادا پەیوەندییەکی دوور لە ڕووبەڕووبوونەوە بوو، هەندێ کەس لەوباوەڕەدان ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی دوایی نێوان گۆڕان و پارتی، زیاتر هاندانی ئێوە ڕەهەندییەکان و هەندێ ڕۆژنامەنووس و نووسەری لەپشتەوەبوو. ئێوە چۆن لەوە دەڕوانن؟**

**مەریوان وریا قانیع:** من لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا لەوەدوام کە ئێمە پەیوەندی ڕاستەوخۆمان بەم بزووتنەوەیەوە نییە، چییەتی سیاسەتی ئەم بزووتنەوەیە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، لەم بوارەشدا هیچ یەکێک لە ئێمە لێزان نین تا بەم یان بەو هێز بڵێین تەفاسیلی سیاسەتی ڕۆژانەیان چۆنبێت. بەڵام ئەوەی ئێمە بە ئاشکرا دەینووسین و لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاویدەکەینەوە زۆرجار دەبێتە بەشێک لە دونیابینی و زمان و بەرخوردی ئەم بزووتنەوەیە. نەک لە بەشێک لە سیاسەتی ڕۆژانەیان، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیڵێین و دەینووسین و بڵاویدەکەینەوە دەکرێت هەر هێزێک بیەوێت کاری پێ بکات، بەڵام کە نایکات ئەوە پەیوەندی بەو هێزەوە هەیە. وەک وتم بۆ هیچ هێزێک و لەبەر خاتری هیچ هێزێک نە دەنووسین و نە بێدەنگدەبین، ئێمە ڕوومان لە گشتێتی کۆمەڵگەی خۆمانە و ئەوەی بەڕاست و بەباشی دەزانین بۆ ئەو کۆمەڵگەیە بێگوێدانە دەرەنجامەکانی دەینووسین. لەناو ئێمەدا کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی لێدەرچێت کە لە سلێمانی دەژی و لە نزیکەوە ئاگای لە جوڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەیە، هیچ یەکێک لە ئێمە پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ هیچ کەسایەتییەکی ناو ئەم بزووتنەوەیە نییە. ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە و بۆ دەستنیشانکردنی سیاسەتی ڕۆژانەیان هەرگیز نە پرس بە من و نە بە کاک بەختیار عەلی و نە بە کاک ئاراس فەتاح ناکەن. ئەوەی وادەکات پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی تێکبچێت یان بگۆڕێت پەیوەندی بە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناو کوردستان و بە گۆڕانی ئەو هاوسەنگییە سیاسییانەوە هەیە کە لەو وڵاتەدا دروستدەبێت، ڕەنگە پارتی خۆی لەهەموو کەس باشتر بزانێت ئەو پەیوەندییە بۆ تێکدەچێت، نەک ئەوەی من لە ئەمستردامەوە یان کاک ئاراس و کاک بەختیار لە ئەڵمانیاوە نەسیحەتی سیاسییەکانی گۆڕان بکەین بۆ گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتیان. هیچ یەکێک لە ئێمە سەرمان لە کاری سیاسی بەو مانایەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باسیدەکەن دەرناچێت، ئێمە سیاسەت وەک بابەتێکی زانستی دەناسین، وەک کۆمەڵناس و تیۆریستێک لە کردەی سیاسەت ڕادەمێنین، نەک سیاسەت وەک دارشتنی پلان و چالاکییەکی ڕۆژانە. بۆیە گۆڕانی سیاسەتی گۆڕان بەرامبەر بە یەکێتی یان پارتی دوور و نزیک پەیوەندی بە نووسەرەکانی ڕەهەندەوە نییە.

**ڕووداو: ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕان چۆن دەبینی، دەبێتەوە یەک لەگەڵ یەکێتی، یان زیاتر گەشە دەکات و دەبێتە خاوەن دەسەڵات لە کوردستان، یان ئەویش دەبێتە حیزبێکی نۆرماڵی بەشدار لە تەوافوقی کوردستانیدا؟**

**مەریوان وریا قانیع:** ئایندەی بزووتنەوەی گۆڕان پابەستی ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە چەند دڵسۆزە بەرامبەر بەو دونیابینی و خەون و مژدە و ئەلتارناتیڤ و ڕەخنانەی کە هەڵیگرتووە. چەند دەتوانێت گەشە بەو دید و بۆچوونانە بدات و چۆن تەرجەمەیان بکات بۆ پلان و سیاسەت لەسەر ئەرزی واقیع. ئەگەر دروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە پەیوەندی بەو بڕە گەورەیە لە بێزاری و ناڕەزایەتییەوە هەبێت کە خەڵک بەرامبەر بە مۆدێلی دەسەڵاتدارێتی پارتی و یەکێتی هەیەتی، ئەگەر ئەم ناڕەزایەتییە ئەو هۆکارەبێت کە بەم بزووتنەوەیە 25 کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا بەخشیبێت، ئەوا تا ئەمڕۆ هیچی وا لەم ناڕەزایەتییە بەرفراوانە نەگۆڕاوە. لەڕاستیدا ئەو مۆدێلە حیزبییەی لە کوردستاندا سەروەر کراوە، ئەو مۆدێلە ئیدارییە حیزبییەی دروستکراوە، ئەو شێوازی دابەشکردنەی دەسەڵات و سەرمایە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کە پەیڕەودەکرێت، ڕۆژانە ناڕەزایی زیاتر دروستدەکات ناڕەزایی کەمناکاتەوە. پێناچێت بڕی ناڕەزایی لەمڕۆدا کەمتربێت لە بڕی ئەو ناڕەزاییەی بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوو لەئارادابوو. زۆربەی کێشەکانی ئەوکاتە تائێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. بۆ نموونە، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بەرپرسێک، کەسێکی سەر بە ڕیزەکانی سەرەوەی حیزب لەسەر گەندەڵی دادگایی نەکراوە. شتێک بەمانای کەمکردنەوەی گوشاری حیزب لەسەر کۆمەڵگە نەبینراوە، ئەو تێکەڵکردنە ترسناکەی سیاسەت و ئابووری بەیەکدی بەردەوامە. نەک هەر ئەمە بەڵکو لەپاڵ بەردەوامی ئەو شتانەدا، چەندان کێشەی گەورەی دیکەش هاتۆتەئاراوە. لەوانە کوشتن و لێدانی ڕۆژنامەنووسان، گوشار بۆ سەر میدیای ئازاد، بەتایبەتی ئەو شکاتە سەیرانەی پارتی لەم ماوەیەدا لە میدیای ئازاد کردوویەتی، خراپی شێوازی پەیوەندیکردنی کورد بە دونیای دەرەوە کە تێیدا نوێنەرەکانی کورد کورتبوونەتەوە بۆ کەسوکاری خێزانێک یان چەند خێزانێک بەتەنها، سیاسەتی تاریک و ناشەفافی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، درێژەدان بەو مۆدێلە لە تەنمییە کە ئینسانی ئێمە دەکاتە بوونەوەری بێ ئیش و بێ بەرهەم و گەشە بە شارێک یان چەند شارێک دەدات لەسەر حیسابی سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستان. بەردەوامی نادادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتیدا، کەشفبوونی لەسەرخۆ، بەڵام بەردەوامی شێوەژیانی خەیاڵی ملیۆنێرە تازەکانی کوردستان کە بڕێکی زۆریان سەر بە نوخبە سیاسییە باڵادەستەکەی کوردستانە هتد. هەموو ئەمانە و چەندان شتی دیکەی لەم بابەتە بڕی ناڕەزایەتی خەڵکی لە کوردستاندا زیاتر کردووە کەمی نەکردووە. شتێکی ئاساییە ئەم ناڕەزایەتییە، خەڵک لە هێزە دەسەڵاتدارەکان دوور و لە ئۆپۆزیسیۆن نزیک بکاتەوە. بەبۆچوونی من زەمینەی گەورەبوون و بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا زۆر لەبارە، بەمەرجێک ئەو ئۆپۆزیسیۆنە وەڵامی عەمەلی و کۆنکریتی بۆ هەندێک لەو کێشە گەورانە هەبێت کە وڵاتەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێ و لەپاڵیشیدا کۆمەڵێک مژدەی کۆنکرێتی و قابیلی پیادەکردن بە چارەسەری کێشەکانی دیکە بدات. سەبارەت بە گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو یەکێتی، من ئەم گەڕانەوەیە بە کارێکی ڕاست نازانم، ئەو دونیابینییەی گۆڕان هەڵیگرتووە و ئەو مۆدێلەی بۆ دەسەڵاتدارێتی بانگەشەی بۆدەکات و ئەو مۆدێلەش لە حیزب کە بەتەمایە دروستیبکات، سەرلەبەری پێچەوانە و ناکۆکە بەو شتانەی یەکێتی نیشتیمانی بە عەمەلی پیادەیان دەکات. یەکێک لە تەحەدا گەورەکانی بەردەم گۆڕان خۆڕزگارکردنیەتی لەو کولتور و کەلەپوورەی یەکێتی و، بێگومان پارتیش، لە کوردستاندا دروستیانکردووە، نەک چوونەوە و گەڕانەوە بۆناو یەکێتی و لەوێشەوە بوونەوە بە بەشێک لەهەمان ئەو دۆخە قەیراناوییە. هاوکات هەموو تێکچوونێکی پەیوەندی نێوان هێزەکانی کوردستان دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خراپ و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە. ئەوەی لە کوردستاندا پێویستە هەبێت ئەوەیە هێزەکان بتوانن جیاوازبوونی خۆیان بەشێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی بژین، نەک ئەوەی ئەو هێزانە لە هەوڵی ئەوەدابن لەیەکتری بچن. یان دونیا تەنها لەو دەلاقەیەوە ببینن کە لە سوود و قازانجی خۆیاندایە. یەکێک لە کێشە گەورەکانی پارتی و یەکێتی لەوەدایە کە نایانەوێت ببینن چ دونیایەکیان دروستکردووە، چ مۆدێلێکیان لە دەسەڵاتدارێتی دامەزراندووە، بە چ جۆرێک وڵات ئیدارە دەکەن، چییان لە ئابووری و موڵکی گشتی و چاوەڕوانییە سیاسییەکانی میللەتی ئێمە کردووە. ئەوەندەی من ئاگاداریم کەم دەسەڵات هەیە ئەوەندەی ئەم دەسەڵاتدارێتییە کوردییە بێئاگا و نادیدەبێت بەرامبەر بەو دەرەنجامە خراپانەی کە سیاسەت و ئیدارەدانی ئەوان بۆ کۆمەڵگە، دروستیکردووە. کوردستان پڕیەتی لەو کێشانەی من بەدرێژایی ئەم چاوپێکەوتنە باسمکردن، کەچی ئەوان ژمارەی ملیۆنێرەکان دەژمێرن و دەڵێن تەماشاکەن خەڵکینە وڵاتمان چ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە دیوە. ئەمڕۆ هەر هێزێک لە کوردستاندا بیەوێت لە پارتی و یەکێتی بچێت، بەدەستی خۆی متمانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک بەخۆی وێراندەکات. وەک گوتم ئەوەی گرنگە هێزەکان ئەمڕۆ پێ لەسەر جیاوازییەکانی خۆیان داگرن، گرەوی مەسەلەی کوردیش لەسەر ئەوەیە تاچەند هێزە کوردییەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی باڵادەست، لەوەدا سەردەکەون چوارچێوەیەکی سیاسی هاوبەش بۆ جێکردنەوەی ئەو جیاوازییانە بدۆزنەوە. چوارچێوەیەکی یاسایی کە هێزەکان تێیدا جیاوازییەکانی خۆیان بژین و لەسەر بنەمای ئەو جیاوازبوونەش سیاسەت بکەن. ئەمە گەورەترین تەحەدایە لەبەردەم سیاسەتی کوردیدا.

# "کورد خەریکە بای بای لە نەینەوا دەکات"

هەموو بەیانیەک، زیاد قاسم لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەبەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی رادەوەستێ تا کەسێک لەگەڵ خۆی بیباتە کار. چوار ساڵ لەمەوبەر زیاد بەهۆی هەڕەشەی بەردەوامی گرووپە چەکدار و شۆڤێنییە عەرەبەکان، شاری موسڵی بەجێهێشت و ڕوویکردە سلێمانی.

زیاد قاسم، دەڵێ "پاشماوەی سەددامیەکان و تیرۆریستان نەینەوایان کردووەتە شارێک کە چیتر کورد ناتوانێ تێیدا بژی".

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن، ئێشی کوردبوون بۆ کوردانی پارێزگای نەینەوا دووقات بوو، دەرپەڕاندن و کوشتنی کورد بووە ئامانجێکی سەرەکی گرووپە چەکدارەکان و تەنها لە ئەجێندەی پاشماوەی بەعسییەکاندا نەمایەوە، تەعریبکردن لە نەینەوا ماکینەیەکی سیاسی خێراتر و بێبەزەییتر لە ماکینەکەی کەرکووک بەڕێوەی دەبات و، بەرپرسەکانی کوردیش لەو پارێزگایە ئاماژەی ترسناک دەدەن.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نەینەوا، دەڵێ بێگومان بەهۆی ئەو شەپۆلە عەرەبەی ڕوویان لە نەینەوا کردوە، باری دیمۆگرافی نەینەوا گۆڕاوە "عەرەب زۆرتر و کورد کەمتر بوون". خەسرۆ گۆران، کە پێش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام کتێبێکی لەبارەی موسڵەوە نووسیووە، ئێستا بە نیگەرانیەوە دەڵێ "تەواوی ئیدارە و فەرمانگەکان لەلایەن حەدباوە کۆنترۆڵکراون، هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب بۆ موسڵ، دەستی سیاسی لەپشتەوەیە، لەلایەن تیرۆریست و شۆڤێنستە عەرەبەکانەوە هاندەدرێن بۆ ئەوەی ژمارەی کورد لەو شارەدا کەم بکەنەوە".

بەعەرەبکردن،وەک بەرپرسانی کورد لە پارێزگای نەینەوا باسیدەکەن،لەهەندێک ناوچەی موسڵ گەیشتووەتە رەشبینی دروستکردن بۆ ئایندەی نەینەوا. کە کورد پێش زایین بەهاوکاری کلدانەکان گرتی و ژمارەی عەرەب تاوەکو دروستکردنی دەوڵەتی عێراقیش لەلایەن بەریتانیاوە زۆر کەم بووە لە موسڵ، هەروەها کێشەی باشووری کوردستانیش بە ویلایەتی موسڵ ناسراوەو تۆمارکراوە لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلان دا، کە دوای جەنگی جیهانی دووەم، نەتەوە یەکگرتووەکان بووە جێگرەوەی.

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی، موسڵ

## لە نەینەوا 30 هەزار خێزانی کورد دەرکراون و 14هەزار خێزانی تازەی عەرەبیشی بۆ هاتوون



### کورد کەرکووکی کردە شاری پێکەوەژیان و لە موسڵیش دەرکرا

بەپێی قسەی هەرێم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی نەینەوای یەکێتی نیشتمانی کوردستان "لەدوای ڕووخانی سەددام 14هەزار خێزانی عەرەبی سوننە بۆ پارێزگای نەینەوا هێنراون و لەبەرامبەریشدا زیاتر لە 30هەزار خێزانی کوردی ناو موسڵ دەرکراون و دەرپەڕێنراون، لەلایەن تیرۆریستان و پاشماوەی سەددامییەکانەوە". هەرێم کەمال ئاغا لەبارەی مەینەتییەکانی کورد دەڵێ "کورد لە کەرکووک زۆرینەیە، ئێمە کەرکووکمان کردە شاری پێکەوەژیان، بەڵام لە نەینەوا عەرەب بوونەتە هەڕەشە بەسەر کوردەوە".

بەپێی ئەو ئامارانەی (ڕووداو)لە بەرپرسە ئیدارییەکانی ناوچەکەی وەریگرتووە، لەو 30هەزار خێزانەی لە نەینەوا دەرکراون، 16هەزار خێزان و بەرەو پارێزگای دهۆک و 13هەزار خێزان بەرەو پارێزگای و هەولێر و 800 خێزانیش بەرەو پارێزگای سلێمانی هەڵاتوون. بەرپرسێکی سیاسی ناوچەکە لەو بارەوە پرسیارێکی تاڵ ڕووبەڕووی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکاتەوە "تاکەی خۆمان بێدەنگ بکەین، ئایا لە ماوەی حوکمڕانی سەددام دا بەقەدەر ئەو 5 ساڵە ستەم لە کورد کرا؟".

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە 2005 و ئەنجوومەنی پارێزگادا، ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای موسڵ بووە 3 ملیۆن و 200 هەزار، بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەر ئەو پارێزگایە کەوت، بەرپرسی مەڵبەندی نەینەوای یەکێتی کاریگەری هێنانی ئەو 14هەزار خێزانە عەرەبە بەسەر زیادبوونی ڕێژەی دەنگدەرانەوە بە "گورزێکی کوشندە" دەزانێ و دەڵێ "هەرچی عەرەبی سوننەی تەلەعفەر هەیە هەمووی هاتووەتە ناو موسڵ، هەموو ئەو عەرەبانەی کە کاتی خۆی عەرەبی تەعریبی شەنگال و شێخان و زوومار و مەخموور و باشیک بوون، هەموویان هاتوونەتەوە ناو شاری موسڵ"، گوتیشی "هیچ شارێک بەقەدەر موسڵ عەرەبی بۆ نەهاتووە، تەنانەت عەرەبی سوننەی بەسرەش هاتوونەتە موسڵ".

عەرەبە هاوردەکانی نەینەوا، بەڕوونی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ لەساڵی 2009دا ڕەنگیدایەوە، کاتێک لیستی برایەتی نەینەوا (کورد) 12کورسی و لیستی حەدبا 19کورسی بەدەستهێنا. کە لە ئەنجامدا حەدبا بنەمای تەوافوقی پەیڕەو نەکرد و کورد لە ئیدارەی موسڵ وەدەرنا، لیستی برایەتیش لەسەر ئەوە تاوەکو ئێستا بەشداری لە کۆبوونەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دا نەکردووە.

نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوی IRI هەردوو لیستەکەیان بردە سەر مێزی گفتوگۆ لە تورکیا، بەڵام وەک دەرمان خەتاری وتەبێژی لیستی برایەتی دەڵێ "حەدبا نایەوێ کورد بەشداری لە ئیدارەدا بکاتەوە، تەنانەت کارێکی کردووە ئێستا بەشێک لەعەرەب و تورکمانەکانیش لێی نارازین". خەتاری دەڵێ "ئێستا هەندێک لە عەرەب و تورکمانەکانیش داوای لادانی ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری موسڵ دەکەن". تەنانەت هەندێ چاودێری سیاسی پێشبینی تەقینەوەی ڕەوشەکە بەسەر سەری نوجێفیدا دەکەن لە موسڵ.

گفتوگۆکانی حەدبا و برایەتی گەیشتنە بنبەست. خەسرۆ گۆران دەڵێ لە گفتوگۆکانیان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی جێگری پارێزگاری نەینەوا و سەرۆک ئەنجوومەنی پارێزگا بدرێتە لیستی برایەتی"بەڵام دواتر تێکیاندا و مەرجی سەیر دادەنێن"، وەک گۆران ئاماژەی پێدا، مەرجەکانی حەدبا قابیلی قبوڵکردن نین "دەڵێن نابێت پێشمەرگە بەهاوبەشیش لەگەڵ سوپای عێراق لە نەینەوا بێت، بازگەی هاوبەش نەبێت".

لەنەینەوا، لە کۆی 35یەکەی ئیداری 16یان بایکۆتی ئیدارەی ئێستای نەینەوایان کردووە، لە کۆی 9 قەزاش 6یان لەسنووری ناوچە کێشە لەسەرەکانی ماددەی 140دان، کە لە ژێر کۆنترۆڵی کورددان. بەقسەی بەرپرسانی کورد لە سنوورەکە، لەو ناوچانەی کە بایکۆتی ئیدارەی موسڵیان کردووە، ڕێژەی کورد زیادی نەکردبێ کەمی نەکردووە، چونکە دەرنەکراون، بەڵام لەناو پارێزگای موسڵ ژمارەی کورد زۆر کەمی کردووە و زیاتر لە 30 هەزار خێزانی کورد دەرکراون. بەرپرسی لقی 14ی پارتی دەڵێ "پارێزگار ناتوانێ بچێتە هیچ کام لەو شوێنانەی بایکۆتی ئیدارەیان کردووە".

ئەم تورەبییەی کورد لە خۆڕا نییە، چونکە وەک بەڕێوەبەری ناحیەی باشیک دەڵێ لەوەتەی بایکۆتی ئیدارە کراوە، یەک پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە ناوچەکەیان نەکراوە. زەنوون یونس، بەڕێوەبەری ناحیەی باشیک گوتیشی "باشیک گەورەترین ناحیەی نەینەوایە و 115هەزار کەسی تێدا دەژی و بودجەکەیان لە 13ملیار دینارەوە کراوەتە 4ملیار و 500 ملیۆن دینار، لەولاشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێمان ناپرسێتەوە، لەهەردوولاوە فەرامۆش کراوین".

لە چەند ساڵی ڕابردوودا کورد لەو پارێزگایە تاڵاوێکی زۆریان چێشت بەدەست نوجێفییەکان و پاشماوەکانی بەعسەوە، دووساڵ لەمەوبەر 24 کرێکاری ئێزدی کە خەڵکی باشیک بوون، لەلایەن ڕێکخراوی قاعیدە لە موسڵ سەربڕدران، جگە لە چەندین تەقینەوەی گەورە لە شنگال و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە، نامە فڕێدانی بە هەڕەشە بۆ نێو ماڵەکانی کورد لەنێو شاری موسڵ دا.

دەرمان خەتاری دەڵێ "حەدبا بەئارەزووی خۆی بوودجە خەرج دەکات و شتێکی زۆر کەم دەداتە ناوچە کوردنشینەکان"، بەرپرسی لقی 14ی پارتیش هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە بایکۆت کردنەکە بەزیانی کورد شکاوەتەوە، بەڵام وەک گوتیشیان "ناچاریشە"، خەسرۆ گۆران دەڵێ "حەدبا دەیەوێ تەنها وەک مووچەخۆر بچینەوە ناو ئیدارە".



### گوتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا: کورد بایکۆتی کردووە و حەدباش بەئارەزووی خۆی بودجەی پارێزگا خەرج دەکات



### بەرپرسی لقی 14پارتی لە موسڵ: ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک گەرمیان ئیدارەیەک بۆ موسڵ نەکاتەوە، نەینەوامان لەدەست دەچێت

بە بڕوای غەفوور مەخمووی، سکرتێری یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ئێستا سیاسەتی حەدبا و کاربەدەستە عەرەبەکانی موسڵ ئەوەیە "دەزانن خزمەتگوزاری لە ناوچەکە نییە و خەڵک ناچار دەبێ بڕوات و جێی بهێڵێت، عەرەب هاندەدەن و پشتگیری دەکەن بۆ ئەوەی بێت و خانوو و زەوییەکانیان بکڕێتەوە و لەوێ نیشتەجێ بێت". مەخمووری گلەیی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی " ڕێژەی بێکاری لەو ناوچانە زۆر بەرزە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەتەواوی پشتگوێی خستوون، لەساڵی 2003وەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام خۆی ناکاتە خاوەنی کێشەکانی ئەو ناوچەیە و بۆ بەغدای جێدێڵێت"، خەسرۆ گۆران قسەکانی مەخموری پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چارەکێکی ئەوەی بۆ کەرکوکی کردووە بۆ ئەم ناوچانەی بکردایە، ئێستا دۆخەکە بەمشێوەیە نەدەبوو".

بێدەنگی کورد لە موسڵ کوشندەیە، بەرپرسێکی کورد لەو دەڤەرە گوتی "عەرەب چی بوێت کردوویەتی، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بەئاگا نەیێتەوە، خەریکە کورد بای بای لەنەینەوا بکات".

تاکە چارەسەر لەو دۆخەدا بەوە دەبینێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک گەرمیان ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ ئەو ناوچانە دروست بکات "ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک گەرمیان ئیدارەیەک بۆ موسڵ نەکاتەوە، دۆخەکەمان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت و نەینەوامان لەدەست دەچێت"، ئەو ئاماژە بە کردنەوەی خوێندنگەیەکی کوردی دەدات لە باشیک و دەڵێ "بۆ یەکەمجار خوێندنگەیەکی کوردی کراوەتەوە، بەڵام لەژێر قادرمەی خوێندگە عەرەبییەکەدا دەخوێنن و ئەگەر باران ببارێ ئەو خوێندنەش دەوەستێ".

### "حکومەتی کوردستان ئەوەندەی چارەکێکی کەرکووک بۆ ئێرەی نەکردووە"

گرووپە چەکدارەکان و لیستی حەدبا لەسەر دەرکردن و دژایەتیکردنی کورد لە موسڵ هاوهەڵوێستن. هەرێمی کەمال ئاغا دەڵێ پەرلەمانتارێکی پێشووی عەرەب لە موسڵ بە کتێب باسی مەترسی سەرژمێری دەکات و پێیوایە کە سەرژمێری شوێن و ڕێگەی مقاوەمە ئاشکرا دەکات، ئاغا پرسی "ئەمە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ نییە؟"، خەسرۆ گۆرانیش دەڵێ "یەک ئامانجیان لە نەینەوا هەیە، ئەویش کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردە"، هەروەها هەموو بەرپرسانی کورد

# خۆشەویستێکم لەدەستدا

به داخ پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی ناوادەی دۆستی ئازیزم کاک سامی شۆڕشم پێگەیشت، بەداخەوە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی وڵاتم نەمتوانی بەشداری لە پرسە و بەڕێکردنی بۆ دوا مەنزڵ بکەم.

کاک سامی مرۆڤێکی هەڵکەوتووی گەلەکەمان بوو کە هەمیشە لە خەمی پێشخستنی ڕۆشنبیری و کاری هونەریدا بوو. بە لە ژیان دەرچوونی، مرۆڤ و برایەکی خۆشەویستی خۆم لەدەستدا. خوا سەبووریی هەموو لایەک بدات و جێگەی بەهەشت بێت.

**بەهمەن قوبادی**

# پشوو دەدەین

بەبۆنەی پشووی جەژنی قوربانەوە، (ڕووداو) ژمارەی داهاتوو دەرناچێ. بە بۆنەی جەژنەوە پیرۆزبایی لە خوێنەران دەکەین.

(ڕووداو)

## بەڕێز سەرۆکی حکومەت

# ئەو ناحەقییە قبوڵ ناکەین

ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە پارچە زەوی ژمارە (110 لە ناوچەی تۆپزاوای قەزای دوکان)مان بەپێی ڕەزامەندی فەرمانگە و لایەنە پەیوەندییدارەکان پێدراوە، تاوەکو پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری لەسەر دروستبکەین.

بەڵام لەناکاو لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا پێیان ڕاگەیاندین کە بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زەوییەکەمان لێ سەنراوەتەوەو دراوەتە چەند کۆمپانیایەکی بیانی.

دەمانەوێ لەڕێگەی ئەم سکاڵایەوە بەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕابگەیێنین کە تا ئەو زەویەمان لە جوتیارەکان کڕییەوە، جگە لەپارەیەکی زۆر، زۆریش پێوەی ماندووبووین، بەڵام ئێستا پێمان گوتراوە کە لێتان سەنراوەتەوە، ئایا کە ئێمەش بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی گەشتوگوزاریی کاربکەین، بۆچی زەوییەکانمان دەدەنە کۆمپانیای بیانی؟

ئێمە لێرەوە ڕایدەگەیێنین بەپێی ئەو ماف وشەرعییەتەی هەمانە، ئەم ناحەقییە قبوڵ ناکەین.

**بڕوا سەعید**
**خاوەنی زەوی ژمارە110**
**07701504999**

**ئەم نووسراوە چەندین نووسراوی ڕەسمی فەرمانگەکانی سلێمانی لەگەڵدایەو لای ڕووداو پارێزراوە**

# ئەگەر زێڕتان زۆربوو مەیکەن بە خەنە



**ئیسماعیل گەیلانی**

پەخشی تەلەڤزیۆن، بەبێ دەرگەلێدان و ڕێگە لێگرتن دەچێتە نێو هەموو ماڵێک، تەنانەت ئەو ماڵانەی لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە سەیری جیهان دەکەن، گەڕان و چوونە دەرەوەشیان لێ حەرامکراوە، چونکە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا جۆرەها نەریت پەیڕەو دەکرێ (بەهۆی کاریگەری ئاینی و بیری تەسکی کۆمەڵایەتییەوە!) بۆیە، بەتایبەتی ئەو جۆرە خەڵکانە، مەیل و باوەڕی تەواویان دەدەن بە سەیرکردنی شاشەی تەلەڤزیۆن، پێشیانوایە هەرچییەک لە چوارگۆشەی ئەم شاشەیە دەربچێ. چەواشەکردن و ناڕاستی تێدا نییە..بۆ وانەبێ.

بابێمەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکەم، شەوی9/10/2010 بە ڕێکەوت سەیری بەرنامەی (بەرسڤی تۆ)م دەکرد لە کوردستان تیڤی، هەمان بەرنامە لە وڵاتی سوێد ئەنجامدرابوو، لە پرسیارێکی پێشکەشکاری بەرنامەکەدا،کە گوتی محەممەد عارف جزیری لەچ ساڵێک لەدایکبووەو چ ساڵێکیش کۆچی دوایی کردووە، وادیاربوو پرسیارەکەشی ئاراستەی، هونەرمەند محەممەد تەها ئاکرەیی کرد کە چەند ساڵێکە دانیشتووی وڵاتی سوێدە، کاکە محەممەد لە وڵامدا گوتی لەساڵی 1920لەدایکبووەو لە ساڵی1986کۆچی دوایی کردووە، بەبێ بیرکردنەوەو بەبێ ستۆپ کاکی پێشکەشکار گوتی وڵامەکەت ڕاستە، ئەمەش ملوانکەیەکی زێڕین لەکوردستان تیڤییەوە پێشکەشە بە وڵامە ڕاستەکەت. من لێرەدا سەرنج و بۆچوونی خۆم دەڵێم لەسەر وەڵامی پرسیارەکە ئەگەر هەڵە بم زێڕم ناوێ و ئەگەر ڕاستیش بم خەڵاتیان دەکەم:

1- کوردستان تیڤی کە یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردییە لە باشووری کوردستان دامەزراوە، لەڕووی ئابووری (کە گرنگترین خاڵە بۆ بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی پرۆگرامەکان)، لام وابێ هیچ گرفتێکی نییەو نابێ، بۆیە پێویستە لەڕووی کارمەندان و تەکنیک و ئامێرە سەردەمییەکانی و پێشڤەچوونی تەکنەلۆژی کەمتەرخەم نەبێ و بێ گرفت بێت لە مەیداندا، هەروەها لەڕووی ئامادەکردنی پێشکەشکارانی تەواوی بەرنامەکانی، بەگوێرەی خواستی جۆری بەرنامەکان.

2- پێشکەشکاری بەرنامەی (بەرسڤی تۆ ) کە وابزانم ناوی (پەروەرە) دەبێ بۆ ئەم جۆرە بەرنامەیە، ڕۆشنبیری و زانیاری لە تەواوی وارەکانی کولتوور و هونەر و ئەدەب هەبێ، پێویست بوو نیمچە شارەزاییەکی هەبێت.

3- هونەرمەند محەممەد تەها ئاکرەیی، دەنگێکی دیارە، هەرخۆیشی لەڕێگەی منەوە کە ئەوسا سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری بوو، کە یەکەمجار لەلایەن برای ئازیزم کاک فازل حەلاق ئاکرەیی ناسیاویمان پەیداکرد، بەشداریی لە چلەی ماتەمینی محەممەد عارف جزیری نەمر کرد و گۆرانییەکی بۆ یەکەمجار بەو بۆنەیەوە پێشکەشکرد.

4-کاکە پەروەر، محەممەد عارف جزیری، لەساڵی 1912 بەگوێرەی بەڵگەکانی ناساندن و ناسنامەکەی، کە ئەمەیان چەسپاوە، بەڵام خۆی وتەنی گەورەتریش بووە لەوە. محەممەد عارف لەساڵی 1925 دوای ئەوەی کە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران سەرکوتدەکرێ لەلایەن دووژمنانی کوردەوە، شێخ سەعید و شێخ عەبدولقادری نەهری و دەیان کەسایەتی کوردپەروەری ئەوکات، لەلایەن دووژمنانی خاک و خوێنی کورد لە دیاربکر لەسێدارە دەدرێن. ئەوسا محەممەد عارف بەهەر ڕێگەیەک بێت لەو زیندانەی دیاربکر کە تێیدا بەندکرابوو لە تەمەنێکی هەرزەکاریدا، خۆ ڕزگاردەکات و دەگەڕێتەوە جزیرا بۆتان، دواتر هەر لەبەر هۆی سیاسەتی چەوساندنەوەو لەنێوبردنی کورد، سەرهەڵدەگرێ و دەگاتە شاری زاخۆ و دهۆک و موسڵ. هەر لەو دەڤەرانە بووە، تاوەکو کاژێر 8:15 خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی 17/12/1986، گیانی لەدەستدەدا و دواتر تەرمی بە گۆڕستانی شاخکێی شاری دهۆک دەسپێردرێ. کاکە پەروەر ناکرێ ئەو بینەرانە زانیاری ناڕاستیان پێبدرێ، کە تەنها کات بەسەربردن ڕێگەی زانیاری وەرگرتنیان بێت لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە. ئازیزم پرسیارکردن عەیب نییە. کورد گوتەنی (لەشێتان فێرە عەقڵ بە) ئەگەر زێڕتان زۆرە، مەیکەن بە خەنە.

## لەلایەن عەرەبەکانەوە

# زەوی و خانوو کڕین لە هەولێر لە برەودایە

## "خانوو تەنیا لەسەر پسپۆڕانی عەرەب و بێ کێشەکان تۆمار دەکرێن"

بارزان محەممەد
ڕووداو-هەولێر

بەپێی ڕێنماییەکانی بەشی کاروباری ناوخۆیی لە دیوانی پارێزگای هەولێر، تەنیا ئەو عەرەبانەی کە پسپۆڕیان لە بوارێکدا هەیە، وەک دکتۆر و ئەندازیار کە خزمەت بە فەرمانگەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ڕێگەیان پێدەدرێ زەوی و خانوو لە کوردستان بە ناوی خۆیان تۆمار بکەن. بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەش دەڵێ بەپێی یاسا هەموو عێراقییەک دەتوانێ لە کوردستان موڵک بکڕێ.

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، زۆر لە عەرەبەکانی شارەکانی عێراق ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووەو دەکەن، هەندێکیان لە کوردستان بوونەتە موڵکدارو خانوو و زەویان کڕیوە.


کەریم عەبدولسەلام، خاوەنی نووسینگەی سروشت بۆ کڕین فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە، دەڵێت ئارامی هەرێمی کوردستان هاندەری سەرەکییە بۆ بە لێشاو هاتنی بە لێشاوی عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان . لە هەمانکاتدا ئەمە بە مەترسی دەزانێ لەسەر کوردستان چونکە پێیوایە "کەرکووک و موسڵیش بەم شێوەیە کاتی خۆی لەدەست کورد دەرهێنران". ئەو خاوەن نووسینگەیە گوتیشی "ئێستا لەگەڕەکی ئێمە کۆڵان نییە 10 تا 15 ماڵی عەرەبی تێدا نەبێت، هەموویان خانوویان بەناو کراوە، نازانم چۆن بەناویان کراوە، پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان چارەیەک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە".

بۆچوونێک هەیە کڕینی خانوو و زەوی لە کوردستان لەلایەن عەرەبەکانەوە سپیکردنەوەی پارە بێ، بەڵام محەممەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان، دەڵێ "ئەوانەی لێرە زەوی یان خانوو دەکڕن و بە ناوی خۆیان تاپۆی دەکەن، ناتوانین بڵێین ئەمە سپیکرنەوەی پارەیە، چونکە نازانین ئەو پارەیان چۆن دەستکەوتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سوودی بۆ کوردستان هەیە، چونکە ئابووری کوردستان دەبووژێنێتەوەو پارەیەکی زۆر دەکەوێتە بازاڕی کوردستانەوە".

بەپێی لێدوانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی ئاسایشی هەولێر بۆ (ڕووداو)، تەنیا ئەو کەسانە زەویان لەسەر تاپۆ دەکرێت، کە پسپۆڕن و سوود بە لایەنێکی کوردستان دەگەیێنن "زانیاری تایبەتیان لەسەر کۆدەکەینەوە، ئینجا ڕەزامەندی دەردەکەین".

بەشێک لە بەرپرسانی کورد پێیان ئاساییەو دەڵێن هاتنی ئەو عەرەبانە سوودێکی زۆر بە ئابووری کوردستان دەگەیێنێ و کاری وەبەرهێنان لە کوردستان برەو پێدەدات. عەقیدی مافپەروەر خالید عەباس، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە دیوانی پارێزگا دەڵێ "هاتنی ئەو عەرەبانە سوودی بۆ کوردستان هەیەو پارەیەکی زۆر دەخەنە نێو بازاڕی کوردستان کە ئاستی ئابووری بەرزدەکاتەوە، بەڵام ئێمە ڕێگە بە هەموو کەسێکی عەرەب نادەین بێنە هەرێمی کوردستان و بە ئارەزووی خۆی خانوو بکڕێت یان دروستی بکات، بەڵکو لێژنەی ئەمنی پارێزگا دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئەو خێزانە عەرەبەی کە دێتە هەرێمی کوردستان، کە بێ کێشە بوو، ئینجا ڕێگەی پێدەدرێ". گوتیشی "هیچ زیانێکی بۆ لایەنی ئاسایشی نییە".



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# شەیتان ناوبژیوانیان بێ!

یانــزەی مانگی نۆڤەمبەری ئەمســاڵیش بووە ژمارەیەکی دیکە لە مێژووی ڕەش و تاریکی کورد. یانزەی نۆڤەمبەری ئەمســاڵیش، بە بۆچوونی من، وەک شەشی ئازاری ساڵی 1975ی جەزائیر و 24ی تەمموزی 1923ی لۆزان، برینێکی خستە جەستەی ئەم میللەتە ســتەمدیدەیەوە. بەڵام جیاوازی نێوان یانــزەی نۆڤەمبەر و ئەوانیتر ئەوەیە کە لەو دووەی دیکەدا، دووژمنانی کورد دەســتباڵا بوون و بە بێ ئاگاداری کــورد مۆریان بــە ناوچەوانی خۆمان و نیشتمانمانەوە نا و بەر نەفرەتی مێژوویان خستین، بەڵام لەوەی ئەمساڵدا کورد خۆی بەشدار و ئەندازیار بوو و ڕەفتارێکی خۆکوژانەی ئەنجامدا.

ئەوەی کــورد لەو ڕۆژەدا بۆ عێراقەکەی مالیکی کردی کاتێک ڕاست دەبوو ئەگەر:

یەک: مالیکــی و حیزبەکەی یەک هەنگاویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بنابا و لە بەعس زیاتر تەعریبیان نەکردبا.

دوو: مالیکــی و حیزبەکەی ئەوەندەی عارەبیان لە کەرکووک دامەزراند نیــوەی ئەوە کوردیشــیان دابمەزراندبا بەتایبەتی لە بواری نەوت و پــەروەردە، هەمووشــمان دەزانیــن ئەوانەی لە کەرکووک وانە بە منداڵی کورد دەڵێنەوە، زۆربەیان لە سەر میلاکی هەولێر یا سلێمانین و بە پینەوپەڕۆ و خۆڵ لەچاوکردن بەڕێوە دەچن.

سێ: کورد لە جەلەولا و خورماتوو و ناوچەکانی دەوروبەریان ناچاری کۆچکردن نەبان و عارەب جێی نەگرتبانەوە.

چوار: ئەو ناوچانەی کە بە حیســاب کێشەیان لە ســەرە، سەربازیان بۆ نەهاتبا و چەکداری کورد لێیانەوە پاشەکشــەی نەکردبا و وەک کە یەکلایی نەبوونەتەوە، لەڕووی سەربازیشەوە بەلای دەسەڵاتی بەغدادا نەشکابانەوە.

پێنج: ئوسامە نوجێفی کوردی لە موسڵ نەهێشت و مادام لە ئەرکە شۆڤێنییەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بۆچی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز کرایەوە و ئیتر چاوەڕوان بە و ببینە لەو پلە باڵایەوە چی بە کورد دەکا!

پێویستیش ناکا باسی 19 خاڵەکەی کورد بکەین کە ئەویــش ژمارەیەکی دیکەیە و دیــزە بە دەرخۆنە دەکــرێ و کــەس بە لایــدا نەچوو، بە حیســاب ئەو حکوومەتەی مالیکی دایدەمەزرێنێ دوایی کاری بۆ دەکا. وەک زانراویشە یەک لایەنی عێراقی بۆ ئەو نۆزدە خاڵەی کورد ئیمزای نەخستووەتە سەر کاغەز! ئیتر ئەم کارە خۆکوژیەی کورد لە پای چی بوو؟! هەر بۆ ئەوەی بڵێن کورد مایەی چارەسەرییە نەک کێشە.

کورد تەنها پشــتگیری لە مالیکی نەکرد و عێراقی لە قەیران و مەترســی دابەشبوون دەرباز نەکرد کە لە بەرژەوەندی کــورددا دەبوون، بەڵکو دڵی داگیرکەرانی دیکەی کوردستانیشی خۆشکرد و لە کێشە و سەرهێشە و هەرای نێوان مەزەبەکان ئاســوودەی کردن. ئەدی بۆ کورد چی گۆڕا؟!

بۆ کورد ئەوەندە بەســە خۆشحاڵی تورکیا و ئێران ببینێ و بۆ ئەو ڕووداوانەی یانزەی نۆڤەمبەر ڕەشــبین بێ، ئیتر دیارە ئەنجامی ئــەو گۆڕانکاریانە ماڵوێرانی کوردە.

کە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە سیمای سەرکردەکانی خۆمانم دەبینی، ئەو کوردانەی ویلایەتی موســڵم بیر دەکەوتنەوە کە عێراقیان دامەزراند. هەروەها، ســەعید قەزاز و وەزیرە پلەباڵاکانی سەردەمی پاشایەتی عێراقم بیرکەوتنەوە کە هەوڵی بێوچانیان بۆ یەکپارچەیی عێراق دەدا و چارەنووسیشــیان ئەوەبوو دەســتی خۆیان و میللەتەکەیان لە بنی هەمبانەوە دەرچێ!

بەداخــەوە! هەتا ئێســتا نازانین چیمــان دەوێ. دەمانەوێ نەتەوەکەمان سەرفراز بێ یان کەسایەتییەکی کورد پلەی باڵا لە ناو دەسەڵاتی بەغدا وەرگرێ؟

بە داخێکــی گرانەوە! من لە ماڵەکــەی خۆمدا لە ماتەمیدام و خەڵکیش لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەبینم ئاهەنگ دەگێڕن و هەڵدەپــەڕن و پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن. ســەرۆک کۆمار کــوردە و ســوێندی خوارد دڵسۆزی یەکپارچەیی خاکی عێراق بێ و منیش سوێند دەخۆم دڵسۆزی یەکپارچەیی خاکی کوردستان بم! ئەو ڕێزدارانەی لە بەغــدا نوێنەرایەتی کورد دەکەن، لەوێن چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان سوێندیان بە خاکی کوردستان و خوێنی شەهیدان دەخوارد.

ئەم جــۆرە ڕەفتارانە هــەر کاری ئەمــڕۆی کورد نییە. کورد لەڕووی نەتەوەییــەوە پەروەردە نەکراوە و حیزبایەتی هەر بۆ ئــەوە بووە بە پێچەوانەی ئامانجی نەتەوەیــی هەنگاوی پێ بنــێ و کار بۆ خۆکوژی بکا. دروستبوون و بەهێزبوونی حکوومەتی عێراق چ سوودێکی بۆ کورد هەیە جگە لە مســۆگەرکردنی خەتی بازرگانی نێوان کوردستان و تورکیا کە هەمیشە ژەهری پێدا دێتە کوردستانەوە و نەوتی پێدا دەڕوا.

داخی گرانم بۆ شەشی ئازار و 24ی تەممووزی لۆزان و 24ی تەممــووزی پەرلەمان و ماددەی 140 و هەندێ ژمارەی نەفرەتی دیکە کە تایبەتین بە ماڵوێرانی کورد.

بەڵام با ئەوانــەی وەک من بیر دەکەنەوە بێهیواش نەبن: برینی نێوان شــیعە و ســوننەی عــارەب لەوە قووڵترە بە دوو بزەی ســەرکردەکانی کورد لەبیربکرێ و سارێژببێ. هەنگاوی یەکەمیان نا، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم چەوساندنەوەی هەزار ساڵەی شیعەکان بە ئاسانی لاکــەوێ و دارودەســتەی نجێفیش دەســبەرداری ئەو خێروبێرە هەزار ســاڵەیەی خۆیان نابــن. جا کورد با هەر دەســت لە مافەکانی خۆی بەردا. ئەگەر ئێســتا کورد دەست لە کەرکووکیش هەڵگرێ، وەک هەندێ لە نووسەرە بێخەمەکان پێشنیازی دەکەن، شیعە و سوننە شەڕی لەسەر دەکەن! هیوادارم سەرکردە سیاسییەکانی کورد بۆمانــی ڕوونبکەنەوە لەپێناوی چی ئەو ڕۆڵەیان بینی لە ڕێگرتن لە هەڵوەشانەوەی عێراق.

اللهم ادفع الظالمين بالظالمين!

خوایە شەیتان بکەرە ناوبژوانیان!

wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ



ژنانی ڕۆژئاوایی

# تەنیا بۆ ڕابواردن

هەریەکە لە ڕۆژئاواییەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست حوکمی پێشوەختە دەدەن لەبارەی یەکدییەوە. یەکێک لەو حوکمە پێشوەختییانە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەیدەن ئەوەیە کە ژنانی ڕۆژئاوایی شێت و شەیدای سێکسن و هێندە بێ کێشەن کە زۆر پێیان ئاساییە هەر ڕۆژەو لەگەڵ پیاوێکدا بچنە ناو پێخەفەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە پیاوانی کورد لە ئەوروپا حەزدەکەن بۆ ماوەیەکی کورت سێکسیان لەگەڵ ژنێکی ڕۆژئاواییدا هەبێت، بەڵام دواتر لەگەڵ ژنێکی کورددا هاوســەرگیری بکەن. زۆر پیاوی کورد وایدەبینن کە ژنانی ڕۆژئاوایی بەئاســانی خۆیان دەخەنە بەردەســتی پیاوان و کە هاوسەرگیریشیان کرد زۆر پیاوەکانیان کۆنتڕۆڵ دەکەن و باش چێشت لێنانێن و ناشتوانن منداڵ بەخێو بکەن. هەر بۆیە دواجار دەگەڕێنەوە لای ژنێک کە هاوکولتووری خۆیان بێت. چونکە ئەوان هەموو ئەو خەسڵەتانەیان تێدا هەن کە لە ژنە ڕۆژئاواییەکاندا نین.

لەگەڵ ئەوەشــدا پیاوانی کورد دەیانەوێ بەر لە هاوســەرگیری سێکسیان هەبێت لەگەڵ ژنە ڕۆژئاواییەکاندا. ئەوان هەم لە کوردستان و هەم لە ئەورووپاش بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێن، بەڵام لە ئەورووپا کارەکەیان ئاسانتر دەڕوات. چونکە لێرە بەر لە هاوسەرگیریش خەڵک سێکس دەکات و کەســیش باســی تۆڵەی نامووس و ئەو جۆرە شتانە ناکات. "کچە ئەورووپاییەکان" نیعمەتن بۆ پیاوانی کورد، بەر لە هاوسەرگیرییان!

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم وێنەیە وێنەیەکی ڕاست نییە. چونکە هەموو کچێکی ڕۆژئاوایی وا نییە کە بیەوێت بەردەوام لەگەڵ کەسی جیاجیادا سێکسی هەبێت، هەروەها زۆر کچی ڕۆژئاواییش تاوەکو بەر لە شووکردن سێکس ناکەن. واتە ئەو حوکمدانە پێشوەختەیە دەربارەی کچانی ڕۆژئاوایی ڕاست نییە. لە هۆڵەنداش ئەگەر کچێک بەئاسانی لەگەڵ هەر کوڕێکدا بچێتە ژێر پێخەفێکەوە وەک "ســۆزانی" ســەیری دەکرێت و کەس ئامادە نییە پێوەندییەکی ئەڤینداریی ڕاستەقینەی لەگەڵدا ببەســتێ. واتە نابێتە ژنێک کە پیاوان بەئومێدی پێکەوەنانی ئایندەیەک بن لەگەڵیدا. هەروەها هەندێک لە کریستیانە ئۆرتۆدۆکسەکان دژی هەبوونی سێکسن بەر لە هاوسەرگیری.

لەبەرئەوەی هاوڕێی کوردم زۆرن، زۆرجار گوێم لەو دووفاقییە دەبێت کە ئەوان لە بیرکردنەوەیاندا دەربارەی ڕەوشت هەیانە. هەروەها کاتی خۆیشی کە کارم بۆ ڕێکخراوێکی پەنابەران دەکرد، زۆرجار هەســتم بەو دووفاقییە دەکرد کە لەنێو هەندێک خەڵکی دیکەی ناکوردیشدا هەبوو. لەوێ ژنانی کورد و ئێرانی و ئەفغانی ڕەخنەیان لەوە دەگرت کە بۆچی دەبێ ژنان کچێنییان لەدەستنەدەن، بەڵام بۆ کوڕان ئەوە ئاساییە کە پێشتر سێکسیان هەبووبێت. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی ڕێسا ئایینییەکان لەوبارەوە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان کوڕان و کچاندا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو جیاوازی پێکردنە زۆرتر پێوەندیی بە کولتووری شەرەفپارێزانەوە هەیە نەک بە ئایینەوە.

لەنێو هاوڕێ کوردەکانی مندا هەن کە بۆ ماوەیەکی کورت سێکســیان هەبووە لەگەڵ کچێکی هۆڵەندیدا. ئەوەیش لەکاتێکدایە کە ئەو کچە هۆڵەندییەش هەست و سۆزی هەیە و حەزی لەوەیە پێوەندییەکــی ئەویندارییی هەبێت. هەمان ئەو هاوڕێیانەم ئەو کارە لەگەڵ کچێکی کورددا ناکەن. هەندێــک لە گەنجانی کورد هەوڵدەدەن کچێکی کورد قایل بکەن کە لەگەڵیاندا بخەوێت، ئەویش بەوەی کە بەڵێنیان دەدەنێ هاوســەرگیرییان لەگەڵدا بکەن. بــەڵام هەر کە پەردەی کچێنییان لەدەستدا، پوولێکیان پێوەدەنێن و چیدیکە لەبەرچاویان ئەو خانمە نازدارانە نامێننەوە کە پێشتر بوون. مەســەلەی هەبوونی پەردەی کچێنی پرســێکی گرنگە. گەنجانی کــورد خۆیان زۆرتر لە پێوەندییەکی ســۆزدارییان هەبووە، بەڵام حەزناکەن هاوسەری ئایندەیان زۆرتر لە پێوەندییەکی هاوشێوەی هەبووبێت. ئەمەش پێوەندی بە موسوڵمانێتیی ئەو گەنجانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەو کولتوورەوە هەیە کە پێی گەورەبوون و وایلێکردوون کە ئاگایان لە "شەرەف"ی خۆیان بێت. چونکە پیاو ئەو پیاوەیە کە پیاوەتیی خۆی بســەلمێنێ! هەر بۆیەشە زۆرجار ئەو گەنجانە وا لە پیاوی ڕۆژئاوایی دەڕوانن کە زۆر ژنانین و ناتوانن سەرنجی ژنی ڕۆژئاوایی ڕابکێشن.

هەندێک لەو ژنە فێمینیستانەی بڕوایان بە شتی وەک "یەکسانی مافەکانی نێوان ژنان و پیاوان" هەیە، دەیانەوێ ئەو ڕەوشــە بگۆڕن. ئەوان دەڵێن یا دەبێ پیاووژن بەیەکەوە قەت سێکســیان نەکردبێ، یان دەبێ ئاسایی بێت کە هەردووکیان کردبێتیان. ئەوانە تەنیا قسەی جوانن و ناتوانن ئەو کولتوورە بگۆڕن کە ساڵەهایە لەنێو هەندێک گەلدا هەیە. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە کەسەکە چیدیکە لەگەڵ هاوکولتوورەکانی خۆیدا هاموشۆی نەمێنێ. هەڵبەت لەو ناوەندەدا حاڵەتی ناوازەش هەن. بۆنموونە فوئاد حوسێنی سیاسەتمەدار لەگەڵ ژنێکی هۆڵەندیدا هاوسەرگیری کرد و منداڵیشی لێی هەیە، زۆریش شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات و ئێستا لە کوردستان کاردەکات. هەروەها زۆر پیاوی دیکەیش هەن کە لەگەڵ ژنێکی ئەورووپاییدا هاوسەرگیریان کردووە و هەرواش ئێستا لە کوردستان دەژین. کاتی خۆی هەفتەنامەی ڕووداو بەهۆی بڵاوکردنەوەی شیعرێکی ئیرۆتیکییەوە درایە دادگا. ئەوەیش دەیســەلمێنێ کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا قســەکردن لەسەر سێکس و ژنان هێشــتاش ماوەیەتی بگۆڕدرێت، یان هێشــتا لە قۆناخی ژێراوژێرانە قسەلەسەرکردن دەرنەچووە. بەڵام بەهۆی کاریگەریی ڕۆژبەڕۆژی سیســتمی سەرمایەداری بەسەر کوردستانەوە ئەو ڕەوشەش گۆڕانی بەســەردا دێت. هەروەها هاتنی زۆربوونی زیاتری ڕۆژئاواییەکان لە کوردســتان وادەکات کــە کولتوورەکە گۆڕانکاری زۆرتری بەســەردا بێت. لە ئەورووپــاش هەروایە. هاتنی کۆچبەران و بەتایبەتیش موسوڵمانان وادەکا لێرەش بەها و نەریتەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت.

دەیڤد ڕۆمانۆ *



# پیرۆزبێت عێراق!

ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە سەردەمی دیکتاتۆری و شۆڤێنســتی عــەرەب و چەوســاندنەوەی کوردســتان، دەبێ ئێمە هەموومان پشتوانی لەجیابوونەوەی کورد بکەین بۆ بەدەستهێنانی ســەربەخۆیی تــەواو. دەوڵەتی عێــراق هیچ پێکهاتەیەکــی پیــرۆز نییە، تەنیــا ئەوکاتە پێویســتە بمێنێتەوە ئەگەر ســەرکەوتووبوو لەدابینکردنی پێداویســتییەکان و ئاواتەکانی خەڵکەکەی. هەتا ئــەو کاتەی (عێراقی نوێ) ڕێز لە ئۆتۆنۆمی کــوردی بگرێت و هەوڵبدات دەســتوورەکەی پەیڕەو بکات، ئەوا هەوڵدانی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی تەواو، کارێکی هەڵەیە.

لەکاتێکدا من لەهەســتە بەهێزەکەی کورد تێدەگــەم بۆ دروســتکردنی دەوڵەتی خۆیان (چونکە منیــش خەڵکی هەرێمــی کیوبیکم لەکەنــەدا)، دەبێ ئێمە بیر لــەوە بکەینەوە بۆچــی نەتەوەکان هەمیشــە بــەدوای خاکی خۆیاندا دەگەڕێن. بۆ ئەوەیە تاوەکو هەســت بەسەقامگیری بکەن و بۆ ئەوەی "ئاغای ماڵی خۆیان بن". دەتوانن بەشێوازی کولتووری خۆیان بژین و بەئازادی بەدوای خوێندن و زمان و کاری خۆیاندا بڕۆن. زۆربەی کات سەرکردەکانی ئەو نەتەوانــەش بەرژەوەنــدی تایبەتیان لەوەدایە ســەربەخۆیی بەدەســتبێنن و بەپیشاندانی ئاواتــە نەتەوەییەکانیان، هێمای پێویســتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەرزدەکەنەوە.

هەرێمــی ئۆتۆنۆمی کوردســتانی عێراق، لەمێــژە ئەو ئازادیانەی هەیــە. بۆچی هەموو ئەو دەستکەوتە مەزنانە دەخەنە مەترسییەوە؟ کە بەهۆی چەند بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراو لەســاڵانی 1991 و 2003، بەدەســتهاتوون. هەروەها مانەوە لەنێو عێراقدا، ســەقامگیری و ئاسایشــی کوردستان باشتر دەکات. لەگەڵ بوونی هێزی پێشمەرگە، کوردانی عێراق دەتوانن سوپای نیشتمانی وڵاتەکەش بانگ بکەن، ئەگەر ڕۆژێک دووچاری هەر مەترســییەکی دەرەکی بوونەوە. کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ نزیکەی 4 ملیــۆن کورد، هەرگیز ناتوانــێ ڕووبەڕووی زلهێزەکانی ناوچەکــەی وەک تورکیا و ئێران ببێتــەوە، تەنانــەت نیمچــە زلهێزێکی وەک سووریاش.

بوونــی ڕۆڵێکی بەرچاو لەبەغــدا و لەگەڵ ئەوەش کوردەکانی عێراق پێویستە بەشێوەیەک مامەڵە و قســە بکەن کە بەشێکن لە وڵاتێکی نزیکەی 30 ملیۆن کەســی و بەوهیوایەی کە دڵنیابــن لــەوەی جارێکی دیکــە بەغدا وەک دووژمن تەماشایان ناکاتەوە.

هەنــدێ کــورد، بەتایبەتــی ئەوانەی لە تاراوگەن، کوردستانی سەربەخۆیان دەوێت لە "باشــووری کوردستان"، تاوەکو ڕۆژێک بێت و داوای مافەکانــی کوردەکانی تورکیا، ئێران و ســووریا بکات. لەکاتێکدا دەنگێکی هاوڕێیانە بۆ کورد لــە نەتەوەیەکگرتــووەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی دیکەی نێودەڵەتی شتێکی خراپ نییە، بــەڵام ئایــا دەوڵەتێکی کوردی قۆرخکراو دەتوانێ چ بکات بۆ براکانی لە وڵاتانی دراوسێ، بێجگە لەوەی بوونی خۆیشی دەخاتە مەترسییەوە؟ دەنگێکی پتەوی عێراقی ڕەنگە زۆر باشتربێت لەو داوودەزگایانە. هەروەها پان-کوردیزمەکانیش دەبێ بەئــاگاوە ئاواتەکانیان دەرببڕن. بێجگە لەمەش، هەوڵدان بۆ کارێکی مەترســیداری وەک یەکگرتنــەوەی هەمــوو کوردستان، شتێکی نەگونجاوی شێتانەی لەو شێوەیە و ئەگەر دروستیش بوو، تەنیا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی ناوخۆیی: ئایا چینی بژاردە لەو بەشــانەی کوردستان، کە کولتوور، مێــژوو، ئەزموونی سیاســی، دیالێکت و هەتا نووسینیشیان جیاوازە، لەیەکەیەکی سیاسیدا جێیاندەبێتەوە؟ شەڕی ناوخۆی 1994–1998 لە هەرێمی کوردستان هیچ نابێت لەچاو شەڕی ناوخۆی کوردستانێکی یەکگرتوو.

لەڕاســتیدا، باشــترین کار کە کوردەکانی عێــراق ئەنجامی بــدەن و یارمەتیدەر بێت بۆ خۆیان و کوردانی دیکەش لە وڵاتانی دراوسێ و، ئەوەیە کە عێراقییەکی باش بن لەکوردستانێکی ئۆتۆنۆمدا. دەوڵەتێکی عێراقی ســەرکەوتووی فــرە نەتەوە، ڕەنگــە پەیامی ئــەوەش بەرز بکاتەوە کە نەتەوەپەرستی لە وڵاتانی دراوسێی عەرەبی، تورک و فارس، بەبێ هیچ هۆکارێک، فرەنەتەوەییان کوشتووە.

لەلایەکی دیکەوە، جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، تەنیا دووپاتکردنەوەی ترسەکانی وڵاتانی دراوسێیە. ئەوان لەکۆتاییدا دەڵێن بەخشینی ئینجێک بە کورد، ئەوان (کوردەکان) دەیکەنە میلێک. پرۆسەی ڕیفۆرم لە تورکیا دەچەقێت و لەتاران و دیمەشقیش دڵنیا دەبن لەوەی کە سیاسەتی شۆڤێنستی زیاتر بەکاربێنن.

لەبەرئەوەی کاتێک ســەرکردە کوردەکانی وەک جەلال تاڵەبانی خۆی بەعێراق دەناسێنێ و کاتێک مەسعود بارزانی هەوڵێکی زۆردەدات بــۆ پێکهێنانــی حکومەتێکی گشــتگیر و کاتێکیش وشــیار زێباری وەزیــری دەرەوەی عێــراق هەوڵدەدات نوێنەرایەتــی بەرژەوەندی گشــتی عێراق بکات، نابــێ ڕەخنەی ئەوەیان لێبگیرێ کە نیشتمانپەروەری کوردییان لەبیر کردووە. لەجیاتی ئەوە، پێویستە خەڵکەکەیان خۆشــحاڵبن بــەوەی کــە سیاســەتمەدارە بەئەزموونەکانیــان تێگەیشــتوون لــەوەی بەرژەوەندی ڕاســتەقینەی کوردســتان، لەم سەردەمەدا، لەکوێدایە. هەروەک چۆن دەوڵەتی عێراق پێکهاتەیەکی پیرۆز نییە. نابێ دەوڵەتی کوردیش ببێتە خولیایەکی نیشــتمانی. دەبێ بوونی دەوڵەت لەو ڕوانگەیەوە تەماشا بکرێت کە ڕێگایەکی قورسە بەرەو کۆتایی هاتن: بۆچی باج دەدەی و خۆت دەخەیە مەترسیەوە، ئەگەر پێویســتی نەکرد؟ لەگەڵ ئەوەی کارێکی زۆر گرانە، بەڵام پێویستە کورد هیوای داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ عێراقی نوێ بخوازێت، عێراقێک کە ئەوانیشی تێدا بێت.

***دەیڤد ڕۆمانۆ، پرۆفیســۆری سیاســەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســتە لە زانکۆ ولایەتی مزووری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد) لە ســاڵی 2006. ئەم وتارەی بە تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**

کامەران قەرەداخی*
karadaghi@gmail.com



# قەیرانی حکومەت بەرەو کۆتاییە بەڵام دەرئەنجامەکانیش ماون

شــاراوە نییە کە ئامانجی زۆربەی دەستتێوەردانە دەرەکییــەکان لەکاروبــاری عێــراق ڕێگەگرتنــە لە پەراوێزکەوتنی سوننە، بگرە پشتیوانیکردنیشیان تا ئاستی گەیشتن بە پێگەی هەرە بەهێزی نێو حکومەت، واتە سەرۆکایەتی حکومەت و لەگەڵیشیدا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان وەک ئەوەی لەدەســتووری عێراقدا هاتووە. لەوانەبــوو ئەم دەســتتێوەردانانە هەندێک مایەی قبووڵ بان ئەگەر زێدەڕۆیی تێیاندا نەگەیشتبایە ئاستی لەپەلوپۆخســتنی بارودۆخەکە و ئاڵۆزکردنی کەشــوهەواکە کە بوونە هۆی دەمارگیری لایەنەکانی بەرامبەر و زیاتر ئاڵۆزکردنی ڕەوشەکە. بێگومان ئەم زێدەڕۆییە ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبوو لە بێتواناکردنی عێراقییەکانــدا لەپێکهێنانی حکومەت پاش تێپەڕینی زیاتر لەحەوت مانگ بەســەر هەڵبژاردنەکاندا. هەموو ئەمانــە پرســیارێک دێننە ئارا لەبــارەی ئەو زیان و قازانجەی لەم زێدەڕۆیی دەستتێوەردانە کەوتوونەتەوە.

ئامانج لەم وتارە ڕۆچوونە نێو وردەکاری ڕێککەوتنی قەوارە دانوستاندنکارەکان نییە لەو دانیشتنەی پێنج شەممەی ڕابردوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و ســەرۆک کۆمار دەبێ بەڕێوەچووبێت کە دەبێ تێیدا سەرکردەی گەورەترین قەوارە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاســپێردرێ. ئــەم دێڕانە پێش ڕۆژی پێنجشــەممە دەنووســرێن. بەم حاڵەوە ناکرێ سەرکێشی بکەین و بەدڵنیایی تەواوەوە هیچ شتێک بڵێین مادام گردۆڵکەی لمینی سیاســی لەعێراق زۆر بەخێرایــی دەجووڵێ، بەم مانایەش هەڵوێســتەکان بەگوێرەی ئاراســتەی ئەم گردۆڵکانە دەگۆڕێن. بەڵام هیچ سەرکێشــییەک لەوەدا نییە کــە بڵێین زێدەڕۆیی لەدەســتتێوەردان بەقازانجی سوننە بڕێک هەڵە لەخوێندنەوەو لێکدانەوە لەخۆدەگــرێ، چونکە هــەر زێدەڕۆییەک لەســایەی بارودۆخــی ئێســتای عێراقدا و بەقازانجــی ئەم یان ئەو لایەن، ڕەنگە لەجیاتــی چنینەوەی قازانج زیانی بەدواوەبێت. ئەم قســەیە لەم دۆخەی ئێستادا زیاتر لەسەر سوننەو لەسەر پشتیوانانیان جێبەجێ دەبێ کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لە یاساکانی ئەم گەمەیــەی عێراقی نوێ تێبگەن. ئامانج لێرەدا دانانی هەندێ خاڵە لەســەر هەندێ پیت و ناونانی شتەکانە بەناوی خۆیان.

ڕەنگە هەڵەی یەکەم لەو مامەڵە وشــک و ڕەقەوە دەستپێیکردبێت کە لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئاداری ڕابردوو کرا، کاتێک پێداگیری لەسەرئەوەکرا کە بردنەوەی زۆرینەی کورسییەکان لەلایەن لیستی عێراقییە مافێکــی ڕەهای دەداتێ بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەم هەڵوێستە وشکە بووە هۆی لەبەرچاونەگرتنی هەندێ ڕاســتیی دیکە کە ئەم تێگەیشتنەی بەتاڵ دەکردەوە بەبێ ئــەوەی پێچەوانەی دەســتووریش بێت، وەک ئەوەی کە دادگای فیدراڵی گوتی "گەورەترین قەوارە" دەشــێت ئەو قەوارە پەرلەمانییــەش بێت کە پاش هەڵبژاردن پێکدێت. دوو لیستەکەی (دەوڵەتی یاسا) بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی و (ئیئتیلافی نیشتمانی) بەســەرۆکایەتی عەممار حەکیمیــش هەروایان کردو هەردوولا لەژێر چەتری (هاوپەیمانیی نیشــتمانی)دا کۆبوونەوەو بەوەش 75 کورســی پێــش (عێراقیە) کەوتــن کە 91 کورســی هەبوو. ئەمــەش یەکەمین زیان بوو بەر ســوننە کەوت، چونکە ئەم هەڵوێستەی عێراقییە بووە هۆی یەکخســتنەوەی شیعەکان لەیەک قەوارەدا، لەکاتێکدا پێشــتر بۆ دوو قەوارەی ڕکابەری یەکدی دابەش ببوون.

ڕەنگە لۆژیکیتر ئەوە بووایە کە لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیە نەرمتر ڕەفتار بکرێ مادام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە (عێراقییە) هیچ هەلێکی ڕاســتەقینەی لەپێش نییە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو زۆرینە پەرلەمانییەی بۆ پێکهێنانی حکومەت پێویســتە. دەبێ لەبیریشمان نەچــێ کە ئەمــە بەمانای گرتنەبەری پرەنســیپی زۆرینەی حاکم و کەمینەی ئۆپۆزیسیۆن نییە مادام هاوسەنگیی نیشتمانی لەسایەی بارودۆخی ئێستای عێراقدا هێشــتا وادەخوازێ کە حوکمڕانی لەســەر بنەمــای تەوافوق بێت، هەر ئەمەشــە هۆی ئەوەی کە هیچ کام لە قەوارە سیاسییەکان پێیانخۆش نییە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینن.

ئەوەی تائێرە باسمانکرد دەمانباتە سەر هەڵەی دووەم کە وای گریمانە دەکەین خۆی لەتەرکیزکردن لەســەر ئەیاد عەللاوی دەبینێتەوە. واشــدادەنێین کە پشتیوانیکردنی ڕەهای عەللاوی بەمانای پشتیوانیکردنی ڕەهای سوننەو بەرژەوەندییەکانی سوننەیە.

ئەم هەڵوێستە تێگەیشتنێکی کەموکوڕ ئاشکرادەکات لەحەقیقەتــی ئەو هێزانــەی لەگەڵ عەللاویــدا بەیەک لیســت چوونە هەڵبژاردنەوە. (عێراقییە) بەپێچەوانەی (دەوڵەتی یاســا) کە مالیکی تێیدا سەری هەرەبەهێزە، بەوە جیادەکرێتەوە کە چەندین سەری هاوهێز و یەکسانی هەیە. ئەمەشــە هۆی ئــەوەی کە لە دەوڵەتی یاســادا گوتەبێژەکان یەک جۆر قسەدەکەن، بەڵام لای عێراقییە ئەمە نابینین.تەنانەت بەرژەوەندی سوننە خۆیشی لەنێو ئیئتیلافی عێراقییەدا فرە ئاراستەیەو هەر ئاراستەیەکیش سەرکردەی بەهێزی خۆی هەیە لەنێو لیستەکەدا: ئوسامە نوجێفی و ساڵح موتڵەگ و سەلام زەوبەعی و ڕافع عیساوی ئەوانیدی، ئینجا عەللاوی لەنێو ئەمانەشدا خاوەنی قەوارەی هەرە گەورە نییە. هەرچەندە عەللاوی خۆی شــیعەیەو ســوننە نییە، بەڵام گرنگییەکەی بەلای سوننەوە خۆی لە باکگراوندی عەللاویدا دەبینێتەوە وەک کەسایەتییەکی قەومی و بەرهەڵســتکاری لەمێژینەی سەددام حوسێن و دواتر دەرکەوتنی وەک یەکەمین سەرۆک وەزیرانی عێراقی نوێ و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ زۆرینەی سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکەو تەنانەت لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتیش، کە ئەمانە سیفەتی گرنگن و هۆکاری ئەو پشتگیرییە بەهێزەی وڵاتان بەدیاردەخەن کە وایکردووە چ لەنێو عێراقییەو چ لەسەر ئاستی دەستەبژێری سیاسی عێراقیش پێگەیەکی بەهێزی هەبێت. ئەوانەش بێگومان سەرباری ئەوەی کە سەرۆکایەتی لیستێک دەکات زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردووە. بەڵام هێشتا حەقیقەتە هەرە گرنگەکــە دەمێنێ، ئەویش ئەوەیــە کە عەللاوی مەرجەعیەتی هەرە بەهێزی نێو ئەو لایەنانە نییە کە لەنێو عێراقیەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی سوننە دەکەن. هیچ گومان لەوەدا نییە قەیرانی پێکهێنانی حکومەت کە ئــەو هەموو کاتەی بردو ئەو هەموو هەوڵ و وزەیەی تێدا خەرجکرا، بەهۆی زێدەڕۆیی نابەرپرسانەی دەستتێوەردانی دەرەکی بوو کە تامێکی لەزاراندا بەجێهێشت بەم نزیکانە ناڕوات.

قەیرانی پێکهێنانی حکومەت بەرەو چارەسەرە، بەڵام کاریگەرییــە لاوەکییەکانی و دەرئەنجامەکانی داهاتووش ماون کە کەم نین چ لەسەر ئاستی گرووپ و کەسایەتییە عێراقییەکان لەنێو خۆیاندا یان لەنێوان ئەوان و دەرەوەی دوور و نزیک. مەگەر هەر خودا بزانێ عێراق چەندە هەوڵ و وەختــی دەوێ تا ئــەو دەرئەنجامانەش تێدەپەڕێنێ. ئەمەیان تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتەو لەسەر دەستەبژێری سیاســی عێراق پێویستە بەرپرســیارێتی ئەنجامدانی لەئەستۆ بگرن. ئاخۆ سەردەکەون؟

***کامەران قەرەداخی، ئەم گۆشەیە بە عەرەبی لە ڕۆژانی یەکشەممەدا لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی بەریتانیدا بڵاودەکاتەوە و ڕۆژی دواتر وەرگێڕدراوە کوردییەکەی بە ڕێککەوتن لەگەڵ نووسەر لە (ڕووداو)دا بڵاودەکرێتەوە.**

